مافی ژنان: لە نێوان هێکشان و داکشان، ژنانی عێراقی لە چاوی زریاندا.. شیرین عەبدوڵا

لە کاتێکدا کێشەکانی ئەمساڵ بەردەکین و نزیک دەبینەوە لە ساڵی نوێ (٢٠٢٦)، دەبینین هێواردن و دابەشکاری و نایەکسانییەکان لە گۆشە کردندان لە نێو چێندین قەیران و بەرزبوونەوەی شەپۆلی کۆنەپەرستی لە جیهانێکدا کە بە چەسپاندنی بادەستی پیاوان دیزاین کراوە. مافی ژنان و گرووپە پەراوێزخراوەکان لە سەرانسەری جیهاندا ڕوو لە دابەزینە، ئەو دەستکەوتانەی بە خەبات بەدەست هێنراون کەوتوونەتە بەرهەرش و تا دێت دەوڵەتە بورژوازییەکانیش زیاتر و زیاتر لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان دەکشێنەوە. ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ هوشیاربوونەوە بۆ ناچێگیری مافەکانمان و ئاسانیی لەدەست دانیان. لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی خەباتی بەردەوام و ڕێگاریخوازانەی ژنانەوە، لەبەر و لەوە تیشکی هیوا بۆ گەشانکاری و پێشکەوتن دەدرەوشێتەوە.

لەبەرئەوە چێند نموونەیەک لە پاشکۆ و دەستکەوتەکان دەخەینەڕوو، پاشان تیشک دەخەینە سەر بارودۆخی عێراق، کە ڕێنگە پەسەندکردنی پاکێجی ئەحکامە شەرعییەکانی جەعفەری (المودەوونە) لە (٢٨)ی ئابی (٢٠٢٥)دا گەورەترین و مەترسیدارترین هەرش بێت بۆ سەر مافەکانی ژنان، نەک تەنها لە عێراقدا، بەڵکو لە سەرانسەری ناوچەکە.

- لە لاتقیا، پەرلەمان لە (٣١)ی ئۆکتۆبەر دەنگیدا بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتننامەی ئەستەنبوڵ بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان.
- لە گامبیا هەوڵ هەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێینە کە لە مانگی بە کاربووە.
- لە مانگی حوزەیرانی (٢٠٢٢)، دادگای باڵای ئەمریکا بەیاری (ڕۆ -دژی -وەید)*ی هەڵوەشاندەوە، بەمەش پارێزگاری دەستووری لە هەموو ژنان سەندەوە سەبارەت بە لەباربردن و چاودێری پزیشکی ڕزگارکەری ژیان، هەروەها زەرەک لە ژنان و پشکشکەرانی خزمەتی لەباربردنی منداڵ ووبەووی لەپێچینەوەی یاسایی و تەمەتباری کردەوە. دایک و باوکان

بەهەی یارمەتیدانی کچەکانیان بۆ دەستگیشتن بە چاودێری تەندروستی ووبووی تەمەت دەبنووە. لێپرسینووەی یاسایی و تاوانبارکردنی ژنانی دووگیان بە هۆژیەکی مەترسیدار زیادی کردووە.

لە بڕامبڕدا:

- لە (٢٥)ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبڕی (٢٠٢٥)، پڕڵەمانی ئیتاڵیا یاسایەکی نوێی بە فەرمی دەرکرد کە ژنکوژی لە یاسای سزادانی وڵاتەکەدا جێگیرکرد و سزای زیندانی هەتاهەتایی پێسند کرا. دەنگدانەکە هاوکات بوو لەگەڵ هۆژی جیهانی نەهێشتنی تووندوتیژی دژی ژنان.
- لە بڕیتانیا، لە کۆتایەکانی مانگی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبڕی ئەم ساڵەدا، دادگای باڵا بڕیارەکی لەمەڕینەی دادگای خڕانی هەووشاندووە، کە تیایدا تووندوتیژی خڕانی لەنووان دایک و باوکدا بە پێووندیدار لەگەڵ مەترسی بۆ سەر منداڵەکانیان نادەبینرا. ئەمەش دەستکەوتەکی بڕچاو بوو بۆ ئافرەتان و منداڵانی بڕکەوتەی تووندوتیژی خڕانی بوون. ئاپڕتەکی ئەم دواییەی کەمیساری تووندوتیژی خڕانی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لە (٨٧٪)ی ئەو کەیسانەی کە خراوەتە بەردەم دادگای خەڵان، تووندوتیژی خڕانی هەکارەک بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنها لە (٤٢٪)ی کەیسەکاندا بە پێووندیدار بە بڕیارەکانی سەرپڕشتیکردنی منداڵان دانراوە.

لە عێراقدا خودی ئەو مودەوەنەیەی کە پڕڵەمان پەسندی کرد، واتا (پاکێجی ئەحکامی شەرعییەکانی جەعفەری) گوزارشە لە دوژمنایەتی دەسەڵاتداران بڕامبڕ بە ژنان و پەداگریان لەسەر پڕاوێزخستنیان و چەسپاندنی هۆژموون و کۆنترۆڵکردنی پیاوان و ئاسایکردنەوەی تووندڕەوترین شێوەکانی تووندوتیژی دژی ژنان و منداڵان بە مەبەستی سەپاندنی ئاجێندای سیاسی کۆنەپڕستانەی خۆیان.

ئەم دوژمنایەتیە تەمان دەگەیەنێت کە بۆچی یاسای تووندوتیژی خڕانی بە زیاد لە ١٠ ساڵ لە ناو پڕڵەماندا بەنەو بڕەی پە دەکرێت!

جگە لەوەش، شێوازی تێپەڕاندنی مودەوەنەکە، لە لایەکی وتنەکی سە لایەنە لە بەینی قەوارە سیاسییە تائیفی و ناسیۆنالیستەکانی ناو دەسەڵات، دەربڕینکی ئاشکرایە لە سروشتی پیاوسالاریی تووژی سیاسی دەسەڵاتدار و میکانیزمەکانی دامەزراوەکانیان، کە لەسەر بنەمای سازان و بڕژەوەندی هەر

فراکسیۆنێک لەسەر حیسابی چاکەی گشتی کاردەکەن.
هەروەها، پشتگوێخستنی نیمچە تەواوی میدیای جیهانی و ناوخۆیی لە تووڕەیی و نائازایەتییەکانی خەڵک بەرامبەر بە هەموارکردنەکە و مودەوونەکە بەگڵۆبە لەسەر هادەی ئاکۆشانی ئای گشتی بە دژی ژنان و ئیسلامی هاوبەشیی دژگاکانی ئاگۆیاندن، کە سوودی دارایی لەو لایەنانە وەردەگرن کە بەرژەوەندییەکانیان بەستراوەتەوە بە ئەجێندای ئیمە دەسەڵاتدارەکان کە کۆنترۆڵی بەیاردانی سیاسی دەکەن لە عێراق و ناوچەکەدا.
دوای کەمتر لە سێ مانگ لە دەرکردنی ئەم یاسا دەندانەیە دژی نیوەی کۆمەڵگا، هەمان پەرلەمانی پیاوسالار، هەڵبژاردنەکی ئەنجامدا. ئەم هەڵبژاردنە کە بە دەوری خۆشی لەسەر بنەمای سازان و دابەشکاری قەومی و تائیفی و حیساباتی فراکسیۆنە پەرلەمانییەکان و دابەشکردنی ئیمتیاز و تاڵانی غەنیمەکان دامەزراوە، نەک هەر هیچ پەیوەندی بە بەرژەوەندی و چارەسەری ئازارەکانی خەڵکەوە نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا بە ئەوە دانراوە کە ئیرادەیان لە بستێنەتەوە و لە ڕەگەی پارە و چەکەوە ملکەچیان بکات و بەم جۆرە درێژە بە سیستەمەکەی بدات.
یەکێک لە تایبەتمەندیە دیارەکانی ئەم هەڵبژاردنە لە خزمەتی کەنەپەرستیدا، زیاتر جیگیر کردنی ستەمکاری بە دژی ژنان و بەردەوامدان بە یاسای ئەحکامی جەعفەری بوو.
شایانی باسە کە ئەم هەڵبژاردنە، وەک هەڵبژاردنەکانی پێشوو لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە بەبەش نەبوو لە نوێنەرایەتی ژن. ژنان لە دوای ئەنجومەنی حوکمڕانی ئینتقالییەوە بەشداریان کردووە، کە بە بڕیاری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانی بە سەرکایەتی پۆڵ بریمەر پێکهێنراوە و لە کەی (٢٥) ئەندام سێ (٣) ژنی تیابوو. دوای دوو ساڵ و لە ساڵی (٢٠٠٥) دەستووری عێراق پەسەند کرا، کە (٢٥٪)ی کورسییەکانی پەرلەمانی بە ژنان تەرخانکرد (سیستەمی پشکی ژنان)؛ ئەمەش بەو مانایەیە کە لە کەی (٣٢٩) کورسی (٨٣) کورسی بە ژنان تەرخانکراوە.
دوابەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٢١)، کەناڵی جەزیرە نەت بابەتێکی بەناونیشانی "لە پشینەیەکی بەرچاودا… بەم شێوەیە ژنان هەڵبژاردنی عێراقیان سەرسام کرد" بڵاوکردەوە و ووتیکردەوە "سەرنجڕاکێشە ئەو هەموو ناکۆکییانەی سەبارەت بە ئایندەی ژنانی عێراق هەیە، هەمووان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لە هەڵبژاردنی ئابردوودا پشکۆتنێکی بەرچاویان

بەدەستهێناوە". لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٢١)دا (٩٧) ژن بە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردران، کە بە ڕێژەی (١٤) کورسی پشکەکانیان زیاتر بوو، هەروەها سێ پێستی وەزاریان دەستەبەرکرد کە بریتین لە دارایی، پەیوەندییەکان و کێچ.
بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە ئەوەیە کە ئەم بڕشداریکردن و نوێنەرایەتیکردنەی ژنان لە ڕووبەرێکی درێژ و فریودەر زیاتر نەبووە. بوونی زۆرینەی ژنان لە پەرلەماندا بە پلەی یەکەم ئامرازێک بووە بۆ پێکردنەوەی پێستە بەتاڵەکان و دامەزراندنیان بۆ خزمەتکردنی ئەجێندای قەوارە سیاسییەکان، تەنانەت ئاگادار ئەو ئەجێندایانە لاگۆ پرس و بۆچوونەکانی ژنانداناکەکیش بن. ڕوونترین بەڵگەی ئەمە ئەوەیە کە ئەم "پێشکەوتنە گەورەیە" نابووە هۆکەی دیاریکراو بۆ تێکردنەوەی یاسای جەعفەری یان تەنانەت چێسپاندنی یاسای توندوتیژی خێزانی. ئاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ژنە پەرلەمانتارەکان داببش بوون بەسەر دوو بڕشدا کە بڕشکیان بەرگری لە مافەکانی ژنان دەکەن، و بڕشکەی تریان بە پێشخستنی دەسەزی بە حزب و خێڵ و نەتەوە و ئایین، دژایەتی مافی ژنان دەکەن.
پەرلەمانتار جەمیلە عوبەیدی مشتومڕکی بەرفراوانی لە کۆمەڵگەی عێراقدا دروستکرد، بە بانگەوازی هەمەتەک بۆ هاندانی فرۆشنی و تێکردنەوەی کەلتوری تاکژنی، بەو پێیەی ئەو پێشنیارە سوود بە ژنانی جیابووەوە و بەوژن دگەیەنێت کە لە شێدا مێردەکانیان لەدەستداوە. ئەو پەرلەمانتارە داوای دەرکردنی یاسایەکی "بۆ پاراستنی ژنانی ئازادی عێراق و چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە" کرد لە ڕێی دابینکردنی هاندانە دارایەکانی وەک دەرماڵە و باج بۆ هاندان و هاوکاریکردنی پیاوان بۆ هاوسەرگیری لاگۆ "هەموو بەوژنەک و جیابووەوەیەک"، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە "سەختی دارایی یەکێکە لەو هەکارانەی کە ڕێگری لە هاوسەرگیری لاگۆ زیاتر لە یەک کەس دەکات". ئەو ژنە پەرلەمانتارە پاپشتیەکی بەرچاوی لەلایەن بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە وەرگرت، هاوکات ڕووبەووی ڕەخنەی هەندێک لە هاوپیشە ژنەکانی بووەوە. پێشنیارەکەی لەو کاتەدا لە سەشیال میدیادا شەپۆلێکی توڕەیی و گاڵتەجاڕی لێکەوتەوە، کە بە "سوکایەتیکردن بە ژنان" دانرا.
ژنە پەرلەمانتارمان بیستووە کە بانگەشەی هەڵبژاردنیان لەسەر بنەمای هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی بوو بە

لابردنی مەرجی ڕەزامەندی ژن بۆ هاوسەرگیری دووەم. ژنە پەرلەمانتارانی دیکە پشتگیریان لە هەموارکردنەوەی مادەی (٥٧) کردبوو کە پەیوەندی بە زەوتکردنی مافی سەرپەرشتیکردنی دایکانەوە (حەزانە) هەیە.
جێگای سەرسوڕمانە کە سەرکی لیژنەی خێزان و منداڵ، دونیا ئەلشەمەری، خۆی بەرگریکاری هەموارکردنە کۆنەپەرستانەکەی یاسای باری کەسی (١٨٨) بوو، نوێنەرایەتی بەچوونکانی قەوارە سیاسییەکەی خۆی دەکرد و بەم شێوەیش ئاستەنگی زیاتری خستە بەردەم ئەوانەی دژایەتی هەموارکردنەکەیان دەکرد.
بەیە سەیر نییە کە دوای دوو دەیە لە دەستگرتنی حزبە ئیسلامی و ناسیونالیستەکان بەسەر چارنووسی خەڵکی عێراق ودوای شەش هەڵبژاردن، خەڵک هیچ باوەڕێکی بەو شتە نەماوە کە پێی دەوترێت پەرلەمان و هەڵبژاردن. سروشتی ڕاستەقینەی ئەم هەڵبژاردنانە ئەمجارە لە جاران زیاتر بە ئاشکرا دەرکەوتووە: لە کۆنتڕۆڵی ملیاردێرەکان، کەینەی دەنگ و نەبوونی هیچ دیدگایەک یان بەرنامەیەکی چاکسازی کە ڕەنگە سەختییەکانی ژیان کەم بکاتەوە، و لەم پرسیارەدا ژنان و مافەکانیان بونەتە گەورەترین قوربانی.
هەروەها، لە سایەی هەمان ئەم بڵاوکە پەرلەمانیەدا بوو، کە گەورەترین کەمپەینی گەنجان کرا لە کاتی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩)، کە بووە هەی کوژرانی زیاتر لە (٨٠٠) کەس و بریندارببوونی زیاتر لە (٣٠) هەزار گەنج و ژن و پیاو، و لەگەڵ ئەوەشدا کە ژنان لەم ڕاپەڕینەدا کەت و بەندیان شکاند وڵەماڵ هاتنەدەر، هەڵوکانی کۆنەپەرستی یەکسەر و بە دواکەوتن دەستیان دایە سەرکوت و پەوپاگەندە و چەواشەکاری دژە ژن.
هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە ژنانی عێراق (و پیاوانیش) ووبەووی دوژمنێکی ئاسایی یان سیستەمێکی پیاوسالاری نەریتی (تەقلیدی) نین وەک ئەوانەی لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهانی مەدێرن دەبینرێن، بەڵکو ووبەووی دوژمنێکی زۆر دەندە دەبنەوە کە تواناکانی بەئەندازەیە و پەیوەندیی ئاماژ و چەی ناوخۆیی و ناوچەیی و نوودوودتی هەیە- دوژمنێک کە درێغی نییە لە ئەنجامدانی قێزەونترین کەمپەینکوژی لە دژی نەیارەکانی بە پتەوکرنەوەی چەپەکی دەسەڵاتەکەی بەسەر خەڵکدا.
لەم کەش و هەوا سیاسییە خنکێنەر و دژە ژنەدا، کە بە هەندێک

لە توژینەکانی عیراق دیزان و قەرخ کراوە و لەسەر
تۆندوتیژییەوە و بە سیستماتیک، و بە پشت بەستن بە بنەمای
بڕەها و نەریتی خێڵەکی و ئایینی کۆنەپارستانەوە بڕەوم
دەهێنرێتەوە، دەنگ و ئازارەکانی ژنان بەزەحمەت دەبیسترێت.
جگە لەوەش، ژنان وەک هەموو گرووپە پەراوێزخراوەکانی دیکە،
ووبەووی چەندین بڕبڕەستی زیادە دەبنەوە لەبەردەم
بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسی و توانای ڕێگرانیان لە
داشتنی سیاسەتکان کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان بکات و
مافەکانیان بپارێزن؛ چالاکی سیاسی ژنان بە پشێلکاری نەریت
و بڕەها کۆمەڵایەتییەکان دادنرێت، و فشارە خەڵکانی و
کۆمەڵایەتییەکان زۆرێک لە ژنان بەهێوا دەکەن لە
بەشداریکردن لە کاری سیاسیدا. کاندیدی ژن پێویستی بە
ڕەزامەندی خەزانەکەی یان هەزەکەی هەیە و لەوانەیە تووشی
هەڕەشە وهەڕشی میدیای ئەلیکترۆنی و هەراسانکردن بێت. جگە
لەوەش ژینگەی کەبەکە و پیاوسالاری و پەراوێزخستن و ڕوانگەی
سووکایەتیکردن بە ژنان لە شوێنی کار و دامەزراوە
حکومییەکان وەک ڕێگرییەک لە دژی چالاکیی سیاسی کاردەکات.
شایانی باسە، ناڕەزایەتییەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی بە دژی
هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی ١٨٨ کە دواتر لە شێوەی
مودەوونەدا لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرا، بە ڕەخرابوو،
کە هەتا ئێستاش بەردەوامە و هەر ڕەژە ژنان دەرگیری ئاکامە
کارەساتبارەکانی دەبنەوە، چەندین ڕەکخراو و چالاکوانی ژنان
و ئازادیخواز کە هەندەکیان لە تەحالوفی ١٨٨ بەشدار بوون،
بەردەوام ئەم ناڕەزایەتیانە نیشانەتوانی بەر بە شێلگیرانەی
کۆنەپارستی ناو کۆمەڵگەو پەرلەمان بگرێت.
شاهیدی چەندین هەڵمەتی شکەشکاندن بووین بەرامبەر بەو ژنە
پەرلەمانتار و پارێزەر و چالاکوانانەی کە دژی
هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسایەتی ئاوەستاون، تەنها
بەهەی دەربڕینی بۆچوونەکانیان لە پرسیەکدا کە گوایە
دیموکراسییە و لەسەر بنەمای دیدگای جیاواز دامەزراوە.
چالەنجەکانی بەردەم ژنان لە عیراقدا بە ئەندازە و
فرەلایەنەیە، پێویستی بە خوێندنەوەی ستراکتۆرە
چەسپاوەکانی سیستەمی پیاوسالاری هەیە، کە لەلایەن پایەکانی
سیستەمی سەرمایەداری و بڕەها کۆمەڵایەتییەکانی دوژمنایەتی
ژنان و ڕزگاریکردنیانەوە پاڵپشتی دەکرێن. بەڵام نە
پیاوسالاری و نە سەرمایەداری نەمر و هەتاهەتایی نین و ئاوەڵی
ژنانی عیراق ئەزموونی دەکەن، قەدەرێکی حەتمی نییە. لەم

سەردەمدا ئەم چارنووسکی حەتمی نییە، بەڵکو سیستەمکە کە بە زەبری تۆندوتیژی و بەهێزکردنی بەها و نەریتە کۆنەپەرستەکانەوە بەرهەم هێناوەتەوە.
ئەرکەکە لە خباتدایە بۆ هێواشاندنەوە و ڕیشەهێکشکردنی ئەم سیستەمە و گرتنەبەری دیدکی کۆمەڵایەتی ڕادیکاڵ و سیاسەتکی پراکتیکی هاوتا لەگەڵ چالەنجکاندا.
٢٠٢٥-١٢-٢٩

*لەباربردنی منداڵ لە سەرانسەری ئەمریکادا، دوای بڕیارکی یاسایی گرینگ لە ساڵی ١٩٧٣، یاسایی کرا، کە زەرجار بە دەسیەی "ڕۆ دژی وەید" ناودەبرێت.

سەبارەت بە بڕیاری بۆمبکردنی ناو "عەبای زەینەبی" لە بەغداد، داهاتوو خراپتر دەبێت!.. شیرین عەبدوڵا

لە هەنگاوکی کۆنەپەرستانەی نوێدا بەرامبەر بە ژنانی عێراق، کە بووتە مایەی بەرپەرچدانەوەیەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی، ئەنجومەنی پارێزگاری بەغدا ڕۆژی سێشەممە (٣)ی حوزەیران (٢٠٢٥) بڕیاریدا شتک بە ناو "عەبای زەینەبی" وەک جلوبەرگی ڕەسمی لە پایتەختی عێراق پەسەند بکات.
ئەم بڕیارەش لە بڕیاننامەیەکی (هودا جەلیل ئەلعبود) دا هاتووە کە سەرکی (لیژنەی ژینگە) یە لە ئەنجومەنی پارێزگا سەربە هەزکانی هاوپەیمانی دەوڵەتی نیشتیمانی.
لەو نامەیدا (هودا) ئاماژەی بۆ داوە کە ئەم "بڕ ئامانجی پتەوکردنی ڕێز و کەرامەت و حیابێ، بتایبەت لەناو هێزکانی تاقیکردنەوەدا، پاش ئەوەی داواکاریەک بە دەنگدان لەسەر پەسەندکردنی عەبای زەینەبی وەک جلوبەرگی فەرمی پێشکەش کرابوو"، ئەمەش بە بیانووی ئەوەی هەندک لە مامۆستایان ڕەگریان لە

خوێندکارێ کچکان کردووە لە پشینی عەبا لە هەڵکانی تاقیکردنەوەدا لە ترسی قوپیکردن (غەش).
وەنە و ڤیدیۆ و نموونەی ئەم عەبایە بەاوبانگەوە کە گوایە (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر بەکارهاتووە. جگای سەرسوڕمانە کە مێژوونووسانی سوننە و شیعە لەسەر زۆرێک لە ووردەکارییەکانی ئەو سەردەمە مێژوویییە ناکۆکن، لەوانەش بەرواری لەدایک بوون و مردنی زۆر لە کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمە، یان تەنانەت شوێنی ناشتنیان، کەواتە چۆن توانیان بەم ووردییە ئەم پشاکە تایبەتە بناسنن؟ ئەمەش ئەو پرسیارە دەهێنێتە ئاراوە کە وروژاندنی ئەم پرسە لەم قۆناغدا پاڵنەری سیاسی پەیوەندیدار بە ئەمەوی لەپشتەوەیە، نەک مێژووی ڕابووردوو؟ بە تایبەتی بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە عیراق بارەو هەڵبژاردن دەوات!
ئەم بیارە بە هەڵکەوت و لەخێوە نەهاتووە. دەسەڵاتی میلیشیاکان و سیستەمی پیاوسالاری ئیسلامی سیاسی دەسەڵاتدار لە عێراقدا زیاتر لە دوو دەیەیە، لە پاش دەسەڵات گرتندەستیان لە (٢٠٠٣)وە، لە هەوڵدان بە هەموو جۆرە هێگایەک، بە سەپاندنی دواکەوتوویی و پاشکۆشە بەسەر کەمەگا و سەینەوەی هەموو شوێنوارێکی پشکۆتنخوازی.
هەر لە هەوڵە دووبارەکانیانەوە بگرە بە چەسپاندنی یاسای جەعفەری تا ئەم دواییانە لە (٢١)ی کانوونی دووەمی (٢٠٢٥)دا هەموارکردنە بەدناوەکەی یاسای باری کەسی (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)یان پەسەندکرد، ئەویش لە هێگای هەکەوتنکی سەقەڵی ئیسوا لەنێوان "پەکهاتە" سەرکییەکانی پەرلەمان (سوننە و شیعە و کورد). هەروەها پەسەند کردنی بەناو (یاسای هەکخستنی ناوەڕۆکی دیجیتاڵی)، لە (١٤)ی شوباتی (٢٠٢٣)دا بە دەمکوتکردنی دەنگی ناڕازی و پتوکردنی ئیستبداد و گۆشگیرکردنی هەر دەنگێک کە هەخنە لە دەسەڵاتە گەندەکەیان بگرێت، ئەمە جگە لە خراکردنەوەی هەنگاوەکانیان بە تەواوکردنی پەژڕەی بە ئیسلامیکردنی یاساکانی تایبەت بە ژنان و دووبارەکردنەوەی ئەزمونی ژەمەی ئێرانی لە عێراق، کە بە یاسای خێزان لە عێراق ناسراوە.
لەپناو داسپاندنی ئەم جۆرە گەڕانکارییە کەنەپرستانە، پەنا دەبەنە بەر دەربەینی بەتاڵ و بە ناوەڕۆک، لە چەشنی "ئەز و کەرامەت و حەیا" وەک پێوەری وەهمی بۆ زاڵکردنی بادەستیان و کەنترۆکردنی خواستە ئەزگاریخوازییەکانی ژنان و ژێردەستەیی هەمیشەییان، و بەم جۆرە، کەمەگا و نەوە یەک لە دوا یەکەکانیش ملکەچ بکەن، لە کاتێکدا خەیان بەردەوامن لە گەندەڵی و تاڵانکردن و سەرکوت و کوشتنی خەیشاندەران و دزینی مووچەکان و برسیکردنی

جەماوەر و لەناوبردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک ئاو و کارەبا و خانوو بەرە لە ڕێگەی سیاسەتە نیلیبراڵییەکانیانەوە، کە ملیۆنەها کەسی خستەتە بەردەم نەخۆشی و ئاوارەبوون و دەربەدەری چ بەهاوین لە پلەی گەرمی سەختی سەروو (٥٠) دەرەجە و چ بە سەرمای زستانی عێراق.
باس لە "ڕێز و کەرامەت و حەیا" دەکەن لە کاتێکدا خەیان هەمیشە خەریکی زیندووکردنەوەی هەموو ئەو شتانەن کە ڕێز و کەرامەتی ژنان پێشێل دەکات، وەک بە یاساییکردنی هاوسەرگیری کچانی منداڵ لە تەمەنی نۆ ساڵیدا، و بەبەشکردنیان لە مافەکانیان لە میراتی وسەرپەرشتی منداڵ و جیابوونەوە، ئەمە جگە لە پاساوەکانیان بە هاوسەرگیری کاتی و چەندین داهێنانی تاوانکارانەی دیکە کە دەکەوێتە قاڵبی دەستدرێژی سێکسیەوە. پاشان داوای "حەیا" لە ژنان دەکەن تا دنیابن لە ملکەچکردنیان و قبووڵکردنییان بە دەندایەتی کەنتەڕی پیاوسالاری.
ڕێنگە ئەم بیارە شتێک لە گاڵتەجاڕی پووچ دیار بێت؛ هەڵی تاقیکردنەوەچ پێوەندیەکی بە "ڕێز و کەرامەت و حەیا" وە هەیە؟.. و لەهەمان کاتدا سەرچاوەی تووڕەییشە، چونکە ڕێنگە وا لە هەندێک خەزان بکات بسڕێنەوە لە ناردنی کچەکانیان بە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندن مەگەر بە پێشینی جۆری پێوەندکراوی عەباوە نەبێت، نەوەک تەمەتبارکەن بە کەمی "ڕێز و کەرامەت و حەیا".
هەر ئەمشە مەبەستی ئەم جۆرە یاسایانەیە، کە سەپاندنی ئاستەنگی و سنووردارکردنی خوێندنی ژنان و لەکەدار کردنی ناوبانگی دامەزراوەی پەروەردەیی و لەقەڵەمدانیانەوەک شوێنێک کە ئاسایشی تێدا نییە بە ژنان، بە مەبەستی ئاسانکاری بە داسەپاندنی شتی خراپتر.
١١ی تەممووزی ٢٠٢

سەرهەڵدانی مانسفیر و ڕاستی تونديەو.. شیرین عەبدوڵا

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردووەدا دیاردەی بەاوبوونەوەی ڕیتێریکی میسۆجینی (دژە ژنی) دەبینرێ، ئەو مەیلانەی کە بە ئاشکرا بانگەوازی

ئاسایکردنەوەی سووکایەتیکردن بە ژنان دەکەن، بەتایبەتی لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیادا، لانیکەم دیاردەیەکی فراوانتری سەرهەڵدانی هاستی توندوتیژە.

مانگرسفۆر چییە؟
ئەم بانگەوازانە پێیوستن بە گرووپاتێک کە پێی دەوترێت مانگرسفۆر (فۆزای ئەلیکترۆنی یان دەمەینی نێر)، کە گروپێی ناڕێکخراون، هاندەکجار بە کەمەگەی "حەبی سوور" ناودەبرێن. قیدیۆ بلۆگ و پۆدکاست و وێنە و پلاتفۆرمی یاری ئەلیکترۆنی و کاریگەر (influencers) بەناوبانگەکانیان لەسەر پلاتفۆرمەکانی وەک (X) و (YouTube) و (TikTok) و (Reddit) هەیە. هەشداری بەاو دەکەنەوە لەو مەترسییانەی نێرمەکانی پیاوسالاری بەرووی دەبێتەوە و بەچوونە دژژن و دژە فەمینیستەکان بەرووپەش دەبن و ئەمان بە هەکاری هەموو جۆرە کۆشێیەک لە کەمەگادا دەبینن.

بیرۆکەکانی مانگرسفۆر چوار ڕووتی بنەڕەتی لەخۆدەگرن:
١- "حەبی سوور" (لە فیلمی زانستی خەیاڵی ماتریکس وەرگیراوە- بە خواردنی حەبی سوور بۆئاگا دەبێتەوە لە هاستی ئەو شتانەی لە جیهاندا ڕووددەن) و چالاکوانانی "مافی پیاوان": داوا لە پیاوان دەکەن کە بۆئاگا بێنەوە لەو هاستییەی کە سیستەمی سیاسی لایەنگری بەدژی پیاوان دەکات و ئەمان بەدەست جیاکارییەوە لە بوارەکانی جیابوونەوە، سەرپەرشتیکردنی منداڵ، و یاساکانی توندوتیژی خێزانی دەناڕەنن. بە نموونە داوای هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی "تەڵاقی بە تاوان" دەکەن کە لە ژمارەیەک وڵاتی ڕۆژئاوادا جێگیرکراون، کە ڕەگەز بە هەریەک لە هاوسەرەکان دەدات داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری بکەن بەبێ ئەوەی هیچ لە بەرامبەرەکەدا بدەزنەوە.
٢- "هونەرمەندانی ئیغراکردن" و کەلتووری "نێری ئەلفا": ئەم گروپانە پەدادەگرنەوە لەسەر خۆ فێرکردنی ستراتیژەکانی هاکشان و ملکەچکردنی ژنان لە ڕەگەزی ئازاردانی دەروونی و سێزداری (negging- پشتگوێخستن) و بەرووپشبردنی وێنەی نێری ئەلفا، واتە نێری بادەست لە پێوەندییەکانیدا، و لە ڕووی جستییەوە بەهێز، و بە تەواوی متمانەی بەخۆی هەیە بەبێ ڕەچاوکردنی کەسانی دیکە.
٣- – پارێزگارە نەریتیەکان و بیرمەندە کۆنەپارستەکان: ئەم گروپانە بانگەوازی گەڕانەوە بە بەها تەقلیدییەکانی خێزان دەکەن، و جیاوازییە بایۆلۆژییەکانی نێوان ڕەگەزەکان وەک بنەمایەک بە دابەشکردنی ڕۆڵەکان لەناو کەمەگادا سەیر دەکەن، ئەمە جگە لە

بەچوونە کۆنەپەرستەکانی سەقامگیری خێزان وەک پایەیەکی بنەڕەتی بۆ پاراستنی نەزمی کۆمەڵایەتی. بەشێک لەم بزووتنەوانە لەسەر بنەمای لێکدانەوەی ئایینی و ئەخلاقی دامەزراون کە ئەم مەدلەی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو بەهێزتر دەکەن.

- "ئینسێل -Incels" (عازەبیی نائیرادەیی): ئەم گروپە هەنگێ دیارترین و مەترسیدارترین هێوتی مانسفەر بێت. ئەوانەی ئەم هێوتە پەیڕەو دەکەن، کەسانێکن، بەزاری پیاو، کە بەهەی نەبوونی ئەزموونی سێکسی یان سەزداری هەست بە بەزاری دەکەن و ژنان و کۆمەڵگا بەگشتی بەرپرسیار دەکەن لە شکستەکەیان. لە ساڵانی ١٩٩٠دا چەند هەرشی تووندوتیژی و تاوان هووێداوە کە ژنان و "پیاوە سەرکەوتووەکان لە پەیوەندیەکانیاندا" بوونەتە ئامانج. کۆمەکوژییەکەی ساڵی (٢٠١٤)ی ویلایەتی کالیفۆرنیا کە بووە هەی کوژرانی شەش کەس و بریندار بوونی (١٤) کەسی دیکە، یەکەمین کوشتاری بەکۆمەڵی لەم جۆرە بوو کە لە ساڵانی دواتردا زنجیرەیەکی بەدوای خێیدا هێنا. مانیفێستە (١٤٠) لاپەڕەییەکەی لەلایەن تاوانبارەکە، (ئیلییەت ڕۆجەرز) خێیە بەناوکراوەتەوە، بووەتە بەڵگەنامەیەک کە تا ئێستاش زۆرێک لە گروپەکانی (ئینسێل) وەک بنەمایەک بۆ عەقیدەکانی خێیان پشتی پێدەبەستن. لە هەرشی ساڵی (٢٠١٨) لە تۆرەنتۆ (١١) کەس کوژرا و لە ساڵی (٢٠٢١) لە بریتانیا پێنج کەس گیانیان لەدەستدا.

پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا بەناوبوونەوەی خۆرای ئەم ناوەندکانە ئاسان دەکات، چونکە ئەلگۆریتمەکانی فەزای ئەلیکترۆنی پاڵ بە بینەرانەوە دەنێت بەشداری ناوەندکەکە بکەن و ئەو جیاکارییە سیستماتیکە بە دژی ژنان لە شێوەی ناوەندکی هەرشبەرانە بە خۆراییکی زۆر زیاتر لەجاران دووبارە بکەنەوە. جێگای سەرسوڕمانە کە دەستەواژەی "عازەبی بە ئیرادە" بە یەکەمجار لە ساڵانی نەوەدەکاندا لەلایەن ژنەکەوە داهێنرا، بەناوی (ئالانا)، کە ئامانجی وەسفکردنی ئەزموونی تەنهایی و بە هاوسەرگیری کەسیی خێی بوو، ویستی فەزایەکی گشتگیر و هاستگۆیانە بە ئاوگەڵەی بیروڕا دروستبێت. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات دژژنی خێی خزاندە ناو کۆمەڵەکە و کرا بەشوێنکی یەکجار دوور لە سەلامەتی. ئێستا، (ئالانا) دەڵێت دژژنەکان "دەستەواژەکەیان لە فاندنم".

سەرنجڕاکێشیی گوتاری مانسفیر:

شایانی باسە، پەرەپێدەرانی مانسفەر لە بنکەیەکی کۆمەڵایەتی فراوان بەهرەمەندن کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت، بە ملیۆنان شوێنکەوتوویان لەنێو گەنجان و هەرزەکاران هەیە، لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان، لەنێویاندا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک عێراق

و هەرەمی کوردستان. ئەم ناوبانگییەیان لە ڕۆژگەی ئەنلاینەوە زۆر یارمەتیدەربووە بۆ دروستکردن و کۆکردنەوەی سامانی گەورە. یەکێک لە کاریگەرە دیارەکان لەم بوارەدا کەسێکە بە ناوی (ئەندرۆ تێیت).

- ئەندرۆ تێیت، پێشبڕکێکاری پێشووی بەرنامەی "برا گەورە" و خۆی بە شارەزای شەوازی ژیان ناودەبات و پاڵەوانی پێشووی جیهانی (کیک بۆکسینگ)، ئێستا یەکێکە لە گەورەترین کاریگەرەکانی مانسفێری سۆشیال میدیا. لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٢٢) ئەم ئێستێرە بەناوبانگە بەریتانی-ئەمریکییە زۆرترین بەدواگەڕانی گووگڵی هەبوو لە جیهاندا. لە ماوەی تشرینی یەکەمدا بوو بە موسڵمان، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی جەنجاڵێکی ئەنلاین. لە (تیک تۆک) هاشتاگی (ئەندرۆ تێیت) زیاتر لە (١٠) ملیار بینینی بەدەستهێناوە. خاوەنی چوار و نیو (٤.٥) ملیۆن فۆاوەری (تویتەر) و ماڵپەڕێکی هەیە لەسەر بنەمای بەشداریکردنە، "زانکۆی هاستلەرز"، کە گوایە زیاتر لە سەد هەزار (١٠٠،٠٠٠) خوێندکاری هەیە، ئامۆژگاری خەڵا دەوەندەبوون و ڕێنمایی خۆیارمەتیدان پێشکەش دەکات کە لە "٤١ بنەماکەی بە پیاوان"دا هاتووە؛ بە نموونە، "هەموو پیاوێک ئەرکێکی پیرۆزی هەیە ئاوێش کە جەستەی خۆی بە بەهێزترین شێوەی شکڵ پێبدات".
- (تێیت) بە ئاشکرا دژایەتی کە ئاو دژە ژنە، ژن "مۆکی پیاوانە" لە کاتی هاوسەرگیریدا، پێویستە لە ماڵەوە بمێنێتەوە و ژنان لە پیاوان کەمترن. ئاو و براکەی بە یاسا داواکراون بە تەماتەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و دەستدرێژیکردنە سەریان، بەڵام لەگەڵ ئاوەشدا قازانجکەی زۆری لە قیدیە دژە ژنە بەناوبانگەکانی بەدەستهێناوە.
- زۆربەی شوێنکەوتوانی (تێیت) سەرنجڕاکێشییەکەی لە وێنەی بزنسمانێکی سەرکەوتودا دەبینێنەوە، کە بە وتەی خۆی پیاوسالاری و کاری جیددی و پشت بەخۆبەستن بەرەوپێش دەبات. هانیان دەدات لە "نەرماتیڤیەت – النمطیە" ڕزگاریان بێت و کۆنترۆڵی ژیانی خۆیان بکەن. ئاوان (تێیت) وەک ئاڵگۆیەک و بەرجەستەکردنی خاون و ئاوات و خواستە بەهیواکانیان دەبینن. وەک (تێیت) خۆی دەڵێت: "کۆشکێکی گەورەم هەیە، لیستی ئۆتۆمبێلی لوکسم هەیە، دەتوانم لە هەر شوێنێک بمێنێت بژیم، ژنێکی بەشوماریشم هەیە… من نموونەیەکی ناوازەم".
(تێیت) و هاوشێوەکانی مۆدێلێکی سەرکەوتنی بە ناوەڕۆک بە

نەوەیەک لە گەنجانی پەراوێزخراو دەخاتە ڕوو، کە تووشن لە نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و جیاوازییە چینایەتییە بەرفراوانەکان و بێکاری و نائەمنی، نەوەیەک کە هەست دەکەن کۆمەڵگا دەستبەرداریان بووە. خەی وەک دژە دامەزراوە (anti-establishment) دەخاتە ڕوو، لایەنگرێکی گەورەی سەرکی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) و هەمای بانگەشە (دیعایە)ی بزووتنەوەی ماگا (MAGA) یە، چونکە (ترەمپ) بەشێنی گەندنەوەی پیاوسالاری دەدات- نەک "جارە نەرمتر"، بەڵکو "هێزموونی بە بەربەستی پیاو".

پەیوەندی نێوان مانسفەر و ڕاستی تونداڕەو:

ئەوەی کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ڕاستڕەوی تونداڕەو و مانسفەردا هەبێت بەشێکەوت نییە، بەو پێیەی هەردووکیان هاوبەشن لە ئایدۆلۆژیای پلەبەندی و باڵادەستی ڕەگەزێک بەسەر ڕەگەزێکی دیکەدا، گەڕانەوە بۆ شێوازە کۆنەپەرست و پارێزگارەکانی بنەماڵەی پیاوسالاری، دژایەتیکردنی ماف و ئازادییە سیاسی و مەدەنی و کولتووریەکان، ڕەگەزپەرستی بەرامبەر بە کەچبەران و شکۆمەندکردنی سەروەت و سامانی تاکەکەسی و باڵادەستی ماددی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی تاکەکان بەسەر خەشگوزەرانی گشتیی کۆمەڵگا.

ئەم شێوەلە نەرسالارییە هاوتەریبە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕەوتی سیاسی ڕاستڕەوی کۆنەپەرست و نیوفاشیستی لە سەرانسەری جیهاندا، کە لە دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا لە گۆشەکانی تەی تاریکدا (dark web) دەستیکرد بە شکێگرتن و لە ساڵی (٢٠١٤)دا بە بەزەری گۆشەی سەند، هاوکات لەگەڵ ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا کە لە ئەنجامدا دۆناڵد ترەمپ بە یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١٦ دا هەڵبژێردرا، و دواتر بە دووبارە هەڵبژاردنەوەی ترامپ لە نۆڤەمبەری (٢٠٢٤)دا تینکی تازەی پیا هاتەوە. ئەو پیاوەی کە بە تەوانینی نزمی بە ژنان ناسراوە، و مێژوویەکی شەرمەزارکەری لە بەهرەبەرداری (ئیستغلالکردن) و سووکایەتیپێکردنیان هەیە، هەروەها بە ڕەگەزپەرستییەکی بەرامبەر بە کەچبەران و بە سیاسەتە بەرژوازییەکانی کە دوژمنایەتی چینی کرێکار و هەموو دەستکەوتەکانیان دەکات. ئەو (٣٤) تاوانی یاسایی بەدواوەیە، بەنام ئەم هەمووی نەبووە ڕەگری ئەوەی دووجار هەڵبژێردرێت، نەک جارێک، بەوەی کە چارەسەری ساختە بە ویست و خواستەکانیان دەخاتە ڕوو.

(ترەمپ) خەی بە پیاوانێک دەورە داوە کە پەرە بە قەوانێکی

سواوی (ستراتیژیکی) نەرینەی باڵادەست دەدەن، و بەڵگەی
بەو ژنانەی کە منداڵیان نییە دەکەن و جەرکەی بەها
خێزانییەکان بەرەوپێش دەبەن کە سەربەخۆیی ژنان کەم
دەکاتەوە.
هەر کە لە کۆگەی هاگیاندنی دووبارە هەڵبژاردنەوەی ترامپ
لە مانگی نۆڤەمبەردا، لافاوێکی بانگەوازی دژە ژنی سۆشیال
میدیای گرتەوە، دەندانەترینیان هەماتۆک لەلایەن (نیک
فینتس)، کاریگەر و پەدکاستەری ناسیونالیستی سپی پێستەوە،
لە (٥)ی ئەو مانگەدا بوو؛ ئەو دروشمی فەمینیستی "جێستەمان،
هەڵبژاردەی خەمان" کە لەلایەن بزووتنەوەی فەمینیستکانەوە
لە ساڵانی حەفتاکان پەسەندکرابوو شەواند و لەبری ئەوە
نووسیبووی "جێستەی تۆ، هەڵبژاردەی من. بە هەمیشە".
پێستەکەی لە ماوەی یەک هەفتەدا زیاتر لە (٩٠) ملیۆن بینەری
هەبوو و زیاتر لە (٣٥) هەزار جار ڕیتویت کراوە، بەپێی
دەزگای میدیایی (سی ئێن ئێن).
هەر لە یەکەم ساتەکانی سەرکایەتییەکەیەوە، ترامپ
دەستبەکاربوو بە جێبەجێکردنی پاکێجی سیاسەتە ئابووریە
کۆنەپارستانە و دژە کرێکار و دژە هەژارەکانی، کە لەسەر
بنەمای گەشەگیریی ئابووری و هەرشکردنە سەر دەستکەوتە
ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، کە دەرئەنجامەکانی نەک
تەنها ئەمریکا، بەڵکو زۆرێک لە وڵاتانی جیهان دەگرێتەوە.
بەو پێیەی ئەمریکا وەک کاریگەرترین وڵات لە سیستەمی سیاسی
جیهاندا، هەرچییەک لە ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتبێت، لە
زۆربەی وڵاتانی جیهاندا شۆڕڵ دەداتەوە، ئەمبەتە بە پلەی
جیاواز.
هەرچەندە زۆرینەی کاریگەرەکانی (مانسفێر) و ڕاستەوەکان
لە وڵاتانی ڕۆژئاوان، بەڵام گەڕانەکی خێرا لە ئینتەرنێتدا،
گروپی هاوشێوە، هەرچەندە بچووکتر و کەمتر کاریگەر، لە
هەندێک وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا،
گۆشەسەندوو دەردەخات.
سەرهەڵدانی گرووپە ڕاستەو و تووندەڕەو و مانسفێرەکان بە
شێوەی جەراوجەر ڕەنگدانەوەی لە کۆمەڵگاکانی ئەمەدا هەبووە.
بە نموونە لە عێراقدا ئەم بزووتنەوەیە نەفەسێکی نوێی بە
گوتاری پیاوسالاری و دژە ژنی بەخشیوە، و هانی ئەو
کۆنەپارستییە باوکسالارە بەسەرچووانەی داوە کە پێگەی ژنان
نزم ڕادەگرن، و بنەماڵەیی تەقلیدی شکۆمەند دەکەن و
ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ژنان زەوت دەکەن. ئەم

ووندە لەم دواییانەدا بە هەموارکردنەوەی کۆنەپارستی یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) گەیشت.

بۆچی ئەم شتە لە دژی ژنان، ئەستا؟

سەرهەڵدانی مانەسفەر دەتوانرێت لە لایەنێکەدا، وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە گۆشەسندنی بزووتنەوەی فەمینیست و دەستکەوتەکانی لە دەیەکانی ڕابردووەدا و نیگەرانی پیاوسالارەکان لە لەدەستدانی ئیمتیازاتەکانیان لەکبدرێتەوە. ووەنە کە هەموو بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز و ڕزگاریخواز کاردانەوەی کۆنەپارستانە توندوتیژانەی بەدوادا دێت لەلایەن ئەو کەسانەوە کە هەست دەکەن فەزاکەیان داگیردەکرێت. ئەمە یەکەمجار نییە کە ئەمە شاهیدی سەرهەڵدانی کۆنەپارستی دەبین وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە دەستکەوتە پێشکەوتنخوازەکان. بە نموونە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەدا، لەگەڵ سەرهەڵدانی نیولیبرالیزمدا، شاهیدی بووژانەوەی بەها نەریتییەکانی خێزان و مەدەلی بنەماڵەی پیاوسالاری بووین لەسەر دەستی نوێنەرانی ئەم جۆرە سەرمایەداریە، وەک مارگرێت تاچەر، ڕۆناڵد ڕیگان و ئەوانی دیکە، لە پاشخانی گەڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکان، بزووتنەوەکانی مافە مەدەنییەکان، مافی ژنان و مانگرتنە گەورە کرێکارییەکانی ئەو سەردەمەدا.

بەڵام ئەمە هەموو مەسەلەکە نییە. ئەم شتە دژی ژنان جیا نییە لە وێنە گەورەکەی گەڕانکاری و ململانێ سیاسی و ئابوورییەکان کە لە جیهاندا ڕووەدەن. بەشێکە لە زنجیرەیەک هەرشی بەرژوازی بە سەر تۆڕە جیاوازەکانی سیستەمە ئابووریەکەی کە لەلایەن ترەمپ و سیستەمی سەرمایەداری بە گشتی نوێنرایەتی دەکرێن. شانبەشانی هەرش بە سەر پەنابەران، بیانییەکان، هەموو ستەملێکراوەکان، و ئەوانەی پێویستیان بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی، تەندروستی گشتی، پەروەردەی گشتی و هەر خزمەتگوزارییەکی دیکەی گشتی هەیە، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی ئەمریکا، ڕووەدات.

مەعلوومە کە سەرمایەداری، هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، تووشی قەیرانی دەورەیی بووە. لە هەر قەیرانێکدا دەبێت ڕێگای نوێ بە بەدەستهێنانی قازانج بدۆزێتەوە و هەوڵی هێنانەدی سەقامگیری بە بازاڕ بدات بە دڵنیاکردنەوەی وەبەرهێنەران، تەنانەت ئەگەر بە ماوەیەکی کاتیش بێت. وەک دەبینین لە ئێستادا ڕژیم بە هەی شتەکانی و ناسەقامگیری کێشوهەوا و گرانی تێچووی ژیان و نایەکسانییەکی بەرفراوان

تووشی چەندین قەیرانی فرەلایەنە بووە. هەرشەکانی بە سەر ئەو گرووپانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بەشێک لەو دینیایینە بە تۆپم دەبەخشێت. داخستنی سنووروکان بەووی پەنابەران، زیندووکردنەوەی مەفهووەکانی خەزانی تەقلیدی و پاپێوانانی ژنان بە ناو ماڵ و دوورخستنەوەیان لە بازاڕی کار، لە لایەک پەرشوبڵاوی چینی کرێکار مسۆگەر دەکات و لەوانیە هەستەکی ساختە (تەنانەت ئۆگەر کاتیش بێت) بە بەردەستبوونی هەلی کار و کەمبوونەوەی بێکاری لە لایەکی دیکەوە دروست بکات.

دەرئەنجام:

بە بەرژوازی ناتوانێت بە ئاسانی ئەم جۆرە سیاسەتانە جێبەجێ بکات، مەگەر بە بەرگەکی ئایدیۆلۆژی بیانپێچێتەوە کە واقیعی ناکۆکیەکانی بشارێتەوە. دەبێت ئەوە بە باوکردنەوەی ئەو بیرکانە بکات کە هەڵاواردن و ڕق و دووبەرەکی لە نێوان جەماوەردا پەرە پێ دەدەن، هەتاکوو ئاسانکاری بە ژێردەستەکردنیان بکات.

ئەم ماشێنە فیکرییە بە بورژوازی زەر گرنگە، بە بردنە پێشەوەی سیاسەتەکانی و دەستبەرکردنی دەنگی کرێکاران بە هەر شێوەیەک بێت. ملیۆنان دۆلار بە ئەمە خەرج دەکات و هەموو میدیاکان بەکاردەهێنێت، دامەزراوەی بیرکردنەوە (Think Tank) و توێژەر و شیکار و تەنانەت هونەرمەند و نووسەر و شاعیر و ئەکتەر و کەمپانیا زبەلاحەکانی فیلمی هەیە… کە هەموویان شەو و ڕۆژ وەک ئامرازێکی پڕوپاگەندە کاردەکەن بە پێشخستنی سیاسەتەکانی چینی دەسەڵاتدار بە شێوەیەکی ورد و شاراوە، بە مەبەستی چاندنی دووبەرەکی لە نێوان کرێکاران و قەناعەت پێکردنیان کە سیاسەتەکانیان لە بەرژەوەندی کرێکارانداین.

لە نێوان گاڵتەپێکردن (تەنانەت ئۆگەر بە ناوی سوعبەتێکی ناسکیش بێت) و ئیهانە و کەمێنتی نەخوازراو و هەراسانکردن و تۆندوتیژیدا، کە تەنانەت ڕەنگە بگات بە کوشتنیش، خەتێکی جیاکەرەوە نییە. زەر گرنگە کە گرنگی بە باوبوونەوەی ئەم دیاردانە بدرێت و ڕەگەری بکرێت لەوەی گەنجان (و ژمارەیەک لە ژنانیش) بکەونە ژێر کاریگەری ئەم بیرکە دوژمنکارینانە دژی ژنان، کەچبەران، یان گرووپە هەژارەکان.. ئەم بیرکانە هەندێک جار لە شێوەی گاڵتە یان نوکتە، یان لە شێوەی بیرکەی کۆنپەرست بە تامێکی زانستی، بەڵام بە ناوەڕۆکێکی

ژەهراوی و شەرمەزارکەر، دەربەینیان لەدەکرێت، ئامانج لێیان، ئامادەکردنی خەڵکە بۆ قبووڵکردنی ئەو بیرکە کۆنەپەرستانەی کە سیاسەتکانی سیستەمی سەرمایەداری لەسەری بنیات نراوە و ناڕازایەتکانی ئەوان بەرەنگاردەنەوە.
جووڵانەوەی مانەسفەر و دژەژنی کە ئێستا بەاوە، بەشێکە لەم ماشێنە فیکریەیەی کە دووجار ڕێگەی بە هەڵبژاردنی ترەمپ خۆشکرد و بەشێکە لە سەرهەڵدانی فراوانتری ڕاستەوە توندڕەوکان لەسەر ئاستی جیهان.

۲۰۲۵-۵-۱۲
شیرین عەبدوڵا

دیداری سودانی و ستارەر، دووەمین پیاوسالاری.. شەرین عەبدوڵا

هەرکەسێک لە دوور یان نزیکەوە ئاگاداری دۆخی ژنان بێت لە عێراق، ناتوانێت چاوپۆشی لەو پاشکۆیە کۆنەپەرستانە گەورەیە لە ماف و ئازادییەکانی ژناندا بکات لە ناوجەرگەی هەژموون و کۆنترۆڵی هێزە میلیشیایی و تائیفی و عەشایریەکان لەم چەند دەیەی ڕابردوودا، و بەی دەردەکەوێت کە بەگەی تایبەت بە ژنان لە بەیاننامەی هاوبەشی ئەم دواییەی نێوان سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و سەرۆک وەزیرانی عەراق، کە لە دوای سەردانەکەی ئەلسودانی بۆ بەریتانیا دوو هەفتە لەمەوبەر بەاوکرایەوە، سەرلەشێوێنەر و چەواشەکار و بگرە سووکایەتیکردن بوو.
تەنها هەفتەیەک بەسەر وادەی ئەو بەیاننامەیەی سەرەوە تێپەیبوو، کە پەرلەمانی عەراق، بە دیاریکراوی لە (۲۱)ی کانوونی دووەم (ی ۲۰۲۵)، و لە چوارچێوەی ڕەکەوتنکی سێ قۆناغی کۆنەپەرستانەی یاساکان لە نێوان بلۆکە پەرلەمانییەکاندا، یەکێک لە کۆنەپەرستانترین و ئازارمەندانترین یاساکانی لە مێژووی وەاتدا

لە دژی ژنان پەسەند کرد، واتە: هەموارکردنەوەی بەندەکانی یاسای بارەی کەسێتی (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩). لەم ماددەیەدا، بەڵکو پەرلەمانییەکانی تائیفی شیعە و سوننە و کورد ژیانی ژنان و کچانی عێراقیان خستە مەترسییەوە لە پێناوی چەند دەستکەوتێکی سیاسی دیاریکراو، هەرێکەیان لە بەرژەوەندی بەڵکو پەرلەمانییەکەی خۆی. پەدەچێت ئەم هێرشە گەورەیە و ئەم بازە مەژووییە گەورەیە بە دواوە، کە چەند مانگێکە، مایەی نیگەرانیی گەورەی ملیۆنەها ژن و منداڵی عێراق و لایەنگرانی ئازادی ژنان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و سۆشیالیستەکان و هەموو پێشکەوتنخوازان بووە و هەڕەشەیەکە بە سەر ژیان و سەلامەتی هەموو ژن و کچ و منداڵێکی ئەم کەشەگایە، لە بیر و ئاگای هەردوو سەرۆک وەزیران غائیب بوو!

یەکەم شتی سەرنج ڕاکێش لە خوێندنەوەی ئەو بڕگەیەی کە تایبەتە بە ژنان لە بەیاننامەکەدا تایبەتمەندبوونیەتی بە دەستەواژەی بەناوەڕۆک و پووچەڵ کە هیچ جۆرە بەڵێن و پابەندبوونێک سەبارەت بە مافەکانی ژنان و پڕگەی ئەوان لە عێراقدا نیشان نادات، دەستەواژەکان لە چەند وشەیەکی بەتاڵ تێناپەڕن وەک "بەڵێن"، "پشتگیری"، "هەڵوێست لەسەر"، "درکیان کرد بە گرنگی"، کە هیچ گرێنکاریەکی ڕاستەقینە لە ژیانی ناهەمواری ژنان لە عێراقدا بەدوادا نایەت، بەڵام ئەمە نابووە هەی نائومێدیم، چونکە هیچ پشکەوتنێک چاوەڕوانکراو نییە لە ماف و یەکسانی ژنان لە عێراقدا لە سایەی ئەم سیستەمە تائیفی و ئایینی و ناسیۆنالیستییەی نوقمی پیاوسالاریە. هەروەها، بایەخدان بە ماف و خۆشگوزەرانی تووژە بەبەشەکانی کەمەگاش بەشێک نییە لە ئەولەویاتی ئەجیندەی پارتی کرێکارانی ئێستا لە بەریتانیا بە سەرکردایەتی کیەر ستارمەر، ئیتر چۆن دەتوانێت گرنگی بە ژنانی عێراق بدات، بە تایبەتی کە پارتەکەی ئەو، بە سەرکردایەتی تۆنی بلەیر و هەڵی ڕاستەوی ناو پارتی کرێکارانی ناسراو بە (نیو لەیبەر)، هێرشکەری کاریگەری لە داگیرکردنی عێراقدا گەڵا و بووە هەی وێرانکردنی هەموو ژێرخانی وڵات و چەسپاندنی تائیفگەری و لەئاکامدا هەژموونی حزبە ئیسلامی و تائیفی و ناسیۆنالیستەکان و تەشەنەکردنی گرووپە تیرۆریستەکان و کەمەکوژییە کارساتبارەکانی عێراق.

بەڵام ئەوەی مایەی بێزارییە لە بەیاننامەکەدا، ئەو دووڕوویی پیاوسالاریە ئاشکرایەتی؛ لە بڕگەی تایبەت بە ژنانەدا، بەیاننامەکە ئاماژە بە بەڵێنی هەردوولا دەدات بە "قوبوڵکردنەوەی هاوکاری لەسەر کارنامەی ژنان و ئاشتی و ئاسایش"ی نێتەوە یەکگرتووەکان و پشتگیری بەریتانیا لە " پلانەکانی عێراق بە دەستپێکردنی پلانی نیشتمانی سێهەم و تێکی ژنە ئاشتیخوازانی

عێراقی لە مانگی ئازاری ٢٠٢٥دا"، وەک ئاوەژوی لە عێراقدا هەموو شتێک زێر باش بێت! ئەو داستیانەی تەواو پشتگوێ خستووە کە لە ئەنجامی پەیداگری لایەنە ئیسلامییە سیاسییە شیعەکان لەسەر تێپەڕاندنی ئەم هەمواركردنەوەیەی یاسایە، نیوەی کۆمەڵگای عێراق کە ژنانە، هەموو هەستکی ئاسایش و ئارامیان لەدەست داوە، چ لە ماڵ و چ لە شوێنی کاریان. ئەم هەمواركردنە پشێلکردنی هەموو بەها مرۆییەکان و تەنانەت ستاندارد و نۆرمە نێودەوڵەتییەکانە، و باڵادەستی دەسەڵاتە ئاینییەکان بەسەر پرسەکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوە دەستبەردەکات و شەرعیەتدان دەدات بە دەستدرێژیکردنە سەر کچانی منداڵی تەمەن (٩) ساڵ و بە هاددیەکی زێر کۆمەک دەکات بە هەژارکردنی ژنان و زاوتکردنی مافەکانیان لە میرات، سەرپەرشتیکردنی منداڵ و تەنانەت ئاو ماف و ئیمتیازاتە کۆمانەی کە هەبێت، و دەبێتە هەی قووبوونەوەی تائیفەگەری و دابەشبوون لە کۆمەڵگادا.

هەرچەندە بەیاننامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە "هەردوو سەرۆک وەزیران هاوڵابوون لەسەر گرنگی پاپشتیکردنی ڕێکخراوەکانی مافی ژنان و ئەوانەی کە بە هاباریی ژنانن، هەروەها دانیان بە پێویستی بەردەوامی پاپشتی و دادپەروەری و لێپرسینەوە بە هەموو ڕەگارباوانی توندوتیژی سێکسی کە لەلایەن داعشەوە ئەنجامدراوە"، لە هیچ هاپەرتێکدا ئاماژە بە بوونی ژنێک لەنێو شاندەکاندا بەدی ناکرێت و لە هیچ کام لە هەواڵەکاندا هەواڵێک سەبارەت بە کێبووندەوە لەگەڵ نوێنەرانی مافەکانی ژنان نییە و هیچ کام لە گرێبەستەکان پەڕەی پێویست بە تەندروستی و خۆشگوزەرانی ژنان، منداڵان، یان هەر گروپێکی پەراوێزخراو لە عێراقدا نابووە. پەدەچێت شاندی عێراقی ئاوێان لەبیر چووبێت بە هاوتا بەریتانیەکانیان بڵێن کە ژمەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ وە بە بەردەوامی شەڵ لە دژی ڕێکخراوەکانی ژنان دەکات و بە شێوەیەکی سیستماتیک سەرکوتی چالاکوانی ژنان و ڕزگاریخوازان لە عێراق دەکات!

لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە، "هەوڵە بەردەوامەکان بە کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ژنان و کچان..."، لە کاتێکدا جێبەجێکردنی هەمواركردنی یاسای باری کەسێتی هیچی تر نییە جگە لە گەورەترین هەڕەمەتی توندوتیژی دژی ژنان و منداڵانی عێراق، کە لەلایەن دەوڵەت و پەرلەمانەکەی و بە پشتگیری لەلایەن سیستەمی خێزانەکی و تائیفی پیاوسالاری کۆنەپەرست کە بەریتانیا بە دیان ساڵە بەشداری کردووە و بەردەوام لە چەسپاندنی بناغەکانی.

دوا ڕستە، "کۆک بوون لەسەر گرنگی تەواوکردنی خوێندنەکی باشی کچان و بەهێزکردنی ژنان لە ووی ئابووریەوە، کە سوودی بە هەموو

کەمپەینگا دەبێت"، تەنها گەشتەکردن و گەشتیارییەک بوو، وەک چۆن هەموارکردنەوەی یاسای (۱۸۸)، کە ئیلهامەکەی لە قوتابخانەی بیرکردنەوەی جەعفەری وەرگرتووە، هانی هاوسەرگیری کچان دەدات لە تەمەنی (۹) ساڵییەوە و بەزەر زیندانیکردنیان لە ماڵەکاندا و سەرقاڵبوونیان بە پەروەردەکردنی منداڵ و بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی ماڵ، لەکاتێکدا هەشتا منداڵن، ئیتر باسی چ پەروەردە و بەهێزکردنی ئابوورییەک دەکەن؟

"مامۆستای مۆژوویی"، بۆ سوودی کێ؟

سەردانەکەی ئەلسودانی کە بە "مۆژوویی" و "ناوازە" و "جیاواز" وەسف کراوە بۆ ئامانجی پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە بوارەکانی ئابووری و ئاسایش و کێچی نایاسایی، باس لەوە کراوە کە شاندێکی نزیکەی (۷۰) بازرگانی عێراقی و چەندین سیمینار و کۆبوونەوەی تیا بووە لەگەڵ (٢٤) کەمپانیای بەریتانی بۆ لێکۆڵینەوە لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت کە لە ئەنجامدا پاکێجێکی بازرگانی (۱۲.۳) ملیار پاوەندی لێکەوتووە، کە بۆ زنجیرەیەک ڕێککەوتنی هەناردەکردن پشتگیری دەکرێت، بۆ پشتگیریکردن لە پەرەسەندنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان بەریتانیا و عێراق.

بەڵام ئەم (۱۲.۳) ملیارە بۆ پلەی یەکەم ئامانجی کڕینکردنی قازانج بۆ کەمپانیا سەرمایەدارە بەریتانییەکان و شەریکە گەندەڵکانیان لە ناوەندی دەسەڵات و سەرمایەدارەکانی دەوروبەریان لە عێراق، و ئەم گۆشە ئابوورییە سەرمایەدارییە بۆ زەرووڕەت لەگەڵ هەژاری و بێبەشی زیاتر و قووڵبوونەوەی ڕووبەری نایەکسانی بۆ جەماوەری زەحمەتکێش لە عێراق و بۆ ژنان بەتایبەتی دێت.

ئەم ڕێککەوتنانە دەستکەوتی ئابووری و هێروهها ستراتیژی و سیاسی گرنگیان هەیە بۆ هەردوو حکومەت.

بەریتانیا کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەهەی بڕگزیت و پەتای کۆڤید و شکۆی ئۆکرانیا چەندین گۆڕزی گەورەی ئابووری بەرکەوتووە، هەوڵدەدات کێشەکانی وەاتەکەی لە بکاری، هەژاری، کەمیی خانووبەرە و نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بخاتە ژێستەی پەنابەران، کەچبەرانی نایاسایی، هەژاران و خانەنشینان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئاوارەبوون و دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران و بینی زەمانی کەمایەتی و یارمەتییەکانی خانەنشینی و فرەشتنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ کەرتی تایبەت. یەکێک لە بگرگرنگەکانی ڕێککەوتنەکە بریتی بوو لە بڕیارە کۆنەپەرست و سەرکوتگەرانە دژ بە پەنابەران و تاوتوێکردنی پلانی عەمەلی بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەی دیپۆرتکردنەوەی ئەو پەنابەرانەی کە دەسیەی پەنابەریان لە بەریتانیا قبوونەکراوە و

تەواوکردنی ئەو هەڵکەوتنە بوو کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو لە نێوان هەردوولا ئەنجامدرا، کە وەزیری ناوخۆی بەریتانیا ئیفێت کوپەر شانازی پێوە دەکات کە کوالیتییەکی هەیە، بە تایبەت کە عێراقییەکان بەشکی بەرچاو لەم کێبڕانە پێکدەهێنن.
سەبارەت بە عێراقیش ئەم هەڵکەوتنە لە پاشخانی تێقینەوەی هێوداوەکانی ناوچەکە و گەینەی ژەمی سوریا و گەانکاری لە هاوسەنگی هێزی ناوچەکە و پێویستی عێراق بە دەزینەوەی هاوپەیمان لە وڵاتانی هەژاوە بە خێپاراستن لە هەڕەشکانی ئیسرائیل و ئەمریکا دژی ئێران و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی، هەروەها لە پێشبینیی ئیدارەی ترەمپ و سیاستەکانی بەرامبەر عێراق و ناوچەکە.
ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیعدا دەگوزەرێت لە عێراقدا، تەواو پێچەوانەی ئەو وێنە گەشاوەیە کە لە بەیاننامەکەی سەرەوەدا هەنگدانەوەی هەیە و ئەو هەڕەشانەی هەوبەووی ژنان دەبنەوە لە پاشخانی دەرکردنی یاسای جەعفەری حکومەتی (چوارچێوەی هەماهەنگی-إطار التنسيقي)، بە سەرکایەتی ئەلسودانی، دەرئەنجامی سیاسەتی وڵاتانی هەژاوان، بەتایبەتی بەریتانیا و ئەمریکا، و ستراتیژیان بەرامبەر عێراق، بەتایبەتی لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە.

٢٠٢٥-١-٣١

سەرمایەداری و نایەکسانی و "کاەکی کریسمس".. شیرین عەبدوەا

زیاتر لە سەدە ونیوێک لەمەبەر، چارلس دیکنز هەمانی بەناوباگی "کارەکی کریسمس" ی بەاو کردەوە کە هەندێک وەک ئیدانە کردنی نایەکسانی لە دابەشکردنی سامان، و ستەمی ئابووری و دەساتی خاوەن کارە سەرمایەدارەکە (ئیبنیزەر سکروج) لە سەر کارمەندەکەی (بەب کراتشیت) دادەنێن، لە بەریتانیای سەردەمی ڤیکتۆریا، لە سەدەی نۆزدەهەمدا، کاتێک کە هەژاری و برسێتی بەاو بوو، بە تایبەتی لە ناوەندە پیشەسازیە گەورەکانی وەک لەندەن و مانچستەر.

دیکنز، کارەند بەب کراتچیت وەک کەسکی دەسز و لەبوردە نیشان دەدات، و لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا سکروجی سەرمایەدار بە ئاگا دێت و لە ناکاو لە کەسکی چاوچنۆک و بە بەزەییەوە دگۆڕدرێت بە کەسکی خاوەن بەزەیی و دەسزی هەژاران. ئەم لەوانیە هەوڵکی دیکنز بێت بۆ ئاوەی هیوای ئاگری چاکسازییمان پێبدات لە سەرمایەداریدا. کات خەرا کینۆە بە سەردەمی ئەمڕۆ، بەمان ڕوون دەبێتەوە کە خیاڵکای دیکنز نەهاتۆتە دی، چونکە سەرمایەداری ناتوانێت دەستبەرداری نایەکسانی و باڵادەستی بێت، ئەمش مانای وایە کە هەتاکو ئەم سیستەمە لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە، نەهامەتی سەدان ملیۆن مرۆڤ بەردەوام دەبێت.

قۆیرانەکانی سیستەم و قوربانییەکانی، کۆڤید- ١٩ وەک نموونەیەک:
لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابووردوودا، پێتای کۆڤید تیشکی خستە سەرقووڵایی ئەو نایەکسانیەی کە ئەمڕۆ هەیە، و ڕەنگە بە یەکەم جار، سەرنجی بە ڕادەی گرنگ و حیاتیی "کرێکارانی بنەڕەتی" لە پاراستنی سەلامەتی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگاکانمانی ڕاکێشا. ئەم دستەواژەیە بووە یەکێک لە ووشە بەناوبانگەکانی سەردەمی کۆڤید، کرێکارانی بنەڕەتی بە زۆرینەی ئەو کرێکارانە پێناسە دەکرێن کە لە بواری تەندروستی، پێرواردە و چاودێری کۆمەڵایەتی، پاک و خاوێنی، گواستنەوە، ئاو، خۆراک و بواری تردا کار دەکەن.
ئەوەش بە ڕوونی ئاشکرا بووە کە ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە، کە تا ڕادەیەکی زۆر پاشپشتی ئابووری ووڵاتان دەکەن، بە گشتی بە بشترینن و بڕکەوتووی ئیستغلالکردنن، هەروەها داتا فەرمیەکان دەریانخستوە کە ئەو چینە لە هەمان کاتدا زۆرترین بڕکەوتووی مەترسییە پیشەییەکانی پەتاکەبوون. جگە لەوەش، ئەم گرووپە زۆرترین زیانی بە هەی دەرئەنجامە درۆژخایەنە ئابووری وکۆمەڵایەتی و تەندروستیەکانی پەتاکەوە لەکەوتوەتەوە. و لەهەموشی گرنگتر ئەوە ڕوون بووەتەوە کە ژنان و پەنابەران و کرێکارانی کەم داهات، زۆرینەی زۆری ئەم توێژە پێراوێزخراوانە پێکدەهێنن. شایانی باسە، ئەم ئیهتمامە بە چینە لەبیرکراوەکان و ڕەنجی نۆرینی جیاوازی چینایەتی لە سەر ژیان و چارنووسیان تەنیا شتێکی سەرزارەکی بوو و لە لایەنی میدیایی وپڕزانینی مەعنەوی بە هەوە و قوربانیەکانیان لە سەردەمی پەتاکەدا تەنپڕەی ونبووە هەی ڕەنگدانەوە وهیچ گۆڕانکاریەک لە واقیعی ماددی ژیانیاندا، کەواتە نایەکسانییەکان لەشوێنی خۆیان ماونەتەوە و تەنانەت قووڵتریش بوونەتەوە.

پەتاکە کۆتایی هات، و زیاتر لە دوو ساڵ زاڵ بووین بە سەر

ەوشوێنە تەندروستیەکانیدا، هەرچەندە تا ئێستاش بەشێکی زۆر لە کەمپگاکانمان بە دەست ئاکامە کەمایەتی و ئابووریەکانیەوە دەناڵێنین. لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغەدا، تەنانەت ئەو ئاوەدانەوە سەرزارکیەی بە کرێکارانی بنکەتی و باقی تۆڕە پەراوێزخراوەکان ووردە ووردە کاڵ بووەوە و شتێکان بە ئەوان گەڕایەوە بە ئەوەی پێش پەتاکە وخراپتریش. لێرەدا ڕاستیێک هەیە کە ناتوانرێت پشت گوێ بخرێت، ئەویش ئەوەیە کە زۆرێک لەو کرێکارانە کە زۆربەیان کاری کەم مووچە ونا زامنیان هەیە، بە گرێبەستەی سەعاتی سفرەوە، هەموو ڕۆژێک لە ساڵەوە ڕووبەڕووی نا ئەمنی دەبنەوە، پەتا هەبەت یان نا. بەڵام قیرانەکان دەرفەتێک بە ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان دەخسێنن کە دەسەڵاتی خۆیان بە سەر کرێکاراندا پتەوتر بکەن و پاشکۆیان بە سەردا بسەپێنن لە پێناو چەسپاندنی پایەکانی سیستەمی نایەکسانی.
پەتای کۆڤید تەنها قیرانێکی تەندروستی نییە، بەڵکو قیرانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیە کە کاریگەریی فرە ڕەهەندی هەیە. پەتاکە دروست کەری نایەکسانی چینایەتی نێوان بەڵکو تیشکی خستە سەر ئەو نایەکسانیەی پێشتر هەبوو و گەورەتری کرد. ڕاستیێکە کە بارگرانی پەتاکە لەسەر هەموو دانیشتوان چونیەک نەبوو، ئەویش لە بەر ئەوەیە کە زۆرێک لە "دیاریکەرە کۆمەڵایەتیەکانی تەندروستی"* – لەوانەش هەژاری، خراپیی ژینگەی فیزیکی وەک پیسبوون و بەرکەوتن بە دووکەڵ و ئاوارەیی و خراپی خانووبەرە و ڕەگەز- کاریگەریی بەرچاویان لەسەر دەرئەنجامەکانی هەبووە.
با سەیری بەریتانیا بکەین، کە لەوێ شەشی پیشەسازی سەدەی ١٨ و ١٩ بە جیهاندا بڵاو بووەوە. ئەمڕۆ زۆرێک لە خەزانەکان لە ماڵی سارد و شێدارداد دژین کە یان ئامرازی گەرمیی پێویستیان نییە، و یان توانای خەرجییەکانی گەرم کردنەوە نادەن. زۆر کەسی دیکە- کە زۆربەیان گەنجی بێکار کراون- لە ژێر پردەکاندا یان لە بەردەم دەرگای میترۆکاندا دەخەون. ڕاپۆرتە فەرمییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم ووتە لە دوای ساڵانی ١٩٥٠ کانەوە گەورەترین دابەزینی ئاستی ژیان بەخێوەوە دەبینێت و زیاتر لە یەک لەسەر سێی منداڵان و یەک لەسەر چواری گەورەسانان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دژین.
"هاوپەیمانی کۆتایی هاتنی هەژاری سووتەمەنی" ** مەزەندە بەوە دەکات کە لە ساڵی ٢٠٢٢/٢٠٢٣ بە هۆی ژیان لە ماڵە ساردەکاندا، لە زستانی ئەم ساڵەدا ٤٩٥٠ مردنی زیادە لە بەریتانیا هەبووە.
ڕۆژنامەی لانسێت ووتارێکی لە سەر "پەداچوونەوەی ڕاپەرتی مارمێت- ٢٠٢٠" بڵاوکردەتەوە (ڕاپەرتی ئێسێی لە ساڵی ٢٠١٠ دا دەرچووبو)، کە تێیدا هاتووە کە "لەگەڵ ڕووداندی گۆشەگیریدا کۆمەڵایەتی و

ئابووری، پێویستە تەندروستی بەردەوام بێت لە باشتر بووندا"، و "ئاپارتی مارەت ٢٠٢٠ تیشک دەخاتە سەر ڕووتی نیگەرانکاری بەرەو دابەزینی تەندروستی لە ئینگلتەرا و هۆشیاری دەدات کە کۆمەڵگا بەرگەی کەمتەرخەمی دەربارەی نایەکسانیی تەندروستی ناگرێت". هەروەها لە ووتارەکەدا هاتووە کە "هەرچەندە زۆرێک لە پشنیارکەران، وەک کەمکردنەوەی هەژاری منداڵان و کەمکردنەوەی کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوا، لە سەر بنەمای ئەو بۆچوونەن کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئینگلتەرا وەرگیراون، بەڵام کاریگەریی بەرچاوی جیهانییان هەیە".
لە عێراقدا، خەڵک بە دەست کاریگەرییەکانی سیاسەتی سەرمایەداری جیهانییەوە دەناڵێنن، بە هۆی شەڕ و ئاوارەیی و کێچ و هەروەها سیاسەتی دەوڵەت کە تەواوکەری سیاسەتەکانی سەرمایەداری جیهانین، کۆڤید-١٩ تەنها قەیرانێکی تر بوو کە زیاد کرا بە ئەو چەندین قەیرانە قورس و گیرخواردوو و بەچارەسەرانەی کە هەن. پرسەکانی گەندەڵی و خراپی بەڕێوەبردن و هەروەها تێکدانی سیستەماتیکی سیستەمەکانی تەندروستی گشتی وپەروەردەی گشتی وژینگە و گواستنەوە و گەیاندن هێڵانە باری ژیانی خەڵکیان قورستر کردووە، ئەمە جگە لە قەیرانەکانی مووچە وجیاوازی بەرین لە پلەکانی مووچەدا و قەیرانی سووتەمەنی ئاسودەیی و ئارامی لە زەرینەی ماڵەها سەندەتەوە. یاسا کۆنەپەرستە پیاوسالارەکان هەموو کەمەڵگا، نەک هەر ژنان، ووبەووی چالەنجی یەکجار گەورە دەکاتەوە بە هەی بووژانەوەی ستانداردی پیاوسالاری و تووندوتیژی خێزانەکی وتایفگەرایی، کە بە دەوری خەی جیاوازییەکان و نایەکسانییەکان قووڵتر دەکەنەوە.
نەتەوە یەکگرتووەکان عێراقی بە پێنجەم ووڵاتی بەرکەوتەی گەرمبوونی جیهانی و گۆڕانی کەشوهەوا پێڵێن کردووە. ووشکەساڵی، بیابانبوون (التصحر)، زیادبوونی هەژە و چەیی زریانە خۆڵییەکان، پیسبوونی ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی نیشانەکانی ئەم قەیرانەن. بە دڵنیاییەوە، کاریگەرییەکانی هەموو ئەم قەیرانانە لە عێراقدا هەهەند و دەرئەنجامی جیهانیی فراوانی هەیە.

لەم هەژانەدا، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤ نزیک دەبینەوە و پێشوازی لە ساڵی نوێ دەکەین، لە کاتێکدا ئاسان نییە باسی یان تەنانەت بییر لە شتێک بکەینەوە جگە لەو وێرانکاری و شوێنەی کە لە چواردەورەوە هەڵگیرساون و بوونەتە واقیعی هەژانەی ژیانی ملیۆنەها کەس، و کارەساتەکانی کەشوهەوا کە دووبارە دەبنەوە و تووندی و وێرانکارییان زیاتر وزیاتر دەبێت، پێویستمان بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ نییە بە ئەوەی بزانین هەمان ملیۆنەها کرێکاری بنەڕەتی،

زەحمەتکێشان، چینێ هەژارەکان و ژنان و هەموو تووژێ فرامۆشکراوەکانی تر، کە ژیانی هەژانیان بەستراوەتەوە بە ئارەزووەکانی کەمینەیەکی مشخۆر لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا، هەر ئەوانن کە پشکی هەرە گەورەی نەهامەتییەکانی ئەو شێوە وکارەساتانە هەدەگرن.

ئاسەی گۆڕانکاری:

لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و دەستکەوتە زانستییەکانەوە، ئاسۆیەکی زۆر بەرین لەبەردەم مرۆڤایەتیدا کراوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر و بەرزترین پلەی تەندروستی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموان، و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی کارەساتە ژینگەییەکان و پەتا تەندروستییەکانی داهاتوو، ئەویش بە هێکخستنەوەی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سەر بنەمای دابینکردنی پێداویستیە ماددی و مەعنەویەکانی مرۆڤایەتی لە جیاتی ئەم سیستەمی سەرمایەداریە کە لە سەر بنەمای دروستکردنی قازانج وکەبەکە و نایەکسانیە.

بەڵام لە سایەی ئەم سیستەمەدا، کەمێکی بچووک لە سەرمایەداران وەک ئیلۆن ماسک و جێف بیزۆس و هاپیشە سەرمایەدارەکانیان، دەستیان بە سەر چەندەها ملیار دۆلاردا گرتووە، بە جۆرێک کە توانای کۆنتڕۆلکردنی چارەنووسی مرۆڤایەتییان پێ دەدات وتەواوی دانیشتوانی هەسارەی زەوی ملکەچی خواست و ئیگۆکانی ئەمان بن. ئەوتا ئێستا ئەم دوو پیاوە خوازیارن گەشتی ئاسمانی تایبەتی بەخۆیان بە بۆشاییەکانی ئاسمان بە هەرکەسێک کە بیەوێت، ئیتر ملیارەها دۆلار لەم بوارەدا خەرج دەکرێت چونکە سەرمایەداری هەمیشە پێویستی بە فراوانکردنی بازاڕەکانیەتی بە تێپەڕدانی قەیرانەکانی خۆی. خواستەکانی سەرمایەداران تەنیا لە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی بۆشایی ئاسماندا سنووردار نیین، بەڵکو ئێستا ئاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنە سیاسییەکانیش هەیە. ئەوتا ماسک، بۆشخسی، زیاتر لە چارەکە ملیۆنێک دۆلاری بەخشیوە بە هەڵبژاردنی دۆناڵد ترامپ بە خولی دووەمی سەرکایەتی ئەمریکا، و لەم دواییانەشدا وەک هاوسەرەکی دامەزراوەی (بەڕێوەبردنی کارایی حکومەت) دەستنیشانکراوە. ئەرکی ئەم دامەزراوەیە بڕینی ٢ تریلیۆن دۆلار لە خەرجییە فیدراڵییەکان. ئەم سیاستە کێنپەرستانەیە، بە شێوەیەکی سەرەکی سنووردارکردنی خەرجییەکان لەسەر دوو بەرنامەی چاودێری تەندروستی حکومی (مەدیکەر و مەدیکەید) و پرسی بە خانوبەرەیی دەکەنە ئامانج. ماسک پێی وایە کە "تاکە ئاوارەکان لە ڕاستیدا زەمبی تووندوتیژی ماددە هۆشبەرەکان و چاویان مردووە و

دەرزی و پیسایی مرۆڤ لەشقامەکاندا" و "هەتا پارە زیاتر بۆ ئاوارەیی خەرج بکرێت، خراپتر دەبێت". واتە ئێستا ماسک ئێ و باڵادەستیی بەرزی لە داشتنی سیاسەتێ کۆنەپەرستەکانی دەوڵەت و شۆڕەی حکومەتی داهاتوودا هەیە. باقی ملیاردێرەکانیش ڕێزیان بەستووە، و بە پڵەن، بە چەکی چەندەها ملیۆن دۆلاری پشتیوانی سەرەکی هەبژێردراو دەکەن، بە دنیابوون لە گەیاندا لە ژێردەستەیی هەموو لایەنکانی ژیان بە بەدەستهێنانی قازانجی تایبەت و پتەوکردنی ڕێزەکانیان بە سەرکوتکردنی هەر بزووتنەوەیەکی ناڕازایەتی بە دژی.
بە پێی دواترین ئامارەکانی گۆڤاری فۆربس، سامانی ماسک نزیک بە نیو تریلیۆن دۆلارە. سامانی کەسێی ئەو کە ٤٤٢ ملیار دۆلارە، تەنیا لە ماوەی دوو مانگی ڕابووردوودا نزیکەی ١٨٠ ملیار دۆلار گەشەی کردووە، زۆربەی ئەم زیادبوونەش لە شەش حەفتەی دوای دووبارە هەبژاردنەوەی دۆناڵد ترامپ بە پۆستی سەرەکایەتی ئەمریکا ڕوویداوە. بە دنیاییەوە، ئەو بڕە پارە فەلەکییانە دەتوانن قەیرانە جیهانییە جۆراوجۆرەکانی وەک برسێتی و هەژاری چارەسەر بکەن، یان کۆتایی بە ئاوارەبوون و بێخانوولانێیی و یان چارەسەرێک بۆ شەرپنجە بدزنەوە، یان مەترسییەکانی کارەساتی ژینگەیی دوور بخەنەوە. بەڵام ئەم پرۆژانەی کە پێوەندی بە ٨.٢ ملیار کەسەوە هەیە و دەکرێت سوودی لە ببینێت، ناگەنەوە بە قازانج و گەرەنتی باڵادەستی ئابووری و سیاسیی بە ئەم پارەزرانەی ملیارەها دۆلار ناکەن، بەڵێ هیچ چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت کە ماسک و ئەو ڕێزە درێژەی هاوپیشە سەرمایەدارە ملیاردێرەکانی، نە دەستبەرداری خوونە ئاسمانییەکانیان بن، و نە باڵادەستی و دەسەاتە سەر زەمینییەکانیان.

ئەم هاوکێشەیە پێچەوانەیە و دەبێت بگەڕێت. ئەو ملیارەها دۆلارانەی کە ئەم مشەخۆرانە دەستیان بەسەردا گرتووە، دەبێت بگەڕێنرێنەوە بە خاوەنە ڕاستەقینەکانیان: ئەو سوپا گەورەیەی کرێکارانی بنەڕەتی، هەژاران، زەحمەتکێشان، ژنان، گەنجانی بێکارکراو، منداڵان، کۆچبەران و هەموو چینە پەراوێزخراوەکان. ئەم گەڕانکارییە نە بە پشتبەستن بە هیوای چاکسازی سکرووج دەبێت، وەک ئەوەی دیکنز پێشنیاری دەکات، وە نە بە گۆشبینیی و لێبوردووی ساویلکانەی کارمەندێکی بەب کراتشت. بەڵکو لە ڕێگەی گەڕانکارییەکی هەمەلایەنە و ڕیشەیی لە پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا دێت کە ژیانێکی ئاسوودە و خۆشگوزەرانی بە ٨.٢ ملیار دانیشتووی هەسارەکە دابین دەکات، نەک تەنها بە ژمارەیەکی

بچووک لە چەتە دەریاییەکان.

گەیشتن بە یەکسانی دروشمێک یان خەون و فانتازیا نیە، بەڵکو پێویستیەکی هەرئێستاییە. بۆ بە ئەوە، هەموو ئەوەی کە لە گەشت بە قووڵایی بڕشاییەکانی ئاسمان بەدەستی دەهێنێت، هاوردەکردنی نایەکسانییە لە زەویەوە بۆ گەردوون.

شیرین عەبدوڵا
٢٥.١٢.٢٠٢٤

▪ Social Determinants of Health
** End Fuel Poverty Coalition

گفتوگۆی ڕۆژنامەی ڕووت لەگەڵ شیرین عەبدوڵا دەربارەی هەڵبژاردنی پەرلەمان

شیرین عەبدوڵا: ئەم پەرلەمانە بە هەموو لایەنە ناکۆکەکانییەوە، لە ڕاستیدا لە سەر یەک خاڵی زەر سەرکی یەکدەستن، ئەویش پیاوسالاریە … و هیچ ئاسۆیەکی ڕوونا کتر بۆ ژنان نادات.

ڕووت: زەر لە لیستەکان باس لە جیاوازی ئەم هەڵبژاردنە دەکەن لەوانی پێشووتر، وە بەڕی باس لە تەکشکانی زەرینەی ڕەهای کورسیەکانی پەرلەمان لەلایەن (پارتی)ەوە دەکەن، بەهەکاری جەراوجەر، نەمانی کەتا، کەمی تەزویر، کەمسیەنی سەربەخۆ و بەلایەن و چەیکی دەنگەکان هەر لەلای سندوقەکان و ئایا ئەگەر ئەمانە وابن مانای ئەوەی دەدات، کەبەڕاستی ئاوگۆڕ لە سیستەمی پەرلەمانی کوردستان ڕوودەدات، بەتایبەت لە بەرژوەندی ژنان؟
شیرین عەبدوڵا: هەموو ئەو بەناو گۆڕانکارییانەی لە سیستەمی پەرلەمانیدا باسی لە دەکەن، هیچ شتێک نیە جگە لە دانی ڕووکەش و پەردەیەکی مۆدەرن بە سەر درۆدان بە کۆنەپەرستی و بە مافی ژنان

و هەموو ستەملێکراوانی کەمەنگا. ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕزگاری ژنانەوە بێت، کاتێک دەتوانین باسی گەندەڵکاری ئەرەنی و باش بکەین لە بەرژەوەندی ژنان، کە ژنان لە هەرەمدا هەست بە ئاسوودەیی بکەن؛ چ لە ماڵەوە و چ لە شوێنی کار و چ لە سەر شەقام و پێگاوبانەکانی ئەم ووڵاتە. ئاسوودەیی بە مانای ئەوەی:
لە مەترسی کوشتن و سوتاندن و تووندوتیژی و دەستدرێژی جۆراو جۆری ناو خێزان و دەرەوەی بە دوور بن.
ژن و پیاو یەکسان بن لە بواری خوێندن و کار و بەیاردان لە سەر چارەنووسی خۆیان و خانەوادەکانیان.
هەڵەشەی پێشێل کردنی مافە کۆمەڵایەتی و کەمەڵایەتی و ئابووریەکانیان لەسەر نەبێت.
ناچار نەبن واز لە کارکردن، یان خوێندن و چالاکیەکانی تریان بهێنن و بخزێنە ماڵەوە بە بەخێوکردنی منداڵ و پیر و نەخۆشەکانی فامیلیەکانیان بە پێ کردنەوەی ئەو کەلێنانەی سیستەمەکە و دەسەڵاتداران دروستیان کردوە بە بەنەی تێکدانی سیستەماتیکی کەرتە گشتیەکانی تەندروستی و خوێندن و خزمەتگوزاریەکانی تریان.
ژنان بتوانن بە ئاسانی دەستیان ڕابگات بە خزمەت گوزاری تەندروستی و دادگایی بە کۆشکانیان، وە بەبێ هیچ پێگریەکی کەمەڵایەتی یان ئابووری.
ژنانی دوو گیان یان نەخۆش بەرەو ڕووی گومان و سوکایەتی و تووندوتیژی نەبنەوە.
بە چاوی سووک و باوەڕ پێ نەکردنەوە سەیری کۆشەی یاساییەکانیان نەکرێت.
کاتێک توشی تووندوتیژی و زەوت کردنی مافەکانیان دەبن هەست بە پشتگیری تەواوی یاسا و دامودەزگاکانی بکەن.
بە هەی چالاکی سیاسی و کەمەڵایەتی پێشکەوتنخوازیەوە تووشی کوشتن و ئۆشکەنجە و شاڵاوی کۆنەپەرستانە نەبن.
ئەگەر باس لە گەندەڵکاری بکەین، ئەمانە و زۆر خاڵی دیکە هەیە کە دەبێت پەرەرەکانمان بێت بە گەندەڵکاری و لەخۆمان بپرسین ئایا ئەمە وەک ژنان تا چ ڕادەیەک ئومێدمان بە هیچ کام لەم لایەنانە هەیە و ئایا شێوە و پێکهاتەکانیان چەند پەیوەندی بە ژیان و خۆشگوزەرانی ئەمەی ژنەوە هەیە و چەند لە نیگەرانی و بە مافیەکانی ئەمەی ژن کەم دەکەنەوە. ئەو ئاوگەڕانەی سیستەمی پەرلەمانی کاتێک مەعنای دەبێت کە بەشێک بێت لە پاکێجێکی ئاوگەڕی یەکسانیخوازانە و ئازادیخوازانە لە سەراپای (کوللی) سیستەمەکەدا، بەڵام دەبینین پەیامەکانیان پڕ لە دەمارگیری مەزهەبی و کۆنەپەرستی و دژە ژنی و دژە ئازادی.

ووت: زۆر لە حیزبە نوێکان (نوێی نوێ، ووتی هەڤوەست، بەڕێی گەل) دەبن ئاگەر خەڵک بایکۆتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بکات، ئەوە بۆ قازانجی (یەکێتی) و (پارتی)یە و بۆیە پێویستە خەڵک بەبەرفراوانی بەشداری ئەم دەرفەتە بکەن، ئەوە دەبن چی؟

شیرین عەبدوڵا: ئەوان پێویستیان بە دەنگە بۆ مسۆگەر کردنی کورسییەکانی پەرلەمان و بەشی خۆیان لە تاڵان و چەتەگەری و گەندەڵی ژەمدا. داستە لەوانیە بەشداری نەکردن لە دەنگدان لە بەرژەوەندی (یەکێتی) و (پارتی) بگەڕێتەوە، بەڵام نە ئەوان و نە هێزە تازەکانیش هیچ ئاسۆیەکی ڕووناک بۆ باشتر کردنی ژیان و چارەنوسی ماف زەوتکراوەکانی هەرێمیان پێ نییە.
بۆ لای منەوە ژنان و هەموو تۆژە ستەملێکراوەکان ئاگەر پێنج مەری خۆیان بدەن لەم هەڵبژاردنە ئەوە دەنگدانە بۆ چەسپاندن و درێژە پێدانی کۆنە پەرستی و ئەو پیاو سالاری و سیستەمە دژە ژنەی کە چەندین ساڵە هەیە و ئاسوودەیی لە بەیوین. ژنان و کرێکاران و نەداران بۆ درێژایی تەمەنی ئەم هەرەمە، هەمیشە و بۆ شۆیەکی سیستەماتیک دوور خراونەتەوە لە سیاسەت و بەشداری کردن لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان. ئەم هات و هوریایەی کە دەیبینین و دەیبیستین لە ڕاستیدا هیچ مانایەکی واقیعی بۆ ژیانی زۆربەی هەرە زۆری ژنان و چەوساوەکانی ئەم هەرەمە نییە و هیچ لەو دەخە سامناکەی ژیانیان کەم ناکاتەوە، بۆ پێچەوانەوە، ئەم پەرلەمانە بۆ هەموو لایەنە ناکۆکانییەوە، لە ڕاستیدا لە سەر یەک خاڵی زۆر سەرەکی یەکدەستن، ئەویش پیاوسالاریە و درێژە پێدانی ئەو سیستەمە دڕین و نڕینەیەی چەوسانەوەی ژنان و ستەم لێکراوانە و هیچ ئاسۆیەکی ڕووناکتر بۆ ژنان نادات.
ووت
: بەرنامەی سیاسی و ئابووری و ئاوگۆ لە ژیانی خەڵکی کوردستان، بەتایبەت کرێکاران و هەژارانی کوردستان لە هیچ لە لیستەکان دا نەهاتووە، یان زۆر بەکەمی هاتووە، ئایا بۆ کاریگەری ووتی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی بەم هەڵبژاردنەوە لاوازە و گوشاری ناڕازیتیەکانی بەم هەڵبژاردنەوە زۆر کەم دیارە و زیاتر مەرکی شکستی حیزبی ڕووتە لەسەر کورسی دەسەڵاتی سیاسی و سەرمایە و مانەپەلکردنیانە؟

شیرین عەبدوڵا: ناڕازیەتی و خۆپیشاندانەکان لە هەرەمدا کاڕ بۆ کاڕ لە زیادبوونداین، بەڵام تائێستا نەیتوانیوە ببێتە فشارێکی

جددی لەسەر دەستات، لە لایەک بە هەی سەرکوتی خوێناوی و لە لایەکی ترەوە بە هەی نا ئامادەیی و کەم تێکخراوبوونی هێزی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە گشتینی تەرازووی هێزکان لە کەمتێگدا.
ئەم حیزب و لایەنانەی شێوەی پەرلەمان دەکەن ئەستا، زۆر نامێن بە داخوازیکانی ژن و پیاو و لاو و منداڵ و پیری هەرەم و خۆشگوزەرانییانەوە لەبەرئەوەی کە ئەوان نوێنەری ئەم خێڵکە نین و بەرژەوەندییەکانی ئەمانیان لە ئاجێندا نییە، بە پێچەوانەوە، دەبینین کەمپەینەکانیان لەسەر ستایشی دۆناڵد ترەمپ و سەرکەکانی ئەمریکا و ئەوروپا بە تێچووی چەندەها ملیۆن دۆلار بەڕێوە دەچێت، وەهامی ئەوان بە کێشەکانی مووچە و بێکاری و گرانی و نەبوونی ئازادیکان، سەرکوتی زیاتری ناسنازاییەتییەکان و کوشتن و دەستگیرکردنی چالاکوانان بووە و هیچ چارەسەرێکی ناکرێت کە لە پەرلەمانی داهاتودا شتێکی جیاواز بکەن.

٢٠٢٤-١٠-١٨

---

(٨)ی مارسی ٢٠٢٤، چالەنجەکان و ئاستەنگەکانی خەباتی ژنگاریخوازی ژنان لە ناوچەکەدا.. شیرین عەبدوڵا

سیستەمی سەرمایەداری لە ئەستادا بە یەکێک لە گەورەترین و قوڕسترین قەیرانە مێژوویەکانیدا تێدەپەڕێت. پەدەچێت لە ئەستادا یەکێک لە سەنتەرەکانی ئەم قەیرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا چەبوبێتەوە و ژنان زەرترین پشکی لەکەوتەکانی ئەم قەیرانە لە ئەستە دەگرن.
ئەم شاهیدی یەکێک لە وەحشیترین کەمپەینکوژییەکانی مێژووین، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەبەردەم چاو و گوێی مرۆڤایەتیدا دەگوزەرێت، کە بریتیە لە پێنج مانگ شەڕی جینۆسایدی غەزە. تاوانی ترسناک و

دەندەیی و دەستدرێژی بکەمەر لە سودان ڕووداوات بە پەردەپۆشی تەواوەتی میدیاکان. هەروەها ناتوانین چاوپۆشی بکەین لەوەی کە لە ناوچە ناکۆکەکانی دەوروبەر لە زەرەک لە وەاتانی ناوچەکەدا ڕووەدەن.
پۆیستمان بە تەوانینەکی زەر ورد نیە بە ئەوەی بزانین کە شەڕ و برسێتی و پەتا و لافاو و پیسبوونی ژینگە بوونەتە بەشێک لە دیاردەکانی ژیانی ئاسایی زەرینەی ڕەهای خەڵک، ئەمانە هەمووی نیشانەکانی ئەم قەیرانە خنکێنەرن لە ژێر سایەی سەرمایەداری و میلیتاریزمەکەی و سیاسەتە ئابووریە نیولیبراڵییەکانی کە هیچ چارەسەرێک پێشکەش ناکەن جگە لە سەپاندنی هەژاری زیاتر، نایەکسانی، بێکاری، و تێچووی زەری ژیان و لەناوبردنی ژینگە بە دەستبەرکردنی قازانجەکانی. ئەم دیمەن و باکگراوندی (٨)ی مارس (ئازار)ی ئەمساڵ.
ئەمانە، لەگەڵ زاڵبوونی دەسەڵاتە ئیستبدادی و سەرکوتگەر و پیاوسالارە دژ بە ژنانەکان لە زەربەی وەاتانی ناوچەکەدا.
سەرمایەداری بارگرانی قەیرانەکانی دەخاتە سەر شانی ژنان و پەنابەران و باقی گروپە پەراوێزخراوەکانی کەمەگا، کە دەستیان لە دروستکردنی ئەم قەیرانانەدا نیە، بە ئیستغلالکردنیان وەک سوپای یەدەک (احتیاط) و سەرچاوەی کاری هەرزان و سەخت و ناجێگیر هەر کاتێک کە بازاڕ پۆیستی پێیان بێت، و پاشان دەرکردنیان لە کار لە کاتی قەیرانەکاندا و هەرکاتێک پۆیستی بازاڕ کەتایی هات.
لە کاتی قەیرانەکانی سەرمایەداریدا، چینی دەسەڵاتدار و نوێنەرانی دەرفەتێکە دەقزنەوە بە لەسەندنەوەی ئەو دەستکەوت و مافانەی کە تووژە چەوساوەکان، لە ڕەگەی خەباتی سەخت و خوێناوی خەیانەوە بە درێژایی دەیان ساڵ بەدەستیان هێناوە، بە بیانووی "بەرژەوەندی ووڵات"، "ئاسایشی نەتەوەیی" و "دوژمنی دەرەکی" هتد.. بە کەمکردنەوەی خزمەتگوزاریە گشتیەکانی وەک پەروەردە، تەندروستی، گواستنەوە و نیشتەجێبوون، بەیە بێکاری زیاد دەکات، بە ژنان ئەستەم دەبێت بتوانن کەبەکە لەسەر ئەو کارە کەمانە بکەن کە لە بازاڕی کاردا بەردەستن، و ناچارن ڕازی بن بە بارودۆخی کارکردن و کرێی نزمتر، یان بەتەواوی بازاڕی کار بجێبهێڵن و لە ماڵەوە بمێنەتەوە بە بەخێوکردنی منداڵ و بەساڵاچووان و خاوەن پەداویستیەکانی ناو خێزان کە بەهۆی بینی خزمەتگوزاریەکانەوە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ خراون.
قەیرانەکان زەر لەسەر دۆخی تەندروستی (جەستەیی و دەروونی) ژنان دا ڕەنگدەداتەوە، بەو پێیەی پیاوانی خێزان لە کەمەگەی پیاوسالاریدا ئەولەویەتیان هەیە لەسەردانی پزیشک و تێچووی چارەسەرکردن و خەراک

و پەروەردە... هتد وە گەورەترین پشکیان لە داهاتی کەمی خەزانەکە بەردەکەوێت. زەرجار لەکەینەوە دەخوێنەوە و دەبیستین کە ئاماژە بەوە دەکەن کە ژنان بە هۆیەکی زیاتر لە پیاوان تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبن، بەڵام زەرینەی ئەم توێژینەوانە هەی ئەو کەمەگە پیاوسالارە پشتگوێ دەخەن کە تێیدا ئەم بارودۆخانە لەنێو ئەو ژنانەدا سەرهەڵدەدەن کە جگە لە هەژاری و پەراوێزخستن، بەدەست هەڵاواردن و توندوتیژی سێکسی و خەزانیەوە دەناڵێنن. سەرەڕای گرنگی دەستنیشانکردنی دەروونی لە حاڵەتە تاکەکاندا، پێویستە فراوانتر بیر بکەینەوە و ئەو سیستەمە ستەمکارییانە هەبوونیشیان هەیە کە هەموومان نەخۆش دەخەن.

بیرکەی بکەیلەکردنی ژنان لە داهێنانی سەرمایەداری نەبووە، ئەو شکستە مێژوویەی ژن کە ئێنگڵس باسی دەکات، زەر پێش سەرمایەداری هەبووە و دیاردەیەکی خەباتخۆ بووە لە ئێنجامی دابەشکردنی خەباتخوازی کار و خاوەندارێتی ئامرازەکانی بژێوی لە خەزاندا، بەڵام سەرمایەداری داهێنەریی لە بەرهەمهێنانەوەی و شارەزابوون لە بە کاڵاکردنی ژندا بووە، بە خستنەگەڕی ماشێنکی میدیایی و سیستەمکی فیکری و کەڵتووری کۆنپەرست و پیاوسالارەوە، وەک یاساکانی هاوسەرگیری، تەڵاق، صیغە، میرات، لەباربردنی منداڵ.. سەرمایەداری هەموو لایەنەکانی ژیان دەقزێتەوە بە دەزینەوەی بازاڕێک بە کاڵاکانی و بەدەستهێنانی قازانج، تەنانەت هونەر و ئەدەب و هەستی مرۆڤی وەک هێژی دایک و ڤالانتاین و ئارەزووی منداڵبوون و زەر شتی تر، هەموویان لە ناوەڕۆکی ئینسانی خۆیان بۆتاڵ دەکرێنەوە و دەکرێن بە کاڵا و بەکاردێن بە پێکردنەوەی حسابی بانکی سەرمایەدارەکان.

هەموو ئەم دیاردانە لەم ساڵانەدا لە وڵاتانی ناوچەکەدا بەخرایی تەشەنە دەکەن، وەک دەبینین بوژانەوەی کەرتی تایبەت و سەدان قوتابخانە و نەخۆشخانەی ئەهلی کە زەربەی زەری خێرک دەرەقەتی تێچووکانی نایەت، لەسەر حیسابی بینی بودجەی کەرتی گشتی و تێکچوونی خزمەتگوزارییەکان تیاییاندا، و سەدان کلینیکی جوانکاری و ێکلام بە "بەرهەمکانیان" و هاندانی ژنانی گەنج (هەروەها کوانیش) بە تێکدانی جەستەیان و نەشتەرگەری جەراوجەر. هەموو بانە و جۆرنە باوکان دەبنە فشارکی ئابووری گەورە لەسەر ملیۆنەها کرێکار و زەحمەتکێش کە لە ژێر فشاری کەمپانیاکانی ێکلام و میدیادا ناچارن بەشکی بەرچاو لەو داهاتیان کە لە بنەڕەتدا کەمیش، بە دیاری بە ئازیزانیان خەرج بکەن، و دەرگیری بارکی قورستر دەبن لەوەی کە لە توانایاندابێت. گەورەترین سوودمەندە سەرمایەداران و بانکە نودوڵەتییەکان.

لە هەمان کاتدا کە بارودۆخی تونژە چەوساوەکان، و لە سەروشیانەوە ژنان، بەرەو خراپتر دەچێت، سامانی سەرمایەدارەکان زیاتر دەبێت و سەروەت و سامان زیاتر و زیاتر لە دەستی گروپێکی بچووکدا دەمێنێتەوە کە سود لە دۆخە قەیرانەویەکان و نەهامەتی ملیۆنان کەس دەبینن لە پێناو قازانج لە هێگەی بازرگانی چەک و دەرمان و کەرەستەی پزیشکی و خۆراک و باقی پێداویستیەکانی کەهێگا، بە پشتیوانی تەواوی دەوڵەتان و ژمارە بەرژوازییە دەسەڵاتدارەکان.
سەرمایەداری لە هەر شوێنێک بێت، دەرفەتێک دەدزێتەوە بە چنینەوەی قازانجی زیاتر بە هەر شێوەیەک بێت، وە گرنگی بەوە نادات ملیۆنەها کەس تووشی داهاتوویەکی نادیار ببێت، لەپێناو ڕزگارکردنی بانک و ملیاردەرەکان.
ئەوەش زانراوە کە سیستەمی سەرمایەداری هەموو قەیرانەکانی دەقزێتەوە بە داسەپاندنی پاشکەشەی ماددی و مەعنەوی بەسەر زەربەی جەماوەردا و هەرچەند قەیرانەکە تووندتر بێت، هەرشی کۆنەپەرستانە بەهێزتر و تووندتر دەبێت، پشکی ژنانیش زیاتر دەبێت.
ئەوەی ژنان لە ژێر دەسەڵاتی ژمارە پیاو سالار و ئیستبدادیەکانی وڵاتانی ناوچەکە پێش ئەم شۆڕشە و ململانێیانە دەیان ناڕاند بەدەستیەوە، ئێستا چەندین جار زیادی کردووە. ئەوەی بەسەر ژنانی غەزە و سوداندا دێت، تاوانێ و قابیلی بەدەنگی نییە، بەڵام ئەوەی لە ناوچەکانی دیکەی وڵاتانی ناوەڕاستی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا بەتایبەت لە دوای شکستی شۆڕشەکانی ساڵی (٢٠١١) لە میسر و تونس، زەنگی مەترسی پاشکەشەیەکی کەمایەتی و سیاسی دەدەن، بەڵام هاوتەریب لەگەڵ ئەم قەیرانە و ئەم هەرشە دوژمنکارانەیە، توانای شۆڕشگێڕانە و نیشانەکانی بەرەنگاربوونەوەی ژنانی ئازادیخواز و تەحەدای ئەم هەلومەرجە نەهامەتبارە لە گەشەکردنداید.
کەمپەینەکانی حیجابکردنی کچانی گەنج لە بەناو "فەستیڤاڵی تاجی زێڕین"ی ساڵانە و لەم بابەتە، کە بە تووندی لەلایەن دەسەڵاتەکانی ئیسلامی سیاسی ناوچەکەوە پشتیوانی مالی (تەمویل) دەکرێن، شتێک نییە جگە لە دیاردەکانی ئەم هەرشە لە دژی ژنان بە ئامانجی مسۆگەرکردنی تەسلیمی فیکری و جەستەیی نەوەکانی داهاتوو و ئامادەکردنیان بۆ قبوڵکردنی هەژموونی پیاو و ئایدۆلۆژیای دژە ژن و بەم شێوەیە بەکۆیلە کردنیان.
ئازارەکانی ژنانی ناوچەکە لە ژێر دەسەڵاتی نیزامە پیاوسالارییە کۆنەپەرستەکاندا، و باڵادەستی و زیندووکردنەوەی یاسا و نەریتە پاتریارکی و خێڵەکیەکان، ئەو زەمینانەن کە تاوانەکانی کوشتن و تووندوتیژی و بازرگانیکردن و هاوسەرگیریی منداڵان و فرۆشتنی و بەبەشکردن لە مافەکانی جیابوونەوە، میرات و چاودێری منداڵ..

ڕۆژانە ئەنجام دەدرێن.
لە ناوجەرگەی ئەم سیناریۆیە و دیمەنە تاریکەدا و سەرەڕای هەرشی توندی سەرمایەداری و سیستەمە کۆنەپەرستەکانی بە سەر ژنان و چینی کرێکار، ناتوانین دەرکەوتەکانی ڕەخنە و بەدەنگ نەبوون لە بەرامبەر هەموو ئەوەی کە کۆنەپەرست و سەدەی ناوەڕاستییە پشتگوێ بخەین، و هەستێکی گەشەسەندوو بە بەرەوپێشچوونی نیشانەکانی بزووتنەوەیەکی یاخیبوونی ژنانی فراوان لە ئاسەدایە، بە تایبەت لە نێو ژنانی گەنجدا.
چەنگ (تەحەدا) و هاوپشتی نەوەدوەتی و ناڕەزایەتی و ئاپەینەکان لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان ڕوو لە زیادبوونن، بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان لە دژی ئابووری بووژانەوەیەکی بەخێوەبینی، لە ڕەگەی بزووتنەوەکانی وەک (می تووـ منیش) (٢٠١٧) کە تیشکی خستە سەر پرسی هەراسانکردن و زیادبوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بە دژی دەرکەوتەکانی ئازاردانی سێکسی و پشێلکاری لەلایەن خاوەن دەسەڵات و سەلەمێندرا لە دوای ئەمەوە ناکرێت ئەم کردەوانە وەک "ناچار" قبوڵ بکرێن، ململانێکان بە مافی ژاوژاو و لەباربردنی منداڵ لە زۆر ووڵاتانی جیهان بەردەوامە.
هەروەها وەک ئاشکرایە، کوشتنی (ژینا /مەهسا ئەمینی) لەسەر دەستی پۆلیسی ئەخلاق لە ئێران لە ئەیلوولی (٢٠٢٢ دا) بووە هۆی ئەو ئاپەینە بەرفراوانەی کە زۆربەی شار شارچکەکانی ئێرانی گرتەوە، و بە هاوپشتییەکی نەونەتوایەتی فراوانەوە. ئەم ئاپەینەی کە بە دژی ستەم لە سەر ژنان و حیجابی زۆرەملە سەری هەڵدا، بە خۆرایی بووە ئاپەینەکی سیاسی و جەماوەری بە دژی هەژاری و بێکاری و سەرکوتی سیاسی و فەرهەنگی سیستەمی سەرمایەداری و ڕژێمە سیاسیە ئیسلامیەکەی لە ئێراندا.
ئەم بزووتنەوانە لە ماوەیەکی کورتدا ڕەهەندی جیهانییان وەرگرت و بە بەوای من گرنگیدان بە هاوپشتی نەونەتوایەتی لە نێوان ژنان و بە تایبەت ژنانی چینی کرێکار و خەڵکی هەژار، یەکێکە لە بابەتە جەوهەرییەکانی خەباتی ئەمە لەم قۆناغەدا.
پەتای کۆرۆنا هۆشیارییەکی لەزیاد بووندای دروستکردووە سەبارەت بە نایەکسانی و جۆرە جیاوازەکانی و چۆن نەخۆشی و تەندروستی پلەبەندییەکی کۆمەڵایەتی پێیەو دەکەن: تا باری کۆمەڵایەتی و ئابووری نزمتر بێت، باری تەندروستی و میانگینی (موعەدەلی) تەمەن خراپتر دەبێت.
ڕەنگە بەیەن بارودۆخی ژنان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ماف و ئازادییەکانیان زۆر باشترە لە وڵاتانی ناوچەکە وەک عێراق و سوریا و سعودیە و پاکستان و ئێران و ئەوانی تر و ئەمەش بەتەواوی ڕاستە،

بڕیاری ئەو دەستکەوتانەی کە ژنان لەم وڵاتانەدا بەدەستیانهێناوە بەردەوام نین و هەمیشە هەڕەشەی لەسەرندەویان لەسەرە، هەر وەک چۆن بینیمنان لە کەیسی (ڕۆ- دژی وایدە) لە ئەمریکا کاتێک دادگای باڵا بڕیاریدا یاسای منداڵ لەباربردنی کە بە ماوەی (٥٠) ساڵ بەکار بوو، لە هاوینی (٢٠٢٢) دا هەڵبوەشێنێتەوە.
بزووتنەوەی کرێکاری و ئاپۆیندە شۆڕشگێڕیەکان بە بەرگەگرتنی کاریگەر و چالاکانەی بزووتنەوەی ژنانی ئازادیخوازی ڕادیکاڵ ناتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن. ماوەیەکی یەکجار زۆرە ژنان لە کاریگەری چالاکانە لە سیاسەت و بڕیاردان لە جیهانی پیاوسالاری سیاسەتدا دوور خراونەتەوە، بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، بەڕای کاتی ئەوە هاتووە ئەم هاوکێشەیە بگۆڕدرێت و ژنان گوتاری (خیطابی) ڕزگاریخوازانەی خۆیان بەرز بکەنەوە، بە ئەوەی ئەو هەڵزە گەورە شارڕاوەیەی کە لە بزووتنەوەی ژناندا هەیە، ئازاد بکرێت لەپەناو گەڕانکاری ڕیشەیی و هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەموو شێوازە پیاوسالاری و کۆنەپەرستانەیەی چەندین سەدەیەی بەمان ماوەتەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەتوانێ سەرەتایەک بێت بە ڕزگارکردنی هەموو کەمەگە لە هەموو جۆرەکانی ئیستغلال و هەڵاواردن.

٢٠٢٣-٣-٢

شیرین عەبدوڵا

تەنها ماچێکی خۆبەخۆ، یان ستاندارد بەسەرچووەکانی پیاوسالاری؟.. شیرین عەبدوڵا

پرسی هەراسانکردن و تووندوتیژی بڕامبەر بە ژنان لە هاوینی ئەمساڵدا (٢٠٢٣) جارێکی دیکە هاتە ئاراوە، ئەویش لە ئەنجامی چەند دیمەنێکی تەواو ڕاچڵەکێنەر، کە لەوانەیە زۆر کەس لە گەرمەی خۆشی ووداوەکەدا پشتگوێی خستبێت، کە هەڵسوکەوتی سەرکی فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئیسپانیا، (لویس ڕوبیالێس) بوو، لە کاتی مەراسیمی

دابەشکردنی میدالیاکاندا، پاش سەرکەوتنی تیپی پێی ئیسپانیا بەسەر ئینگلتەرا لە پاڵەوانێتی مەندیاڵی تەپی پێی جیهانی ژنان، کە لە (٢٠)ی ئاب لە ئوستراڵیا بەڕێوەچوو.
لە کاتێکدا یاریزانەکانی ئیسپانیا هەشتا مانا و گرنگیی ئەو دەستکەوتە پیشەییە گەورەیەی خۆیانیان کە چەند ساتێک لەوەوبەر بەدەست هێنابوو، ئاڵوگۆڕیش و ملیۆنەها کەس لە سەرانسەری جیهان تووشی شۆک بوون، بەهۆی ڕەفتارە قێزەونەکانی لویس ڤوبیالێس بەرامبەر بە یاریزانانی ئەو تیپە. ڤوبیالێیس لە پێخشی هاستەوخۆدا، دەبینرا جارێک بە تووندی لە باوەشیان دەگرێت و ئینجا یەکێکیان بە شێوەیەکی بە ڕەز لەسەر شانی بەرز دەکاتەوە، و پاشان بە سەر سووماوی دەیبینین، کە بە تووندی (جینیفر هەرمۆسۆ) لە باوەش دەگرێت و بە زەر ماچێکی دەمی دەکات لەکاتێکدا بە تووندی سەری لەبەینی هەردوو دەستیدا گرتووە و بە شێوەیەک بەرەو لای خۆی هادەکێشێت کە بواری خۆ ڕزگارکردنی نیە. هەروەها ڤوبیالێس لە کلیپێکی کەدا بینرا کە ئەندامی نێرینەی خۆی دەگرێت وەک نیشانەی تەحەداکردن دژی تیپی بەرامبەر.
زەر نائومێدکەر بوو کە هەسوکەوتکانی ڤوبیالێس سایەی بە سەر یاریکەدا پەشی، لەجیاتی ئەوەی سەرنج بە ئەم دەستکەوتە مێژوویییە و ئەو پلەیە بەرزەی پیشگەری و لێهاتوویی یاریزانکان لەو یارییەدا نیشانیاندا هابکێشن، هەموو میدیاکان سەرنجیان چووە سەر پرسی ماچەکە، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو ڕەفتارکانی ڤوبیالێیس قێزەون و قبوڵنەکراو بوون.
لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە کەسەکە لێردا کۆتایی نەهات، بەڵکو لە ڕۆژان و هەفتەکانی دوای یاریکە هەمەتێکی میدیایی ناشیرین و توند لە دژی هەرمۆسۆ بەرپا کرا کە بە درێژن و پیلانگێڕ و هەوڵدان بە تێکدانی ناوبانگی سەرکەکەی و هتد تەمەتبارکرا.
بەڵام ئەوەی ئومێدبەخش بوو ئەو کەمپەنە جیهانییە بوو کە بە پشتگیری کردن لە جینیفەر هەرمۆسۆ و هاوڕێیانی بە ڕەخرا و لەسەر ئاستی جیهانیش دیبەیتێکی فراوانی دروست کرد و بە تایبەتی تیشکی خستە سەر کێشەی توندوتیژی و نایەکسانی ژنان و ئیستغلال کردنی پگەیی دەسەڵات بەرامبەر ژنانی کارەند.
جیهانێکی نا ئاسوودە بە ژن:
ئەوەی لە ڕۆژی مەندیالی ئوستراڵیا ڕوویدا نە ڕووداوێکی سادە بوو و نە ڕەفتارێکی هەڵەی سەرکی فیدراسیۆنی تەپی پێی ئیسپانیا و تەنانەت دامەزراوەی بەد ناوبانگی فیفا بوو، بەڵکو ئەم ڕووداوە بیرخستنەوەیێکی ترسناک بوو بە هەموو ژنان و ئازادیخوازان، کە کەمپەگای ئەڵ شۆنێکی ئاسوودە نییە بە ژن، کەنپەرستییە

باوەکانی پیاوسالاری ڕەگ و ڕیشەی قووڵیان لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا داکوتاوە. هەر جارێک ژن هەنگاوێک بەرەو پێشەوە دەنێت، تەواوانینی پلە نزمیی کۆمەڵگای پیاوسالاری بە بیر دەنرێتەوە، کە ئەو موڵکی پیاوە و سەرکەوتنەکانی سەرکەوتنەکانی ئەون، و سەرەڕای لێهاتوویی لە بواردکەیدا، هەستەنگاندنەکەی تەنها لەسەر بنەمای ستانداردەکانی جوانی و مێینەیی دامەزراوە. هەرچەندە لەرە و لەوە لە هەندێک وڵاتدا دەستکەوتی بەشکی بەدەست هاتووە، بەڵام هێشتا هەنگاوی گەورەمان ماوە کە دەبێت بیبڕین بۆ ئەوەی یەکسانی بەدەست بهێنین.
ئەوەی لە بیستی مانگی ئابدا ڕوویدا، ڕووداوێکی ناوازە نییە، بەڵکو یەکێکە لەو پشڵکارییانەی کە ژنان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە، لەوانەش لە شوێنی کارەکانیان و لەسەر دەستی خاوەنکارەکانی خاوەن دەسەڵات و کۆنترۆڵ، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەبوو کە ئەمجارەیان ڕووداوەکە ڕاستەوخۆ و بە لایف تەمار کراوە هەموو جیهان بینیوێتی، چۆن تەواوی پرسەی دەستدرێژی سێکسی ڕووددات، ڕاستەوخۆ لەسەر شاشە و هەموو پلاتفۆرمەکان پەخش کرا.
ئەمەش پرسیارێک دەنێتە ئاراوە: ئەگەر کارەکان لە ئاشکرادا بەم شێوەیە بن، ئایا لە پشت پەردەوە، دوور لە کامەراکان دەبێت چی ڕووبدات؟
ئەگەر ئەمە لەنێو گروپێکی نەوخبە و پیشەگەردا ڕووددات، وەک یاریزانانی تەپی پێی مێینە، کە لە پێگەی کۆمەڵایەتی و سەرنجی ژمارەیەکی زەر لە بینەران بەهرەمەندن و تاڕادەیەک ئاسانە بڵێین کە کەیسەکانیان بخەنە بەردەم ڕای گشتی و دادگاکان، بە هەی ناوبانگ و توانای دارایی، بەبەراورد بەو ملیۆنەها ژنەی کە ئەژانە بەرکەوتەی ئەم جۆرە هەراسانکردنانن لە جیهاندا، دەخەکە چۆنە لەو شوێنانەی کەمتر بەرکەوتەی سەرنجدانن، لە دامەزراوە و ئۆفیسە گشتی و تایبەتەکاندا، یان کارگەکان، فرۆشگا، کۆگە و هتد، لەلایەن خاوەنکارەکانەوە کە دەسەڵاتیان هەیە؟
کاردانەوەی ڕوبیالیس ئێک وەک کاردانەوەی هەراسانکارێک بوو، هەرکەسێک تەحەدای بکات بە گەمژە، بەعەقڵ، یان ڤاوی و پیلانگێڕی تەمەتبار دەکات، ئەمە جگە لەوەی گرنگی ڕووداوەکە بچووک دەکاتەوە و قوربانییەکە و ئەوانی دیکەش بە شەواندنی ناوبانگ و تیرۆرکردنی کارەکتەری تەمەتبار دەکات. ئەمانە هەمووی بەشکن لە یاریپێکردن بە هەستی قوربانییەکە لەلایەن هەرشبەرەوە و دروستکردنی گومان لەخەی و ترساندنی هەموو ئەو کەسانەی کە بڕگری لەدەکەن.
دەوترێت کە کاردانەوەی هەرمەسە کاتێک دوای ڕووداوەکە پێکەنی وەک

بەگژیەک لە دژی بەکارهێنراوە، و ئەمش بەشێکە لە پیاوسالاری باو، کە ژنکە بە "قبووڵکردنی" تووندوتیژی تەماتبار دەکات، بەڵام بە هەموان ئاشکرایە کە ژن زۆر جار ناچارە هەڵەی ئاسانکردنەوەی دەخێکە بەدات بە ئەوەی لە چەی شەرمەزاری و دروستبوونی جێنجاڵی ڕزگاری بێت. بەتایبەت ئەگەر کەیسەکە پەیوەندی بە پیاوێکی پلەدار و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت.
لە کەیسی هەرمەسەشدا، لە کاتێکدا کە چاوی هەموو جیهان لەسەر ئەو و هاوتیمەکانی بوو، زۆر زەحمەتە پیاوێکی خاوەن دەسەڵات و کۆنترۆڵکی گەورە و دامەزراوەیەکی زەبەلاحی وەک فیفا لەو ساتانەدا تاوانبار بکرێت. قوربانیان بە باشی ئادەی ئەو بەرگرییە کۆمەڵایەتی و دامەزراوەییەی کە پیاوە کاریگەرەکان هەیانە دەزانن، وە ئادەی ئاستەنگە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان و چەی لەکەینەوەکان، سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتی دادوەری و ئای گشتی زۆرجار لایەنگری پیاوان دەگرن، وە تەنانەت لەدوانەکانی ئەوانیش بە جددی وەرناگرن، و بەرپرسیارێتی هەنانی بەگژی پەویست بەیان دەخەنە ئەستۆی خێیان. بەهۆی توانا دارایی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، ئاسانە بە دەستدرێژکاران کە قوربانییەکە بە تەماتی زاندنی ناوبانگ یان شتێکی تر دادگایی بکەن. هەموو ئەمانە دەبنە هۆکاری بەدەنگکردنی قوربانیانی.
پیاوسالاری ڕەگی قووڵ داکوتاوە، بەڵام گەڵانکاریی بەردەوام و بەری پە ناگیرێ!
هاتنە ناوەوەی ژنان بە بواری وەرزش و یارییە جیهانییەکان خێی لە خێیدا دەستکەوت و هەنگاوێکە بە لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەمیان بە دەربەینی تواناکانی خێیان و گەیشتن بە داهێنەری و پێگەی کۆمەڵایەتی خێیان لە کۆمەڵگەدا. و ئاشکرایە ڕزگاربوونی ژن لە شەو و ڕۆژکدا ڕووبەڕووی دەبنەوە لاچوون، بەیە پەویستە هەموو دیاردە کۆنەپەرستانە و پیاوسالارییەکان دەستنیشان بکرێت و بهێنرێتە ڕووکەش بە مەبەستی پەرەپەدان بە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا سەبارەت بەم بابەتانە و لابردنی ئاسەواری فەرمە پیاوسالارییە چەسپاوەکان لە هەر شوێنێک کە هەبن.
وەک دەزانین واقیعی ژنان لە عێراق و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی دوورە لە بارودۆخی ژنان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، لەڕە ژنان لەژێر هەژموونی تەواوی عەقڵیەتی پیاوسالارانەدا ژیان بەسەر دەبەن بە پاڵپشتی سیستەمە کۆنەپەرست و ستەمکارەکان کە تیایاندا پلە ژێرەوەیی ژنان و چەوساندنەوەیان لە یاساکانی دەوڵەتدا

چەسپێنراوە. لەگەڵ ئەمشدا، بەدەستهێنانی هەر پلەیەک لە دەستکەوت بۆ ژنان لە هەر سووچێکی جیهان بەشدار دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی چاوەڕوانییەکانمان و هێنگاوێک بەرەو بەدەستهێنانی یەکسانی.
یەک شتی گرنگ کە لە ئاکامی هێرشکانی ڤیبالیسەوە هاتە ئاراوە ئەوەبوو کە لە ماوەی چەند چرکەیەکدا پرسی تووندوتیژی دژی ژنانی دووبارە گەیاندە سەرنجی هەموو جیهان، وە سەلماندی کە گەڕانکاری دەستی پێکردووە.
لە پاش ئەمەوە، و لە پاشخانی بزوتنەوە جیهانییەکانی وەک (می تووMe too- منیش)ی (٢٠١٧)، هۆشیارییەکی نوێ لە ئارادایە کە تووندوتیژی سێکسی چییە و چۆن دەناسرێتەوە و وەک "خراپەیەکی پۆیست" قبووڵ نەکرێت و پێدەی لەسەر دانەخرێت. ئێستا جیهان دەزانێت کە هێنگاوەکانی ژن بەرەو گەیشتن بە یەکسانی بەردەوامە و ناوستێت و ئەوەی پێشتر لای خەڵک "ئاسایی" دەبینرا، یان پشتگوێ دەخرا، چیتر وا نەماوە.
بەڵام گەیشتن بە یەکسانی بە ژنان بە دابەاو لە هەموو گروپێ چەوساوەکانی تری کۆمەڵگا ڕوونادات. ئێستا، لە کاتێکدا ئێمە لە جەرگەی چەندین قەیرانی جیهانیداین، لەوانە ئاسەواری پاتای کۆرۆنا، شەپۆلەکان، کارەساتکانی کێشوەهوا، قەیرانە ئابووریەکان، قەیرانی گرانی، و سەرلەنوێ گرنگیدان بە نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە ئەنجامی سیاسەتە نیولیبراڵییەکان خراپتر بوون، پرسی گەیشتن بە یەکسانی بە هەموو فۆرمەکانییەوە بووەتە بابەتێکی بەپەلە کە ناتوانرێت دوابخرێت. ئیتر ناکرێ پرسی کەمکردنەوەی هەژاری، بوونی جیاوازییە چینایەتییە بەرفراوانەکان، یان ئەو نایەکسانییە ڕەگەزی و کۆمەڵایەتییانەی کە پاتای کۆرۆنا ئاشکرای کردووە، کە مەترسی ڕاستەوخۆی بە سەر ژیانی ملیۆنان کەسمان دروست کردووە، پشتگوێ بخرێت.
بردنەوەی جامی جیهانی تیپی فووتبالی ژنانی ئیسپانیا دەستکەوتێکی مێژوویی گەورە بوو، بەڵام لەوە گرنگتر ئەو هیوا و ئومێدە بوو کە بە ژنان و لاوانی جیهانی بەخشی کە ستانداردەکانی پیاوسالاری بەسەر چوون و نایەکسانی دەتوانرێت کۆتایی پێ بێت، و هەراسانکردنیان لە لایەن خاوەن پلە و پایەدارەکانەوە چیتر ناشاردرێتەوە.

گرینگی مانگرتنی ئەستای پەرستاران لە بەریتانیا، ئەی لەسەر ژنانی کرێکار و مافەکانیان.. شیرین عەبدوڵا

کۆلیژی شاهانەی پەرستاری لە بەریتانیا* لە ڕۆژی ١٥.١٢.٢٠٢٢، بە یەکەمجار لە مێژووی (١٠٦) ساڵەی خۆیدا، دەستیکرد بە ڕێکخستنی گەورەترین مانگرتنی ستافی پەرستاری لە سەرانسەری وڵاتدا، کە نزیکەی سەد هەزار (١٠٠.٠٠٠) لە ئەندامەکانی لە (ئینگلتەرا) و (ئیرلەندای باکوور) و (وەلز) بەشداری دەکەن. پێشبینی دەکرێت ئەم قەناغی یەکەمی مانگرتن بێت لەسەر مووچە و بارودۆخی کارکردن و سەلامەتی نەخۆش بە دوو ڕۆژی ١٥ و ٢٠ی (دیسەمبەر)ی ئەمساڵ، و پێشبینی دەکرێت ئەم تەنها سەرەتای مانگرتنەکی درێژتر بێت، ئاگەر دانوسانە فەرمیەکان ئەنجام نەدرێ، یان ئەنجامەکی جێگەی ڕازامەندیی بەدەست نەهێنن، هەروەها تیمەکانی فریاگوزاری و ئەمبوڵانس و ئاگرکوژێنەوە و بەشێک لە پزیشکانیش دواتر پێوەندییان پێوە دەکەن.

(کۆلێژی شاهانە) بە سوودی ئەندامەکانی، لە زمانی پات کەین، سکرتێری گشتی سەندیکاکەی، داوای زیادکردنی مووچە بە ڕۆژی (١٩%) دەکات واتە لەسەدا پێنج (٥%) سەروو ڕۆژی هەڵاوسان، هەروەها داوای باشترکردنی بارودۆخی کارکردن دەکات بە دڵنیابوون لە دەست لەکار نەکێشانەوەی کادرەکان، و ڕاکێشانی کارمەندی نوێ بۆ ئەو پیشەیە، و دڵنیابوون لە سەلامەتی نەخۆشەکان.

ئەم مانگرتنانە بەشێکن لە زنجیرە مانگرتنێک کە ئەمڕۆ زۆرێک لە دامەزراوە گەورەکانی بەریتانیایان گرتۆتەوە، بە کێی گشتی زیاتر لە یەک ملیۆن و (٤٠٠) هەزار ڕۆژی کارکردن کە بریتین لە کرێکارانی تێی شەمەندەفەر، کرێکارانی خوێندنی باڵا، وانەبێژ و غەیرە ئەکادیمی، کرێکارانی ڕێیاڵ مەیل، فەرمانبەرانی حکومی لە وەزارەتی ناوخۆ، شەفەران، هەندێک هێی هاتووچۆی پاس، کرێکارانی دادگا و هەندێکی تر. ئەم شەپۆلە مانگرتنە لەسەر پاشخانێک سەریهەڵداوە کە زیاتر لە دە ساڵە مووچەی کەرتی گشتی خوێنراوە و خزمەتگوزاریەکان و چاودێری کۆمەڵایەتی و بێنەفیتەکان کەم کراونەتەوە و

سیاسەتی نیولیبرال و ملکەچکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە یاساکانی بازار و کۆبەکە و کڕینکردنی قازانج لەسەر حیسابی ملیۆنانی خەڵکی هەژار پیادە دەکرێت.

ئاپارتەکان ئاماژە بوو دەکەن کە لە سەرەتای ئەمساڵدا نزیکەی (٢٢%)ی خەڵک لە بریتانیا لە هەژاریدا دەژین. چەند ملیۆنێک لەمانە، لەنەوانیاندا نیو ملیۆن منداڵ، دەخێ (هەژاری لەئادەبەدەر) یان بەسەر بردووە لە ماوەی (١٢) مانگی پێش پەتای کۆرۆنا. "هەژاری لەئادەبەدەر" خراپترین حاڵەتی هەژاریە کە مرۆڤ هیچ توانایەکی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و خواردن و پۆشاک و خۆ گەرم کردنەوەی نییە. دەخێکە بەرەو خراپتر دەڕوات و مەترسی ئەوە هەیە کە ئەم زستانە بە هەموو مانایەک تاریک و سەخت بێت بە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای بریتانیا.

هەکار و کاردانەوەکانی مانگرتنی پەرستاران،

کڕ و بارودۆخی کارکردن:

زمارەیەکی زۆر لە پەرستاران لە ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی کەمی مووچەوە پیشەکیان بەجێهێشت، بۆیە کڕ تاکە هەکار نەبووە. ئەندامانی (کۆلێژی شاهانە)، وەک هەموو کارمەندانی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی لە بریتانیا، بەهۆی فشاری کار بەوچانکانەوە بەدەست ماندوێتییەکی زۆرەوە دەناڵێنن و ئەم فشارە تاڕادەیەکی زۆر لە ماوەی پەتای کۆرۆنادا تووندتر بووە. بەهۆی ئەم مەرجانەوە پێکردنەوەی پەستە بۆتاکانی کار قورسە، ئەمەش بارگرانی لەسەر ئەو کڕکار و فەرمانبەرانە زیاد دەکات کە لە پیشەکەدا دەمێننەوە.

بەیاننامەیەک کە لە لایەن کۆلێژەکەوە لە مانگی یەکی ساڵی (٢٠٢٢) پێشکەش بە پەرلەمانی بریتانیا کراوە، ئاماژە بوو دەکات کە لە ئێستادا زیاد لە (٣٩.٨١٣)، تێکڕا لەسەدا دە و نیو (١٠.٥%) پێستی بۆتاە لە هەزی کاری پەرستاری لە ئینگلتەرا هەیە.

هەروەها بەیاننامەکە ئاماژە بوو دەکات کە ستافی پەرستاری تەندروستی گشتی (ناشنا هێث سەرڤس- ان اچ اس) بە شێوەیەکی عادلانە پاداشت نادرێنەوە بەرامبەر بە پلەی بەرزی لێهاتوویی پیشەیی و مەترسی پیشەیی بە بەراوورد بە کڕتکانی تر و کڕتی تایبەت.

داواکاری زیادکردنی مووچە بە ژێڕی (١٩%) بە قەرەبووکردنەوەی لێبینەکانە کە بە شێوەیەکی ناستەقینە لە ئەنجامی سیاستەکانی (پاشکەوتکردن بە زیادکردنی کارایی) و خەواندنی مووچەی کەرتی گشتی لە ساڵی (٢٠١٠) ەوە تا ئێستا، کە مووچەی ناستەقینەی پەرستارانی خاوەن ئەزموونی خراپتر هەشتتەوە بە ژێڕی (٢٩%)، ناپەرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنانەت ئاگەر پەرستاران (١٩%) زیادبوون وەربگرن، هێشتا بەهای ناستەقینەی مووچەکانیان کەمتر دەبێت لە ساڵی (٢٠١٠).

پەرستاری و مافی ژنانی کرێکار:

پیشەی پەرستاری لە مێژوودا پیشەیەکی ژنان بووە، کە تایبەتمەندە بەرزترین سیفەتە مرۆییەکان تێکەڵ بە لێهاتوویی پیشەیی و بەکارهێنانی زانستی دەبن. سەرەڕای گرانی ئەم شێوازە لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە زۆرێک لە پیاوان لەم پیشەیەدا کار دەکەن، و سەرەڕای ئەو هەموو پێشکەوتنە زانستییە زبەلاحانەی کە لە سەردەمی فلۆرانس نایتنگەیل (پێشەنگی پەرستاری مۆدێرن) ەوە بەدەست هاتوون، ئەو بەچوونە نەریتییە هەر ماوەتەوە کە پیشەکە وەک خزمەتگوزاری یان "بانگەوازێکی مرۆیی" یان "ئەرکێکی خەرخوایی" دەبینێت کە ژنان بە خەبەخش و بە یارمەتیدانی ئەوانی دیکە کاردەکەن، لەبری ئەوەی وەک پیشەیەک سەیر بکرێت کە هەردوو جەندەر کاری تیا دەکات و ئاستی بەرزی لێهاتوویی و توانایی جەستەیی و دەروونی، و زیهنی دەوێت. ئەمەش بووەتە هۆی بەکەم نرخاندنی پیشەکە و بەزارکردنی مامەڵەی کادرەکانی.

ڕێکخستنی مانگرتن بە کارمەندانی تەندروستی هەمیشە زەحمەتە، بەو پێیەی ناگرتنی دەوام تەنانەت بە ماوەیەکی کورتیش، ناستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی نەخۆشکان دەبێت. بەو پێیەی کە پابەندی زەرەبەی ئەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن حەز بە یارمەتی و هەستی ئینسانییە، زەر قورسە بەیان نەخۆشکانیان بەجێ بهێڵن لەکاتێکدا کە ئەو نەخۆشانە پێویستیان بەمانە. مانگرتن لە نەخۆشخانەیان کلینیکێکی پزیشکی وەک مانگرتن بە نموونە لە کارگەیەکی ئەتەمبیل نییە.

سیستەمە تەندروستییەکان، نەک هەر لە بەریتانیا، بەڵکو لە هەموو جیهانەدا، بەهرەبەرداریەکی خراپ لە دەسەزی و گیانی ئینساندۆستانەی کادیرەکانیان دەکەن، و مافە پیشەییەکانیان پێشێل دەکەن و هەروەها پلە نزمی ژن لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا ڕەچاو بە ئەم

پەشەلکاریە خەش دەکات و ئاسانتری دەکات.

نایەکسانی حەقدەست و مافەکانی ژنان لە هەموو سەکتەرەکاندا زۆر بە زۆقی لە کەرتی پەرستاری و تەندروستیدا دەبینرێت، بەڵام ژنی پەرستار وەک هەر کرێکارێکی تر ژنەکی کرێکارە، و مافی خەیاتی مانبگرێت و داوای مافی یەکسان بکات و کارەکەی بەو پێیە هەڵسەنگێنرێت کە شایەنیەتی.

سیاسەتەکانی جیاکاری لەنێوان مانگرتوان و جەماوەردا:

حکومەتەکان بەتایبەتی سوود لەم خاڵە وەردەگرن بۆ ئاوەی بیروڕای گشتی بەدژی مانگرتوان بوروژێنن و هاوسۆزی خەڵک کەم بکەنەوە بۆ هەر مانگرتنێکی ستافی پزیشکی و بەاوپێکردنی ئیزەکانیان، وەک ئاوەی لە مانگرتنی گشتی پەرستاراندا لە ساڵی (١٩٨٨)دا ڕووبدا، کاتێک (تاتشەر) کرێکارانی مانگرتووی تەماتبار کرد بە وەی کە "بە ئەنقەست دژە نەخشن" و " بارگرانی لەسەر شانی ئاو پەرستارانە زیاد دەکەن کە هەرگیز خۆنیش بە مانگرتنەوە نابینن چونکە واز لە نەخشەکانیان ناهێنن"!

(ئیشی سوناک)، سەرەک وەزیرانی ئێستای بەریتانیا، مانگرتنەکانی ئێستای ئیدانە کرد و ڕایگەیاند، مانگرتنەکان "مەترسیەکی گەورەن بە سەر خەزانە زەحمەتکەشەکان"، وەک ئاوەی کارماندانی تەندروستی، پەرستاری، ئەمبولانس، هەڵی ئاسن، گواستنەوە و پێست خەزان و کەسانی زەحمەتکەش نابن لە دەرەوەی ئەم پەلەنکردنە بن. بەم شێوەیە حکومەتەکان هەوڵ دەدەن ناتەبایی لەنێوان سەکتەرەکانی جەماوەری ناڕازیدا بچێنن و ئیزەکانیان بەاوە پێبکەن، بەڵام جەماوەر ئاگاداری ئاوە بووتەوە و هاوسۆزی بە پرسی مانگرتووان بە گشتی هێژ بە هێژ زیاتر دەبێت.

پەرستاران تەماتبار دەکرێن بەوەی کە سەلامەتی نەخشەکانیان پشتگوێ دەخەن و بایەخیان بپێنادەن، بەڵام مانگرتووان دەڵێن، هەر ئێستا ژیانی نەخشەکانیان لەمەترسیدایە و دەمرن، بەهۆی خراپی بارودۆخ و قورسی کارەکە و فشاری کار و کەمی ژمارەی کرێکاران بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی نەخشەکان و بێرەکراسی زیاد لە پێویست. وە ئاوان خەیان بەرپرسیار دەزانن کە ئێستا دەبێت دەنگیان بەرز بکەنەوە لە پێناو پاراستنی نەخشەکانیان و داهاتووی پیشەکەیان و پاراستنی خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی.

مانگرتن و ڕەکخستنەوەک ئامرازێکی گرینگ بۆ گەیشتن بە

داواکارییەکان

و گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسانیخواز:

مانگرتووان باش دەزانن کە مانگرتن تەنگژەیەکی سەلمێنراوە بۆ هەناندی گەشانکاری. مانگرتنی ئەندامانی (کۆلێژی شاهانەی پەرستاری) لە (ئەرلەندای باکوور) لە ساڵی (٢٠١٩) یارمەتیدەر بوو بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی مووچە لەگەڵ (ئینگلتەرا) و (وەیلز). هەرچەندە مانگرتنی ساڵی (١٩٨٨) نەیتوانی یەکسانی مووچە لەگەڵ پیشەکانی دیکەدا بەدەستبهێنێت، یان بارودۆخی کارکردن باشتر بکات، بەڵام (تاتشەر) لەو کاتەدا ناچار بوو کرێ بە تەژەی لەسەدا پانزە و لەدەدا سێ (١٥.٣%) بەرز بکاتەوە.

ئەم و سنووردانانیش بە کاتی دەوامی تەژانە و مافی پشووی کاتایی هەفتە دەستکەوتی خەباتە تەکخراوەکانی دوو سەدەی ڕابردوون.

گەیشتن بە داواکارییەکانی پەرستاران لە بەریتانیا دەبێتە دەستکەوتێکی گرنگ و هەنگاوێکی بەهێزکردنی مەڵبەندی سەکتەرەکانی دیکە، بۆ ئەگەری گەیشتن بە داواکارییەکانیان. جگە لەوەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی پلەگەی پیشەی پەرستاری وەک پیشەیەک کە پلەیەکی بەرزی لەهاتوویی هەبێت کە تێیدا زانست لە پێناو سەلامەتی و خۆشگوزەرانی مرۆڤدا بەکاردەهێنرێت و بەو پێیەی ژنان زۆرترین تەژەی کرێکارەکانین، دەبێتە هەنگاوێک بەرەو سەپاندنی یەکسانی لە مووچە وماف و بارودۆخی کرێکارانی ئەم کارتە یەکجار گرنگە، و هەروەها دەبێتە ئیستانداردێک کە کرێکاران و ژنانی کرێکار لە ووڵاتانی جیهان و سیستەمە تەندروستییەکانیان سوودی لێ وەربگرن بۆ پەرەپێدان بە مافەکانیان.

دەبێت هەمومان پشتگیری تەواوی مانگرتنی پەرستارانی بەریتانیا بکەین.

٢٠٢٢-١٢-١٨

شیرین عەبدوڵا

****

* (کۆلێژی شاهانەی پەرستاری) لە بەریتانیا گەورەترین سەندیکای پەرستارییە لە جیهاندا. هەم دەزگایەکی پیشەیی و هەم سەندیکایەکی کرێکارییە. زیاتر لە ٤٥٠ هەزار ئەندامی ستافی پەرستاری و مامان و

خوێندکار و یاریدەدەری پەرستاری هەیە.

شایانی باسە کە ئەم کۆلیژە تا ساڵی ١٩٩٥ سیاسەتی مان نەگرتنی پەیوەندی کردوە وتانانەت مانگرتنی ساڵی ١٩٨٨ی ئیدانە کرد، کە لایەن پەرستارانی تەندروستی دەرووبەری دەستێپکرا و لە سەرانسەری وڵاتدا تەشەنەی سەند.

سەبارەت بە بڕیاری حکومەتی بەریتانیا بۆ نادرنی پەنابەران بۆ ڕواندا... شیرین عەبدوڵڵا

لە درێژەی سیاسەتە دژە پەنابەرەکانی حکومەتی کۆنسەرڤاتیڤی بەریتانیادا، ئەم ووڵاتە دەیەوێت یاسایەکی نوێ بچەسپێنێت. لە ناوەڕاستی مانگی نیسان/ ئەپریلی ٢٠٢٢ بەریتانیا ڕێکەوتنێکی لە گەڵ ڕواندا واژوو کرد کە بەرپرسایەتی هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەری دەداتە دەست ڕواندا.
بەپێی ئەم ڕێکەوتنامەیە، ولە بڕامبەر ١٢٠ ملیۆن پاوەندی بەریتانیدا، ڕواندا، کە زیاتر لە 6500 کیلۆمەتر دوورە لە بەریتانیاوە، بەرپرس دەبێت لە گواستنەوەی داواکارانی پەنابەری بەریتانیا، چاودێریی بەرەوپێشچوونی داواکارییەکانیان ولە کۆتاییدا، ئەگەر داواکارییەکەیان قبوول کرا، بە ماوەی درێژ خایەن لە ڕواندا نیشتەجێ دەکرێن. ئەم ڕێکەوتننامەیە یەکێکە لە بەندەکانی پڕۆژەیاسای هاوڵاتیبوون و سنووورکان، کە تێیدا هەر کەسێک بە نایاسایی بگاتە بەریتانیا وەهرووهەا ئەوانەی لە ٢٠٢٢.١.١ وە هاتوون، دەتوانرێت نەک هەر تووشی گرتن ودادگایی کردن بن (بە تۆمەتی داخڵ بوونی ووڵات بە نایاسایی) بەڵکو بگوازرێنەوە بۆ ڕواندا، وبڕیاببێتی ئەو گەنجە تاکانەی بە ڕەگای نایاسایی و مەترسیداری وەک بەڵەم بچووکەکان دەگەنە ئەم ووڵاتە.
ئەم ڕێکەوتننامە دژە پەنابەرو دژە ئینسانیە، دژ بە کەسانێکە بە سەختترین زرووفی ژیانیاندا تێدەپەڕن و بە هەی شەڕ ونائارامی تووندوتیژی و یان کارەساتی سروشتی وئاکامەکانیەوە (کە سیستەمی

نایەکسانیی سەرمایەداری خۆی و بەریتانیا وەک یەکێک لە نوێنەرە جیهانیەکانی، بە ڕاستەوخۆ دروستکەر وخوڕێنەرین) بە ناچاری هەڵکەنراون لە ژێر وشوێن وکەمەندگای خۆیان وناچاری ژیانی ئاوارەبوون کراون ولەم ڕێگەیەدا تووشی دۆیان مەترسی بە سەر ژیانیان بوون کە ساڵانە بە سەدان وهەزارانیان لە دەمرێت و دەخنکێت وبەسەر و شوێن دەبڕێت..

ئەمە هەنگاوێکی کۆی ئەم ووڵاتیە دژ بە خەڵکی هەژار وچەوساوە، بە زیاتر چەسپاندنی نایەکسانیەکان وشان خاڵی کردنەوەی دەوڵەتە لە بەرپرسایەتی لەژیان و خۆشگوزەرانی ئینسانەکان. هەروەک چۆن بەردەوام شاڵاو ئەبات بە سەر خزمەت گوزاری ومافە گشتیەکان وەک تەندروستی، پەروەردە و خوێندن، بیمەی بە کاری وخانووبەرەی دەوڵەتی و هاتوچۆ..هتد. پێیان دڵێت بەتەمای دەوڵەت مەبن هیچ پشتگیریەک وهیچ ئاسانکاریەکتان بە بکات، ووڵاتی سەرمایەداران و بانک وکەمپانیا و کارتێلە زەبەلاحەکانە ولەخزمەت بەرژەوەندی ئەواندایە. تە ئەگەر لێت قەوماوە، ئەگەر برسیت، هەژاریت، نەخۆشیت، پەک کەوتەیت، ئاوارەیت، ستەم لێکراویت، نەخوێندەواریت، بێکاریت، بێخانەو لانیەت یان بە هەر جۆرێک پەراوێز خراویت لەم کەمەگاکەدا، ئەوا خەت بەرپرسیاریت. سیستەمی سەرمایەداری و مەدڵە نیولیبرالیەکەی هەموو فرسەتێک وهەمو قەیرانێک بکار دەهێنێت بە دەست بەردابووونی دەوڵەت لە دابینکردنی خۆشگوزەرانی بە کرێکاران و نەداران و چەوساوەکان.

ئەم ڕێکەوتننامەیە پشت گوێ خستنی هەموو ئیستاندارێکی جیهانی وتەنانەت ئەو پەیماننامانەی کە خودی بەریتانیا بە مامەڵەکردن لەگەڵ پەنابەران تا ئێستا پابەندێتیی***. ئەبەتە، برێکزیت فرسەتی دەستبەردابووونی بە خۆقاندون لەم پەیماننامانە ولە چەندین ئیلتیزاماتی تری نێو دەوڵەتی وەک مافەکانی کرێکاران وەک سەعاتی کار و پشوو، لانی کەمی کرێ ومافی مان گرتن وڕێکخراوبوون ..هتد وتا بە ئارەزووی خۆیان و بە بە پێوەست بوون بە هیچ ستانداردێکی جیهانی، دەستیان ئاوەڵا بێت بە چەوسانەوەی ئینسانەکان وپڕ پەدانی نایەکسانیەکان لەخزمەت پتەو کردنی سەرمایەداری نیلیبرالی و کەڵەکەی زیاتری سەرمایە.

ئاشکرایە حکومەتە ڕاستەوەکەی بەریس جۆنسۆن بە نوێنەرایەتی وەزیری ناوخۆ پریتی پاتێل، ئەم ڕێکەوتنامە دەندانیەی، لە پەناو دەستکەوتی سیاسی حیزبی کۆنسەرڤاتیڤدایە و بە ڕازی کردنی ڕای گشتی ڕاستەوەکانی بەریتانیایە کە پێیان وایە پەنابەران سەرچاوەیەکی سەرەکی کێشە ئابووری وکەمایەتیەکانی ئەم ووڵاتەن وگوایا بەم سیاسەتە بەر بە گەیشتنی نایاسایی پەنابەران دەگرن لەگەڵ کەناڵی

ئینگلیزیەوە. شایانی باسە، بەریتانیا و وڵاتە ئەورووپیەکان بە گشتی، بەردەوام خەریکی داخستن و قورس کردنی هەموو ڕێگەکانی تری پەنابەری وپەنابەریی "یاسایی" بە ئەم وڵاتانە ڕاڕێژ بەڕێژ سەخت و سەخت تر دەبێت. هەمومان دیمەنە دڵتەزێنەکان و تراژیدیای دەزینەوەی تەرمی ئەو ٢٧ کەسەمان لە یادە کە لە نۆڤەمبەری ٢٠٢١ بەلەمە لاستیکەکەیان لە کەناڵی ئینگلیزی قەپ بووە، کە ئەمە یەکێک بوو لە گەورەترین تراژیدیاکانی لەم جۆرە و ئاکامێکی ڕاستەوخۆی قایم کردنی سنوورەکانە. ئێگەر ڕێگەی یاسایی ئاسان هەبێت بە داواکاری پەنابەری بچی ئەو گەنجانە چارنووس وژیانی خۆیان دەخەنە ژێر ڕەحمەتی شۆپڵەکانی دەریاوە.



ناردنی پەنابەران بۆ ڕواندا مۆئساتەکانیان چەند قات دەکات وبە گومان کەمێک لە کارەسات و گرفتی تازە دەهێنێتە ڕێیان بەتایبەتی ئەوەی کە ڕاژەیەکی بەرجاو لە پەنابەران ژن و منداڵن کە تووشی تۆندو تیژی وستەم بوون، ئەوان دەنەردرێن بۆ وڵاتێکی نائارام کە سیستەمی نیشتەجێبوونی ئاوارە وئاسانکاری بۆ ئینتیگرێ بوونیانی تیا نیە، کە هەشتا ئاسوارەکانی جینۆسایدی ١٩٩٤ی پێوە ماوە، (کە لە ماوەی ١٠٠ ڕاژدا زیاد لە ٨٠٠٠٠ کەس، زەربەی لە توتسیەکان، قەتڵ وعام کران لە شەی ناوخۆییدا)، وتەنانەت سالی ڕابوردوو حکومەتی بەریتانیا خۆی نیگەرانی لای نەتەوە یەکگرتوەکان دەربڕی سەبارەت بە بانگشەکانی 'کوشتن، مردن لە کاتی دەستبەسەریدا، وون کردنی زۆرە ملێ و ئەشکەنجەدان' لە ڕواندا، وهەروەها بەرتەسکی مافە مەدەنی وسیاسیەکان لەو وڵاتەدا.
ئاشکرایە عێراق وکوردستان یەکێکن لە گەورەترین سەرچاوەکانی ئاوارەیی لەجیهاندا ولە سایەی نزیک بە ٣٠ ساڵ لە مەدڵلی ئابووری سەرمایەداری نیلیبڕاڵی وژەمی سیاسی قەومی وتایفەیی ئەم وڵاتەدا ژیان بەتە دەزخ هەر بۆیە گەنجانی ئەم وڵاتە ڕاژانە بە لەشاو ڕوو دەکەنە سنوورەکان وبە ناچار، چارنووسی خۆیان و

منداڵیان دەخڵنە دەست مافیاکانی قاچاخچی بەشەر. ناردنی ئەم کۆ و کچە گەنج و منداڵانە و فامیلیەکانیان بۆ ووڵاتێک کە پێکەکەی بۆ بژێوی بۆ ژیانیان بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ و کوشتنی هەموو هیوایەکیانە بۆ گەیشتن بۆ ووڵاتێکی ئاسوودە وئارام کە مافەکی سەرتایی ئەوانە.
مافی پەنابەری ونیشتجێبوون لە ووڵاتێک کە ئینسانەکان سەلامەتیان تیایدا پارێزراوبێت، یەکێکە لەو دەستکەوتانەی ئازادیخوازانی دنیا بە خەباتی چەندین ساڵ بەدەستیان هێناوە. ئەم سیاسەتە ئێگەر سەر بگرێت هەنگاوێکی گەورەیە بۆ دواوە وەگەڕخستنەوەی زیاتر لە ماڤە سەرتاییەکانی بەشەر. ئەم پرۆژە یاسایە شتێک نیە جگە لە ئاگر خۆشکردنی گوتاری سیاسی ڕەگەزپەرستی ونایەکسانی وئەرکی ئەمەی ئازادیخوازە کە بە تووندی دژی بوەستینەوە.

شیرین عەبدوڵا
10.5.2022

- پڕۆژەیاسای هاوڵاتیبوون و سنووردکان کە لەمانگی تەممووزی 2021 دا خرایە بەردەم پەرلەمان، هەندێک بەندی تری تەدایە دەربارەی نەتەوە، پەنابەری، کۆچبەران، قوربانییەکانی کێلایەتی و بازرگانیکردن بە مرۆڤ.
**یەکێک لە بەندەکانی تایبەت بە پەنابەران: ئەو پەنابەرانەی بە نایاسایی داخڵی بەریتانیا دەبن، دەتوانرێت بەناوی سەرپێچیەکی نوێوە دادگایی بکرێن کە ئەویش گەیشتنیانە بە بەریتانیا بە شێوەیەکی نایاسایی ولەوانەیە بۆ چوار ساڵ دەستگیر بکرێن.
***بەریتانیا، پابەندی دوو پەیماننامەی نێو دەوڵەتی پەنابەرین: یەکەمیان: پەیماننامەی پەنابەری ١٩٥١ی نەتەوە یەکگرتوەکان کە حەوت دەیە پێش ئێستا ئیمزای کردوە کە ناردنەوەی خەڵک قەدەغە دەکات بۆ ووڵاتێک کە مەترسی لەسەر ژیانیان هەبێت وە یان ئازادیان لە زەوت بکات. دووەم: پەیماننامەی ئەوروپی بۆ ماڤەکانی مرۆڤ کە هیچ کەس نابێت بخرێتە ژێر زەبری ئێشکەنجەدان وسزای نائینسانی وخراپ ماملەکردن وەیسواکردن.
بە پێی یاسا نێو دەوڵەتیەکان، هەر کەسێک ماڤی پەنابەری هەیە لەو ووڵاتەی کە پێی دەگات. یاسای یەکێتی ئەوروپا ناسراو بە یاسای ‘دوبلینی سێهەم’ ڕێگە دەدات پەناخوازان

بگەڕێنرێنەوە بۆ یەکەم ووڵاتی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا کە کەسێک بیسڵمانێت لێوەی هاتۆتە ناوەوە. بەڵام لەپاش بڕکزیت بڕیتانیا چیتر بەشێک نیە لەم ڕێکخستنە وهیچ پلانێکی لەجێیدا واڕێ نەکردوە هەر بۆیە گواستنەوەی کەچبەران بووتە کێشەیەک، وڵایکی کێشەوە چونکە پابەندی هیچ پەیمانێک نیە، دەستی ئاوڕا بوە تا بۆ ئارەزووی خۆی چارەنووسی پەنابەران دیاری بکات.

ئەفسانەی پاکیزە یی، ووهمی پشکنینی پەردەی کچێتی و "چاککردنەوەی" کچێتی ؟!..

شیرین عبدوڵا

لە کۆمەڵگای پیاوسالاری ووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وهەمو ئەو ووڵاتانەی ژێر دەسەڵاتی ئیسلام، یەک شت کە ژنان لەی بە بێشن، ئەویش سەربەخۆیی بەسەر فیکر وهەڵسو کەوت و جەستەی خۆیاندا.
بە پێی داب و نەریتی کۆنەپەرستانەی کۆمەڵایەتی، هاوژینی و سێکس کردن پێش هاوسەرگیری لەووی کۆمەڵایەتی و ئاینیەوە لەم کۆمەڵگەیانەدا بە تاوانی مەزن قبووڵ نیە و وەک تاوان مامەڵە دەکرێت. ژن موڵکی تایبەتی پیاوە، وشەرەف وەک حاڵەتێکی سایکۆلۆژی پیاو وئامرازێکی کۆنترۆڵ و ژێر دەستەیی ژن، بەستراوەتەوە بە پاکیزەیی ژنەوە. هەر لەکەیەک وە یان گومانێک لەپاکیزەیی ژن دەرئنجامی یەکجار قورسی لە دەبێتەوە وەدەبێتە مایەی شەرمەزاری ونەفرەت لێکردن لەبەر لەکەدارکردنی ئابەووی خێزانی وتووشی توندوتیژی وهەڕەشانەوەی هاوسەرگیری وتەڵاق وتانانەت کوشتن بە مەبەستی 'سینەوەی عەیبە' و 'بەرگری کردن لە شەرەف'.

دیاردەیەک کە بە تاددەیەکی بەرچاو لەزیادبووندایە ئەویش پشکنینی پەردەی کچێنی* (غشاء البکارە)، بە مەبەستی سەلماندنی پاکیزەیی کچ لە بەرامبەر مەرد و کەسوکاری ئەودا وە هەروەها کەسوکاری کچەکە

خێدا. بە هەی ئەوەی لە ‘بازاڕی هاوسەرگیریدا’ بەهای کچی پاکیزە لەسەرترە، وایان بە لابردنی گومان لەسەریان، وە وەک جۆرێک لە “تاقی کردنەوەی کاڵا پێش کڕین”، کچەکان یان لە هەڵگەی پۆلیس و دادگاوە، وە یان بە شێوەیەکی نهێنی لە کڕتی تایبەتدا، ولە هەردوو حاڵەتەکەدا، لە ژێر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی بە ئەندازە گرژ وسەختدا، لەلایەن کەس وکاری خۆیان یان مەردەکانیانەوە، هاپچی پزیشکی دادوەری وە یان کلینیکە پرایڤەتەکان دەکرێن تاکو لەکەینەوە وپشکنین لە هابوردوی سێکسیان بکرێت.

بەڵام ئەم پشکنینە، چ ئەگەر لە هەی پۆلیس و دادگاوە ئەنجام بدرێت، وە چ بە شێوەی نهێنی لە کلینیکە پرایڤەتەکان، خۆی جگە لەوەی کە سوکایەتی پێکردنێکی تەواوە بەم کچانە وێیسوا کردنیانە، وتووشی بارودۆخێکی دژوونی زۆر سەخت و دژواریان دەکات، وبە جۆرێک لە دەست درێژی جەستەیی دادنرێت، سەرەڕای ئەمانە هەمووی، لە هاستیدا ئەم پشکنینە ناتوانێت هیچ بسەلمێنێت وهیچ بنەمایەکی زانستی نیە. پشکنینی کچێتی تەنها وەهامێکی سەقەتە بە، وتەعبیرە لە، خراپە وجۆهلێکی کۆمەڵایەتی مەژووییی سەدان ساڵە وبەردەوامی بەم دەدات.
بە هەندێک لەم گەنجانە کە لە هابوردودا تووشی دەست درێژی سێکسی بوون، ئەم پشکنینە دەبێتە هەی بەبیر هەنانەوەی هەوداوەکە (یان هەوداوەکان) ودووبارەبونەوەی ترەما وتووشبوونی کەشەی دژوونی کە لەوانەیە بگاتە هادەی خۆکوشتن.

چاککردنەوەی پێردەی کچێتی:
بە زیاد لەوەی کە ئەم پشکنینە ئازار بەخشە نازانستیە بەربڵاوە لە کۆمەڵگەدا، بەکو بەم بەستی نەهێشتنی گومان و دووبارە درێژدان بە ئەفسانەکە، چارەسەری ساختەش پەیدا بووە ولەگەشەدایە، ئەویش بە ‘دورینەوە’ یان ‘چاککردنەوەی’ پێردەری کچێتی**.
هەبوونی ئەم ‘پێداویستیە کۆمەڵایەتیە’ و ئەو زوروفە کۆمەڵایەتیە ئامادەی تیایدا ئەنجام دەدرێت، باشترین فرسەتی خوڵقاندوە بە ئیستغلال و کەڵک وەرگرتن وقازانج وکردوویەتی بە کاڵایەکی نموونەیی لە بازاڕی سەرمایەداری نیولیبراڵیدا، چاوپێخشانەکی خێرا بە ئینتەرنێتدا دەری دەخات پزیشک و کلینیکە پرایڤەتەکان وەک نەشتەرگەریەکی ‘جوانکاری’ (کە هیچ سوودێکی بە تەندروستی کچەکە نیە) بەینی ١٠٠$ – ٤٠٠$ بە پشکنین و ١٠٠٠$ تا ٣٠٠٠$ بە نەشتەرگەری دەستنن.
ئەوەی کە ئەم کاڵایە بە سوودە، یان تەنانەت زیان بەخشە بە کچەکە،

وەیان لەووی مناڵیەوە قبووڵ نیە، هەگری نین لەبەردەم بازاڕی ئەم کارەیدا ودەستەاتدارانیش باکیان نیە و هەی پێ ناگرن چونکە لەگەڵ سیستەمەکەدا ناکۆک نیە.

کۆکردنەوەی زانیاری وئامارەکانی ئەم پشکنین و نۆشتەرگەریانە ئاسان نیە لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی یەکجار نهێنی ئەنجام دەدرێن وزۆر جار فایلەکانی ئەم کەیسانە لەناو دەبرێت بە سەبەبەوەی بەهەگ، وە هەروەها نە کچەکان و نە کەسوکاریان وە نە پزیشک و کلینیکەکان ئامادە نین زانیاری تەمار کراو بدەن بەدەستەوە. بەگومان لە سایەی ئەم نهێنیکارییەدا ئەگەری زیان پێ گەیشتنی کچەکان دوو قات دەبێت، ئەگەر تەوشی هەر گرفتێک بێن لەئاکامی نۆشتەرگەریەکەوە ئەوا بەدواداچونی پزیشکی و هەروەها یاسایی زۆر زەحمەتە بەیان.
شایانی باسە، نە پشکنینی کچێنی و نە ئەم نۆشتەرگەریانەی 'چاککردنەوەی' کچێتی، لە هیچ کلیژێک و سیستەمێکی پزیشکیدا ناخوێندرێت وهیچ استانداردێکی زانستی وەنمایی (گایدلاین) هەکی پزیشکیان بۆ نیە، هەر بۆیە بە شێوەی جەراو جۆر ئەنجام دەدرێن وهەندێک جار لە لایەن کەسانێکەوە کە مەرج نیە هیچ ڕاهێنانێکی پزیشکیشیان هەبێت. دووبارە ئەمەش هەکارێکی کۆیە بە زیاد بوونی ئاەزی وناەشنی و بارێکی هەستیار کە دروست دەبێت بە ئەم کچانە.

بۆچی ئەم پشکنینە هیچ ناسەلمێنێت؟
چەند فاکتەک:
پەردەی کچێنی بریتیە لە پارچە پێستیکی تەنک لە ناو زێی مەدا کە کردنەوەیەکی بچوکی تێدایە کە خوێنی مانگانەی لەوێ دێتە خوارێ. ئەم بەناو پەردەیە هیچ وەزیفەیەکی بایەلۆجی وفیسیۆلۆجی نیە، بوون ونەبونی ئەم پەردەیە بەهیچ جۆرێک هیچ کاریگەریەکی لەسەر تەندروست و هەسو کەوت و فەنکسیۆنی هیچ کام لە ئەندامەکانی جەستەی ژن نیە ونەبوە ونابێت، بەڵام گرنگە بزانین ئەو کەسانەی کە پەردەیان بەتەواوی داخراوە وکردنەوەی تیا نیە، توشی قەتیس بوونی خوێنی مانگانە دەبن وکیشەی تەندروستیان دەبێت وپێویستان بە چارەسەری پزیشکی هەیە.

جۆرەکانی ئەم بە ناو پەردەیە لە زۆرێک لە میدیا و لاپەڕەکانی تەی ئینتەرنەتدا هەیە و لێرەدا نایهێنمەوە بەڵام ئەوەی گرنگە ئەم پەردەیە هەندێک جار ئەوەندە تەنکە کە لەکاتی سێکس کردندا بە یەکەم جار وە یان لە ئەنجامی زەبری دەرەکی ئیمکانی هەیە بدرێت ولەوانەیە یەک دوو دڵۆپ خوێن ببینرێت. لە هەمان کاتدا، وبە پێچەوانەی ئەو هەزاران وێنە ودایگرام و ڤیدیۆ یوتیوبیانەی لە

سەر ئینتەرنێت دەبینرێت، ئاوا صاف و ڕەک وپێک نیە، بەڵکو چرچ ولۆچ و قابیلی کشانە، واتە مەرج نیە بدەیت و خوێنی لێ بێت.
ئەم دیمەنە خوێنەرێک کە وەک بەڵگەی بە تاوانی بەکار هاتوە وچەندین سەدیە کەمەڵگای بەشەری حوکم بەسەر ژناندا دەدات وکاتیک ئەگەر ئەم دیمەنە خوێنە نەبینرێت گومان دروست دەبێت وتەماتی ناپاکیزەیی و بەمتمانەییان دەخاتە پاڵ ودەزخیان بە دادگیرسێت و پاساو بە کوشتنیان دەکرێت بە بیانووی ئابوور چوونەوە.
جگە لە سێکس، چەندین هەکاری دڕندەی هەیە کە دەبێتە هۆی دڕاندن یان شکاندنی پڕدە. لەوانە کەوتن یان باز هەڵدان، هەندێک جۆری وەرزش وەک سواری ئەسپ وپاسکیل ..هتد، وئەم کەسانە کە بە یەکەم جار سێکس دەکەن خوێن نابینن.
ئەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە هەبونی خوێن لە کاتی جووت بووندا و یان لەپاش سێکس ودوبارە بونەوەی ئەم خوێنە لەوانەیە نیشانەی نەخۆشیەکانی کۆئەندامی زاووزێ بێت ودەبێت بە بە دواکەوتن پشکنینی بۆ بکرێت تاکو چارەسەر بکرێت.

دژە ژنی بەڵگەسمی:
لە عێراق و کوردستان، پشکنینی غشاء البکارە لە لای لیژنەیەکی پزیشکی دادگایی کە لە ٣ کەس پێک هاتووە دەکرێت دوای هێنانی نوسراوێک لە لایەن پۆلیسەوە. واتە لەم کەمەڵگایەدا کە کەنەپەرستی تیا زاڵە، ئەم پراتیکە دژە ژنانەیە ڕەسمییەتی هەیە، وژنان وەک تاوانبار سەیر دەکرێن، دەستگاکانی پۆلیس و دادگا لە خزمەتی داب و نەریتی پیاوسالاری وکەنەپەرستیدان، لەکاتێکدا کە ژنکان هیچ جۆرە پاپشتێکی یاسایی وکۆمەڵایەتیان نیە و ژیانیان بە هاستی دەکەوێتە مەترسیەوە. ئەم پراتیکانە ئەقڵیەکن لە زنجیرەی توندوتیژی دژی ژن و دەبێت قەدەغە بکرێن نەک ڕەسمییەتیان پێ بدرێت.

پاش چەندین سەدە لەم کردەوە دژە ژنانیانە لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٨دا کەمپێک لە ڕۆکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگەوازی قەدەغە کردنی پشکنینی کچێتیان دەرکرد، لەبانگەوازەکەیاندا دەڵێن: "کچێتی یان پاکیزەیی ووشەیەکی زانستی یان پزیشکی نیە، بیرۆکەی پاکیزەیی شتێکی کەمەڵایەتی وکولتوری ودینییە، وتەعبیرە لە جیاوازی وژەر دەستەیی ڕگەزی مەینە لە کەمەڵگادا.." ***
بەڵام کەشکەی ئەوەیە، کە هەرچەندە قەدەغە کردنی ئەم جۆرە دەست درێژیانە بە سەر جەستەی ژنان هەنگاوێکی گرنگ و پێویستە، بەڵام بانگەوازێک بە تەنها گەڵانکاری دروست ناکات و لە توندوتیژی دژی ژنان کەم ناکاتەوە. بەڵکو دەبێت کۆتایی بەو بنەما کەمەڵایەتیانەی

کە سەرچاوەی نایەکسانی وتوندوتیژی جەندەرییە بەنرەت.
لە ئاستیدا، تەنها ئێگۆ یەک بە زانینی ئابوردوی سێکسی کەسێت ئاوایە لە خەی بپرسیت، بەڵام تەنها کاتێک دەتوانرێت چاوەڕوانی وەڵامی ئاستەقینە بیت کە ژنان سەربەخۆیی وئازادی تەواویان هەبێت لە هەڵبژاردنکانیاندا وکاتێک کە کەمەگا ئێــزی تەواو بە ئەم ئەتەنەمیەیان دابنێت.
بە بەدەستهێنانی ئەم ئازادیە، خۆشگوزەرانی هەمو کەمەگە دەچێتە پێشەوە، وئەو کات پرسیارکردنکە خەی دەبێتە جێگەی پرسیار!.

شیرین عبدوڵا
14.11.2021

- پشکنینی پاکیزەیی چیە: پشکنەرەکە دوو پەنجە دەخاتە زەی کچەکەوە وە یان بە چاو سەیری دەکات وحوکم لەسەر ئابوردووی سێکسی ئەو کەسە دەدات.
** ئەم "چارەسەرە" شێوازی جەراوجێری هەیە؛ هەندێکیان چەند هەڵژێک پێش هاوسەرگیری، بە دەرزی ودەزوو دوو- سێ تاقە دەدەن لە دیوارەکانی ناو زەی کچەکە، وە یان پارچە پێستێک لەبەشێکی تری ناو زەی بەکاردەهێنن، بەی لە کاتی جووت بووندا شوێنەکەی بریندار بێت و خوێنی لێبێت.. لە هەندێک ووڵات، چەند کەپسولێکی وورد بەکار دەهێنرێت کە دیوارێکی تەنکی هەیە وشلەیەکی سووری تیایە لەخوێن دەچێت، ئەم کەپسولە دەخرێتە ناو زەی کچەکەوە وبەهەمان شێوە وا دەردەکەوێت خوێنی لێهاتوە.

***

https://www.who.int/news/item/17-10-2018-united-nations-agencies-call-for-ban-on-virginity-testing

---

ژنکوژی وخۆکوشتن و توندوتیژی – تا کەی!.. شیرین عەبدوڵا

ماوەیەکە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیاکانەوە هەواڵی زیاد بونی ڕێژەی دیاردەی ژن کوژی و خۆکوژی و توندوتیژی دەبینین و دەبیستین لە عیراق و کوردستان. ئەم تراژیدیایەی کە دەگوزەرێت جیا نیە لەو هەوڵ و هەنگاوانەی جیهانیەی کە لە سایەی ئابووردودا و بەهەی تەشەنەکردنی قایرۆسی کۆرونا و هەنماییکانیەوە، بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردوە. بەڵام لەم وڵاتەدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، و ستەم و ژن کوژی و پلە دوویی ژن زۆر لەم دیاردەیەی کۆرونا واوترە، لە ستراکتۆری کەمەگەکدایە و لەیاساداچسپێنراوە. لە سیستەمی پیاوسالاری قەومی و میلیشیایی و دینی ئەم وڵاتەدا ژنکوژی لە ژێر ناوی پاراستنی شەرەفدا پاساوی یاسایی و کەلتوری بە دەکرێت.

لەپاش کوشتنی زەهرا محەممەدی ٢١ ساڵە لە هەولێر ڕۆژی ١٦-٤-٢٠٢١، سەرکی حکومەتی هەرێم لە تویتەکدا ڕایگەیاند "هیچ شەرەفەک لەژن کوشتندا نیە، ئەمە دەبێت کەتایی پێ بێت، وەزیری ناوخۆم ڕاسپاردوە بە دەنیابون لەوەی تەمەتبار بە سزای خۆی بگات"!.. بەڵام ئەوەتا دوای یەک مانگ و بەپێی هەواڵەکان هەشتا تەمەتباران دەستگیر نەکراون. ئەمە زۆر ئاساییە لەم وڵاتەدا چونکە زۆربەی ئەم کەیسانە یان بەداخراوی دەمێنێتەوە و یان بکوژان، ئەگەر دەستگیریش بکرێن، دوای ماوەیەک ئازاد دەکرێن.

توندوتیژی دژی ژن لە جیهاندا شێوازی یەکجار زۆری هەیە وەک لێدان، شێواندنی جەستە، کوشتن، سوتاندن، بەردباران، تێزاب پیاشتن، دەست درێژی سێکسی، ئوتوی مەمک، فڕاندنی بووک، خەتەنە، زەواجی منداڵ، زەواجی بەزۆر، فرۆشتن، ئازاردانی دەروونی و شکاندن، سوکایەتی پێکردن، بەبەش کردن لە خواردن، دەرمان، و پارە، هەڕەشە و هەراسان کردنی سۆشیال میدیا…هتد. ئەگەر هەندێک لەم جۆرە دەستدرێژیانە لە عیراق و کوردستان پێشتریش نەبیسترابن، ئێوا لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر و زیاتر دەبینرێن و دەبیسترێن.

بەرامبەر هەر ژنێک کە دەکوژرێت هەزاران هەیە لە مەترسی کوشتن و توندوتیژیدا دەژین کە لە هەر ئان و ساتێکدا ئەگەری کوشتنیان دێت، و ئاستێکەی ئەوەیە کە کچ و ژن لە سەراسەری دنیادا لە نائاسودەییدا دەژین، هەمیشە لە کەرنتینەدان، دەبێت بەردەوام بە دەم لەرزەوە دەرچن لەماڵ (ئەگەر ڕێیان پێ بدرێت!). ئەمانە سروشتی

نین، بەکو سیستەمی پلە دویی ژن و باڵادەستی پیاوسالاری کە تیایدا دەژین فەرزی کردوە.
بە دوای کوشتنی سارا ئیقراردی ٣٣ ساڵە لەبریتانیا ٣ی مارسی ئەمساڵ، ئاگەیاندرا کە لەماوەی ساڵی ڕابوردودا 115 ژن لەو وڵاتەدا کوژراون لەلایەن هاوسەر و کەسوکاریانەوە، واتە هەر 3 ڕۆژە و ژنێک دەکوژرێت. ئاشکرایە کە ژمارەیەکی بەرچاو پیاویش دەکوژرێت، بەڵام یەک ڕاستی هەیە ئەویش هەکاری سەرەکی کوشتنی ژن بە بەنەی ژن بونیادنەیەتی.
تەمەتبارکردنی قوربانی و باوەڕ پێ نەکردنی:
کاتێک کە کچێک یان ژنێک توشی تووندوتیژی جنسیی، دەروونی، یان دەست درێژی سێکسی دەبێت و دەیەوێت ڕاپۆرتی بکات، پێش هەموو شتێک پشکنین لە کردەوە و هەڵسوکەوت و جلو بەرگی خێی دەکرێت و بڕیاری گومانەوە سەیری دەکرێت. پرسیار دەکرێت: ئەبێت چی وتبێت یان کردبێت وا پیاوەکەی تووڕە کرد؟، بۆ لەو کاتەدا لەدەرەوە بوو، چی دەکرد لەو شوێنە، جلەکانی چۆن بون، چۆن دەڕۆیشت، قسەی لەگەڵ کە کردبوو... لەباتی ئەوەی لە هەڵسوکەوتی تاوانبار بکۆڵرێتەوە. هەر کەمێگایەک لە جیهاندا بە پلەی زیاد و کەم قاڵبێکی تایبەتی بە هەڵسوکەوتی ژن داناوە کە هەر بە ئاستەم لەگی لادات تاوانە.
بەهەزاران کچ لەسەر کۆشکانی پەردەی کچێنی (غشاء البکارة) کوژراوە و دەکوژرێت، بەبەنەی نەفامی کەمێگا لە فاکتە زانستیەکانی ئەم بابەتەی لەشی ژن.
ئامارەکانی پۆلیسی بریتانیا ئەوە دەگەیەنێت کە ژن پێش ئەوەی پەیوەندی بکات بە پۆلیسەوە بە تێکرا ٢٨ جار توشی تووندوتیژی دەبێت، و تەنها ١٥٪ی دەستدرێژی سێکسی تۆمار دەکرێت، واتە ٨٥٪ ڕاناگەیەندرێت.

ڕۆی یاسا:
یاسا دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی هەبێت لە دابین کردنی هاوسەنگیەک لە خۆشگوزەرانی و سەلامەتی ژن و منداڵی کچ. خوێندن باشترین نموونەیە، بە قەدەغە کردنی نەخوێندنەواری منداڵانی کوڕ و کچ، نەوەی هوشیار پیدەگات کە ئاگایی بە مافەکانی خێی هەبێت، و بڕیاربێت فرسەت دەدات بە کچان لەمندالیەوە دەرچن لەماڵ و بڕوا بە خۆبونیان هەبێت و سەربەخۆیی ئابوری و کەمەڵایەتی و فەرهەنگی خۆیان بچەسپێنن.
یاسای عیراق و زۆربەی وڵاتانی دەوروبەر و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەسەر ئاساسی ئایینی ئیسلام و شەریعەت دامەزراون بەگشتی لە منداڵ وەرناگرێت، بەڵام هەمان ئەم یاسایە زۆر بە ئاسایی لەتەمەنی ٩

ساڵیدا دەیدات بە شوو و دەینەرتە ناو دەزگاخی ژیانکی بە ئاسودەو و هەموو خۆن و هیواکانی بە داهاتو دەخاتە ژێر پێو.

لە عیراقدا یاسای تاوان پێرگرافی ٤١ مافی "سزادانی" ژن دەدات بە میرد، کە "هیچ تاوانێک نیە ئەگەر لەکاتی بەکار هێنانی مافی یاسایی خۆیدا ئەنجام بدرێت، هەروەک دیسپلینی مامۆستا و دایک و باوک بە منداڵەکانی ژێر دەستیان"!
یاساکانی هاوسەرگیری لە یەمەن داوا لە ژن دەکات ماڵ بجێ نەهێڵێت بە بێ ڕەزامەندی مێردەکەی!
لە هەندێ وڵاتی وەک ئەفغانستان و هیندستان گرنگیەکی زۆر دەدریت بە ئەزموونی پێشووی سەکسی ژنەکە لە حاڵەتی دەستدرێژیکردندا. ئەفغانستان یەکێکە لەو وڵاتانەیە بەر ڕەخنەی تووند کەوتوە بە بەکارهێنانی "تاقیکردنەوەی پەنجە"- ئەمەش بریتیە لە پشکنینی جەستەیی بە ئەو ژنانەی کە ڕاپۆرت لەسەر دەست درێژی سەکسی دەکەن، پزیشکەکە دوو پەنجەی لە ناو زەی ژنەکە دادەنێت بە ئەوەی بزانیت ئایا ژنەکە "ڕاهاتوە بە سێکس"، واتە ئەگەر پێشتر سەکسی کردبێت، دەست درێژیکە بە تاوان دانانرێت!. ئەمەش ڕێگە لە زەر ژن دەگرێت کە دەست درێژی سەکسی تۆمار بکەن. ئەم جۆرە پشکنینانە تەنها سوکایەتی پێکردنی ژنە و هیچ بەڵگەیەکی پەیوەندیدار دابین ناکات.

کەم هەستیاری کەمەڵگا:
ژنێک کەتوشی دەست درێژی یان تووندوتیژی دەبێت ژیانی دەبێتە دەزگاخێک، نێک هەر لەبەر ئەو هەڵومەرجەی تیای دەژی، بەڵکو خۆی بە تەنها و بێ پاڵپشت دەبینێتەوە و چەندین جار سێ دەکاتەوە لە درکاندن و تۆمار کردنی ئەم کارانە لەبەرئەوەی کەمەڵگای پیاوسالار هەزار و یەک ڕێگری لەبەردەمدا دادەنێت.
کەمەڵگا کەم هەستیارە بەرامبەر ستەم دژی ژن و بایەخێکی زیاتر دەدات بە پیاو، بۆتایبەتی ئەگەر تۆمەتبارەکە کەسێکی ناسراو و خاوەن جێگاوەڵگایەکی کەمەڵایەتی بێت. ئەوانەشی کە باوەڕی پێدەکەن ناتوانن دەنگ هەڵبڕن بەهەمان شێوە بەدەنگ دەکرێن.
نێک هەر کەمەڵگا باوەڕی پێناکات و سکاڵاکەی بە بایەخ دەکات، بەڵکو سیستمی دادگا و پۆلیسیش بە هەمان شێوە لە خزمەتی ئەو کولتووری پیاوسالاریدایە. ژنەکە (تەنانەت ئەگەر منداڵیش بێت) دەبێت ئەرکی کەکردنەوەی بەڵگە هەڵگرێت، ئینجاش بەڵگەکانی وەرناگیرێت.
زەربەمان تراژیدیای بەناز محمودی ٢٠ ساڵە دەزانین، کە لە ٢٠٠٦دا بەدەستی باوک و مام و ئامۆزایەکی لە بریتانیا کوژرا، بەناز

زیاتر لە پێنج سکاڵای لای پۆلیسی بەریتانیا تۆمار کردبوو کە ژیانی لەمەترسیدایە. لە عیراق و کوردستان دژە ژنی و بەستنەوەی شەرەفی پیاو بە ژنەوە و فەزڵی نێر بەسەر مێدا لە یاسای ڕەسمی وەاتدا جێگیر کراوە، ژنکوشتن وەک کوشتنی تر سەیر ناکرێت و چەندین بکوژانی ژن بە ئازادی دەسوڕێنەوە لە کۆمەڵگادا، تەنانەت هەندێکیان کە دانیشتوی وەاتانی ئەوروپین دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان تا تاوانەکانیان ئەنجام بدەن چونکە لەوێ دەتوانن لەی دەرباز بن.

کۆمەڵگای چینایەتی سەرمایەداری سیستەمێکی نایەکسانە کە لەسەر بنەمای دابەشکاریەکانی کۆمەڵگا ڕاوەستاوە و هەردەم بەرهەمیان دەهێنێتەوە. تۆندوتیژی پیاو بەرامبەر ژن بەشێکە لە کولتووری دەستبەالیی بەشێکی کۆمەڵگا بەسەر بەشێکی تریدا، و بزوتنەوە قەومی و دینی و میلیشیاییەکانی کە ژان لە عیراق و کوردستان نوێنەر و چەسپێنەری ئەم دەندەیەی سیستەمی چینایەتین. کەتاییهێنان بەم تراژیدیایە کارێکی هەمەالیەنە و بەوچانی پێویستە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم دەسەاتە و سیستەمەی لەسەر کار لەم وەاتەدا، هەرگیز ئەنجام دانی ئەم کارەی لە چاوەڕوان ناکرێت و نەک هەرئەمە بەڵکو بە خۆیان و کولتور و ئایدیۆلۆژی و ژەمی سیاسیانەوە ڕێگری هەرسەرکی بەردەم کەتایی هێنان بە ستەم لەسەر ژنان.

٢٠٢١-٥-١٦

دەربارەی هەڵبژاردنی سەکسی کرێکار و نەریتی لەباربردنی منداڵی کچ.. شیرین عبدالڵە

تۆندوتیژی بەرامبەر ژنان و کچان زۆر لەپێش لەدایک بونیانەوە دەست پێ دەکات. کۆمەڵگای پیاوسالاری سەردەم، بایەخێکی زیاتر دەدات بە کرێکاری نێر وەک لە مێ. لە یەکەم ڕۆژی دروست بونیانەوە مێیەکان دەرگیری جەنگی مان و نەمان دەبنەوە وەهندێک جار هەر لەسەرەتاوە لەبار دەبرێن، تەنها لەبەر ئەوەی مێن! کرێکاری مێ دوای لەدایک

بونیشی و لەگەڵ گەورەبونیدا، هەمو جۆرێکی ژیانی پڕ دوویی خۆی دەبینێت و بە درێژایی تەمەنی جۆرانە دیاردەی تووندوتیژی و هەڵاواردنی جنسی دەبینێت بەرامبەر خۆی و هاو ڕەگەزانی. تووندوتیژی بەرامبەر ڕەگەزی مێ، ئەگەر بە شێوەیەکی ئاشکراو زەقیش نەبێت، چەندین شێوازی شاراوەی هەیە بە جۆرێک ئێم کردەوانە وەک نەرمی لەهاتوو، لەکاتێکدا پێشێل کردنی سەرتایی ترین مافەکانی مرۆڤن.
(بەهەی "نایەکسانی نادیارەوە" ساڵانە ٢٤٠ هەزار کچی خوار تەمەن ٥ ساڵ لە هیندستان دەمرێت) بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی گۆڤاری لانسێتی بەریتانی لە ٢٠١٨دا. زۆربەی ئێم مردنانە بە هۆی پشت گوێ خستنی پێداویستیە سەرەکیەکانیانەوەک خواردنی باش و تەندروستی و خوێندن.. منداڵی کچ کەمتر خواردنی پێ دەدرێت و کەمتر دەبرێت بۆ لای پزیشک و هەڵسی خوێندن و گەشەپێدانی وەک منداڵێک کەمتر پێ دەدرێت وەک لە کوڕ.
فۆزل دانی کۆمان بەسەر کچاندا لەلایەن دایک و باوکانەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و باشوری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چین و باکوری ئەفریقادا زیاتر باوە. هۆکارەکانی ئێم جیاوازیە دەگەڕێتەوە بۆ توانایی داهاتی زیاتر (بۆتایبەتی لە کەمڕەگەزی کشتوکاڵیدا)، لەو کەمڕەگانەدا کوڕ "ناو"ی خانوادە دەهێڵێتەوە و بۆخۆو کردنی دایک و باوک لە پیری و نەخۆشیاندا دەگرێتە ئەستۆ. منداڵی کچ "بارێ" بەسەر خانوادەکەوە چونکە هەڵی کاری دڕامەت بەرزی کەمترێ لە کوڕ و تێچوی مارێیی و دەری و بۆتایبەتی ئەوەی کە دوای هاوسەرگیری کچ دەگوازرێتەوە بۆ لای خانوادەی مێرد لەبەر ئەوە هیچ سودێکی ئابوری نابێت بۆ دایک و باوکی خۆی..
پێشوازی نەکردن لە منداڵی کچ و لەباربردنیان نەریتێکی کۆنی زۆربەی کەمەڵانی دنیایە و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پیاوسالاریەوە، نەک هەر منداڵی کچ بە بەها سەیر دەکرێت بەڵکو دایکەکەش دەکەوێتە ژێر فشارێکی دەرونی یەکجار زۆرەوە بۆ ئەوەی کوڕی ببێت. ژن تاوانبار دەکرێت بەوەی کە کوڕی نابێت، لەکاتێکدا ئێمە هیچ بنەمایەکی زانستی نیە چونکە ئەوە کرۆمۆسۆمەکانی پیاوە (ئێکس و وای) کە سێکسی منداڵەکە تحدید دەکات نەک هی ژن (ئێکس ئێکس). ئێمە دەبێتە هۆی تووندوتیژی بە دژی و زۆر جار دەبێتە هۆی تەڵاق چونی خانوادەکە و ئەوەی پیاوەکە ژنی دوهەم و سێهەم دەهێنێت تەنها بۆ ئەوەی کوڕیان ببێت! وەک ئەوەی ژنەکە تاوانێکی گەورەی کربێت وە یان "ژنێکی بێ سودە".
تا ئیستا هیچ ڕەگەزێکی زانستی نیە لەسەر چۆنیەتی دیاری کردنی ڕەگەزی کۆرپە پێش دوو گیانی بوون. لەگەڵ ئەمشدا و بەمبەستی بەدیهێنانی خواستەکانیان (کە لە بنەڕەتدا خواست و فشاری

کۆمپانیا) جوتەکان پێنا دەبێن بە هەندێک جیاوازی نازانستی و کولتوری بە ئاوەژوی کۆیان ببەت وەک پێویستی و کردنی سیستەمێکی خواردنی تایبەت، یان جوت بون لە کاتێکی دیاریکراوی مانگێکدا، وەیان بەکار هێنانی خشتەی چینی.. هتد. هیچ کام لەم جیاوازیانە بنەمای زانستی نیە و بە هیچ جۆرێک نەسەلمێنراوە.
لەمژوشدا نەریتی سایز و سەمار هەبوە، بە نمونە یەنانیەکان پییان وابوە کەرپەی نێرینە لای ڕاستی پیاوەکە هەڵگیراوە و مێینە لای چەپ، و بەم پێیە پیاوی یەنانی گونی لای چەپیان دەبەست بۆی جیاوازیە بە دروست بونی کەرپەی مێ بگرن. پیاوی هیندی بەتوندی گونی لای چەپیان دەگرت لە کاتی جوت بوندا بە هەمان مەبەست. پیاوانی فینسا هەر بە یەکجاری گونی چەپیان دەردەهێنا بە ئاوەژوی بەهیچ شێوەیەک فرسەتی دروست کردنی مێیان نەبەت. لە تایوان پێیان وابو هاوسەرگیری پیاوی قۆزو و ژنی لاواز مێینەی لە دەبەتەوە و بە پێچەوانەشەوە. کەسانی تر پێیان وابوە پێیوەندی کردن لە جیاژانی تاکدا مێینە دروست دەکات و جیاژانی جوت نێرینە.
لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوەوە، مەسەلەی دیاری کردنی جیاگازی کەرپە بوە شوێنی لەکۆڵینەوەی زانستی و بەم پییەش، و بەتایبەتی لەو کۆمپانگانەی کە پیاوسالاری تیا زاڵ وەک زێربەی وڵاتانی جیاژهەڵاتی ناوەڕاست و چین و هیندستان.. هتد، بەکاڵا کردن و تیجارەت کردن بەم پرسەیەوە پەڕەی سەند. سەدان کلینیک و خستەخانەی تایبەتی پەیدا بون و دایک و باوکان هەڵی "هەڵبژاردەی" دەست نیشان کردنی سێکسی کەرپەیان پێش پیتاندن و دوای پیتاندن بە کرایەوە. زانست و تەکنەلۆژیا خرانە خزمەت بەردەوام پەدانی ئەم نەریتە دواکەوتوە کۆمپانیاتیە کە دژی مافی منداڵ و ژنە بە پلەی سەرەکی.
لەوکاتەوەی پشکنینی دیاریکردنی سێکس لە ساڵانی حەفتاکانەوە دەستی پێ کردوە، تەنها لە هیندستان ٦٣ ملیۆن کچ کەمتر لەدایک بوە.
بە پێی ئامارکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، ساڵانە ١.٢ – ١.٥ ملیۆن کەرپەی کچ لە جیهاندا لەبار دەبرێت و ٩٠٪ ی ئەمانە لە هیندستان و چینن.
لە کۆمپانی سەرمایەداریدا هیچ شتێک نەماوە کە نەبەتە کاڵا و سەرچاوەی قازانج تێنانێت خواست و ویستی کەسکان ئیتر گرنگ نیە ئەم خواست و ویستانە چەند دژە ئینسان بێت، و لەبەر ئاوەژوی "پێویستیەکی" کۆمپانیاتی و فشارێک هەبو بە ئەم هەڵبژاردنی سێکسی کەرپەیە، سەرمایەداران ئەم هەڵیان قۆستەوە و تەکنەلۆژیای تازەی وەک (دی ئێن ئەی) خرایە خزمەتی ئەم مەسەلەیەوە.

لەمبارەیەوە بۆگەیک دەهێنمەوە لەوتارێکی ڕۆژنامەی (الریاض)ی سعودی لە ماڵپەڕی ئەلکترۆنی لە (١٣-٣-٢٠١٣) بە ناونیشانی (ژنان لە ترسی ژن بەسەر هەنانیان "قەناعەت دەکەن"، و پیاوان "شەرم دەکەن") کە دەڵێت: "دیاریکردنی سێکسی منداڵ چیتر زەحمەت نیە، ئەو کەسانەی ئارزوو دەکەن میوانەکەی داهاتویان کچ یان کوڕ بێت، بە دیاریکراوی ئەوانەی دیانەوێت دوای چەند کچێک کوڕیان بێت.. ئەمە بەرژەوەندیکی فراوان لە گفتوگۆی نێوان هاوسەرەکان دەدزێتەوە، بە تایبەت ئەو هاوسەرەی کە مەترسی ئەوەی هەیە کە مێردەکەی ژنی بەسەر بهێنێت لە بەر کوڕ".
نێک هەر بە ئاشکرا فەزڵی منداڵی کوڕ بەسەر کچدا وەک دیاردەیەکی نەرماڵ و پێویستیەک دەردەخات، بەڵکو ئەوەی کە ژنەکە لەژێر مەترسی ژن بەسەر هەنانداید وەک دیاردەیەکی زۆر نەرمال دەخرێتە ڕوو. و چەند "چارەسەرێک" بە خانەوادەکان پێشکەش دەکات بۆی کوڕیان بێت وبەر بە کەرپەی کچ بگرن!.
بە چارەسەرکردنی واقیعی ئەم کێشەیە وئەم نایەکسانیە هەندێک داوای باشتر کردنی چاودێری و ئاپەرتکردن و بەکارهێنانی یاساکان دەکات، کە ئەمانە هەموی زەرگرنگن و دەبێت بکرێت، بەڵام وەڵام بە بنەما و هەکارە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم کێشە قەزەوەنە نادەنەوە کە ئەویش پیاوسالاری و کۆمەڵگای نایەکسانی و چینایەتیە کە بووتە گەورەترین هۆشە لەسەر ژیان و چارەنوسی ڕۆگەزی مێینە لە جیهاندا.

٢٠٢١-٣-٢١

هەژاری ونایەکسانی دوای یەکسان لەکەڤید.. شیرین عبدالله

یەک ساڵ تێ پەڕی بەسەر بڵاوبونەوەی ڤایرەسی کەڤید-١٩. ئاکامە تەندروستیەکانی کەڤید لە کورت و درێژ خایەندا شوێنی ئەم باسە نیە، لێرەدا دەمەوێت بە کورتی بچمە سەر ئاکامە کۆمەڵایەتی وئابوریەکانی کە بە پێی ئامارە جیهانیەکان پەڕچێت چەندین دەیە بخایەنێت ولەوانەیە بە هەندیک وڵات درێژماوەتریش بێت.

ڤایرەسی نایەکسانی:
هەندێک کەس نازناوی ‘ڤایرەسی نایەکسانی’ لە ناوە، لەکاتێکدا کۆڤید -١٩ جیاوازی نازانانەت لەنێوان توشبواندا، بەڵام لەئێساسدا بوە هەی پەردە هەماڵین لەسەر قەزاوەن ترین دەردەکانی کەمەگای سەرمایەداری سەردەم، ئەویش ئەو نایەکسانیە یە کە ئەم سیستەمە لەسەری ڕاوەستاوە.
لەڕاستیدا هەر کۆڤید نیە کە ئەم نایەکسانیەی سەلماندوە؛ لەمەژوی پاندەمیکدا، تاعونە ڕەشی سەدەی ١٤ بوە هەی مردنی ١/٣ ی دانیشتوانی سەر زەوی، کە زەربەی ئەمانە هەژار ترین کەسەکانی کەمە بون. حەوت سەدە دواتر، هەشتا هاوکێشەکان نەگۆڕاون!.
لەم ساڵەی ڕابوردودا وە لە سایەی کۆڤید-١٩ دا، لە سەرتاسەری جیهاندا، چەندین جار ئەو سەلمێنرا کە کوشندەیی کۆڤید لەو کەمانەدا زۆر زیاترە کە ڕەڤڕی بەرزی هەژاری ونەخۆشی وچەی شوێنی کارو ژیان ونەبونی خزمەت گوزاری تەندروستی گشتی وبە کاری یان کاری ناجێگیری تیایە. وبەو پێیەی ڕەڤڕی ئەو نەخۆشیانە (وەک شەکرە، نەخۆشی دڵ و دەمارەکان، سیەکان، قەڵەوی..) شان بەشانی هەژاری زیاد دەکات، توش بونی ئەم کەسانەش بە کۆڤید-١٩ وڵدەست دانی کار ودەرامەتی خێزانەکانیان زیاد دەکات، وبەم جۆرە دەبنە قوربانییانی ڕیزی پێشەوەی نەخۆشیەکە لە کەمەگەدا..

یەکێک لەو نمونانە، وڵاتی پەلیقیا (یەکێک لە وڵاتە. هەر هەژارەکانی ئەمریکای جنوبی)، بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە گۆڤاری لانسەت ی بریتانی لە ٢٥.١.٢٠٢١ دا هاتوە، ڕەڤڕی مردن لەناوچە هەژارەکاندا لە تەمموزی٢٠٢٠ حەوت قات زیاتر بوبە بەراورد لەگەڵ هەمان کاتی ٢٠١٩(پێش کۆڤید)، لەکاتێکدا ئەم ڕەڤڕیە لە ناوچە دەوڵەمەندەکاندا تەنها دوو قات بو.
https://www.thelancet.com/journals/langlo/article/PIIS2214-109X(21)00001-2/fulltext
٧٠٪ کرێکارانی پەلیقیا کاری ناجێگیر وبە کۆنتراکتیان هەیە وبە بە وهیچ جۆرە بیمەیەکی کەمەایەتی، وئەمە خۆی هەکارێکە ناهەقەت بەر بەتەشەنەی ڤایرەسە بگیرێت چونکە ئەم کرێکارانە ناچارن سەلامەتی خۆیانو خێزانەکانیان بکەن بە قوربانی قوتی ڕەڤزانەیەن. لەکاتێکدا دەوڵەت کرێکارانی هاتو چۆ وکشتوکاڵی وبازاڕەکانی بە “کرێکاری پێویست” ناساندوە، وئەم جۆرە کارانە زیاترین مەترسی بەاوبونەوەی ڤایرەسەکەیان تیادایە، ودوڵەت بەکارهێنانی دەمامک و دەست کەش وهتد.. ی فەرز کردوە بە سەریاندا، بەڵام ئەم کرێکارە کەم دەرامەتانە دەبێت ئەم ئامرازانە وهەروەها تاقیکردنەوەکانیشیان

لەگیرفانی خەیان بکەن.
لە هەندێک وڵات وەک بریتانیا وئەمریکا، سەرچاوەی هەبونی یارمەتی دەوڵەت بە توشبوانی کۆڤید وئەو کەسانەی بە هۆی کۆرناوە بە کار بون، ئەم یارمەتیانە لەژێرکی زۆری هاوڵاتیان کە پشتیان پێ یان هەر شمولیان ناکات یان دەستیان پیا ڕاناگات لەبەر نەشارەزایی دیجیتاڵی وسیستەمی فۆرم پڕکردنەوەی یەکجار ئاڵۆز وبیرۆکراتی ویان نەبونی ئینتەرنێت وکۆمپیوتەر.

لەژێری هەژاری:
بەپێی ئامارەکانی سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی لە ٢٠١٩ دا زیاد لە ٦٢١ ملیۆن کەس لەجیهاندا (٨.٠٪) لە خوار هێڵی هەژاریدا دەژیان (ستانداردی $١.٩ داهاتی ڕۆژانە بۆکارهاتوە بە پێناسەی هێڵی هەژاری!).
ئەم ژمارەیە لە ٢٠٢٠دا گەیشتە ٧٦٦ ملیۆن (٩.٩٪) لەکاتێکدا پێشبینی دەکرا ١٢٠ ملیۆن زیاد بکات. (واتە ١٤٤ملیۆن زیادی کرد).
بانکی نێودەوڵەتی پێی وایە لە ٢٠٢١دا زیاد لە ١٥٠ملیۆن کەسی تریش دەتە ئەم ڕیزەوە.

نایەکسانی لە بوژانەوەی ئابوری ووڵات:
بە گومان کۆڤید کاریگەری لەسەر هەموو وڵاتانی جیهان داناوە بەڵام بە ووڵاتە پێشکەوتوەکان وەک شکڵکی کاتیە. وڵاتانی وەک بریتانیا و ئەمریکا سەرچاوەی ئاوەی زیانکی یەکجار زۆری بەشەریان لەکەوتوە لەم پاندەمیکەدا، توانای دابین کردنی چەندین ملیۆن ژەم ڤاکسینیان هەیە بە هاوڵاتیانی خەیان (کە ئەمە بەتە مایەی ڕەخنەی توند لە جیهاندا و ڕەکخراوی تەندروستی جیهانی ناوی ناوە ناسیۆنالیزمی ڤاکسین) وبەم جۆرە لەوانەیە بتوانن تا ڕادەیەک ئابوری وڵاتەکە ببوژێنەوە. هەندەک وڵات وەک کەنەدا ئەمەندە ڤاکسینی کڕیوە کە ٥ قاتی ژمارەی دانیشتوانە.
لە لایەکی کەوە نادیارە کەی وڵاتانکی وەک زیمبابوی، مکسیک ، پاکستان...دەستیان بە ڤاکسین ڕادەگات. تەنانەت هەمی خاراس شارەزا لە ئابوری جیهانی و گۆشەسەندن لە پێمانگای بروکینگس لەڵکۆڵینەوەیەکیدا مەترسی بەردەوامی زیادبونی ڕێژەی هەژاری دەخاتە ڕو، پێشبینی دەکرەت ئەم ئاکامە ئابوری و کۆمەڵایەتیانە درێژ خایەن بن وتەنانەت هەتاکو ٢٠٣٠ و دواتریش.
ئەم مەترسیە بە وڵاتە هەژارەکان یەکجار زیاترە کە زۆربەیان لەوانەیە تاکو ٢٠٢٢ ش دەستیان بە ڤاکسین ڕا نەگات ئەمەش بەمانای نەخشیەکە بەردەوام دەبەت لە کوشتن و هەژار کردنی زیاتر

لەناویاندا. سەرەڕای ئەمە زۆربەی ئەم وڵاتانە دەرگیری چەندین گرفتی وەک شەڕ وبرسێتی وکێشمەکێش وگەندەڵی ونەبوونی خزمەت گوزاریە سەرەکیەکانن.. هتد.

ئاکامە کۆمەڵایەتیەکان:
لە چەند مانگی ڕابوردودا تیشک خراوەتە سەر ئاکامەکانی ئەم پەتایە وەک هێرشێی بۆ کاری ونەخوێندەواری، تووندوتیژی بەرامبەر ژن و منداڵ، نزم بوونەوەی ئاستی کرێی کار..هتد بۆ بڕنێی داخستنی سنورەکان وقوتابخانەکان و شوێنی کار وپابەند بون بە ڕێنماییەکانی خۆپاراستنەوە. لەهەندێک وڵات دەبینرێت ئاستی کرێ بەرز بەتەوە بەهۆی ئەمە بۆ هەی تیاچونی کارە کرێ نزمەکانەوەیە بۆ پلەی سەرەکی.
بەهۆی زۆر ئاکامی تر هەیە کەمتر دیارە وەک هێڕێی واز هینان لە خوێندن، کەوتنە ژێر باری قەرز، بێخانوولانێیی، بڵاد خراکی و زیاد بونی ئۆگرێی توشبون بە نەخۆشی..
بە پیی ئامارە جیهانیەکان یەک ملیار منداڵ لە قوتبخانە دەوام ناکات. زۆربەی هەرە زۆری ئەمانە بەتایبەتی لە وڵاتە هەژارەکاندا، دەستیان بە هەڵی ئینترنێت وکەمپیوتەر ناگات وناتوانن لە دوورەوە بخوێنن، بارودۆخی ماڵەکانیان گونجاو نیە بۆ خوێندن وفەر بون وڵەخانەوادەی ناجێگیر وبێئاسودەدا دەژین.. کچان بە هێڕێیەکی زیاتر واز لە خوێندن دەهێنن و بەم پێیە زیاتر زەرەرمەندن.
جگە لە دەست دانی هەڵی کار وکەم بونەوەی دەرامەت، خانەوادەکان دوچاری گرانی و قەرز بون بەتایبەتی ئەوانەی کە منداڵیان هەیە. بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی ریزلیەشن فاوندەیشن کە کۆنگرێی نێقابەکانی بریتانیا (تی یو سی) بڵاوی کردۆتەوە، ئەو فامیلیانەی کە پێش پاندەمیکەکە کەمترین ئاستی دەرامەتیان هەبوە، ئێستا دو قات مەسرەفیان زیادی کردوە. نەک هەر خواردن وکاڵاکانی تر گران بون، وبڕنێی لەماڵەوە مانەویان مەسرەفی سوتەمەنی وکارەباو ئاو هتد.. زیادی کردوە و جگە لە تێچوی خوێندنی منداڵەکانیان لە ماڵەوە.

ژمارەیەکی زۆر ئەوانەی کاریان لەدەست داوە توانای دانی کرێ خانویان نیە وبەم جۆرە بۆ خانوولانێ بون. هێکخراوی شەلتەری بریتانی دەڵێت لە ٣ مانگی یەکەمی دوای سەرهەڵدانی پاندەمیکەکە ژمارەی چاوەڕوانکردوانی نیشتەجێبون ٦٠٠ زیادی کرد.
زیاد بونی تووندوتیژی بەرامبەر ژن وکوشتنیان کراوە وەک ئاکامێکی ڕاستەوخۆی ڕێنماییەکانی خۆپاراستن ولەماڵەوە مانەوەی ژنان وکچان

لەگەڵ بکوژانیاندا ودەست ئانگەیشتنیان بە خزمەت گوزاری فریاکەوتن ویارمەتی دان، بەڵگەی زیری هەیە وچەندین ئاماری جیهانی هەیە کەئەم دەسەلمێنی.

لە عیراقدا:
لە سایەی سیستمی سیاسی بەرژوا میلیشیایی وگەندەڵی حیزبە قەومی وئیسلامیەکاندا، کە هیچ جۆرە زمانەتکی کەمایەتی بە خەڵک تیا نیە، وهیچ جۆرە یارمەتیەکی ئابوری دەوڵەت بە توشبوانی کەرەنا وخانەوادەکانیان وکسب و کاریان دابین ناکرێت، لەم ساڵەی ئابوردودا ژمارەی هژاری بەڕادەیەکی ترسناک زیادی کردوە.
لەهەڵسەنگاندنکی وەزارەتی پلاندانانی عیراق بە پشتیوانی یونیسیف و بانکی جیهانی ودەسپێشخەری گەشەی مرۆیی ئکسفەرد لە ناوەڕاستی ٢٠٢٠ دا؛ منداڵ وگەنج زەربەی هەرەزەری ئەو ٤.٥ ملیۆنە (١١.٧٪) پێک دەهێنن کە لەبەر مەترسی هژاری ونەداریدان بە بەنەی کەرەناوە.
ژمارەی هژاری لە ساڵی ٢٠١٨ دا ٢٠٪ بوو، ئەمە لە ٢٠٢٠ دا زیادی کردوە بە ٣١.٧٪ کە یەکسانە بە ١١.٤ ملیۆن! وزەربەی هەرەزەری ئەمانە منداڵ وگەنجن.

سیستەمی تەندروستی گشتی عیراق یەکجار وەرانە ولە ئیزی نەبودایە، لەکاتێکدا کە کەرتی تایبەت لە بوژاندنەوەدایە، ولەم چەند ساڵەی ئابوردودا دیان وسەدان کلینیک وخەستەخانەی تایبەت کراوەتەوە. بە متمانەیی خەڵک بە سیستەمکە گومان وبە باوەڕی بە ئەنمایی تەندروستیەکان وبایەخ نەدان پێیان دروست کردوە وتانەت خەدزینەوە لە تەست وفەحس کردن وچون بە خەستەخانە. پزیشکان و کارەندانی تەندروستی ژمارەی دەبینن ژمارەی توشبوان وگیان لەدەست دان زیاترە لەوەی کە تەمار دەکرێت چونکە کرێکاران ونەداران لەکۆڕی ١٤ ژمار کەرەنتینەیان نیە لەماڵەوە دانیشن وکار نەکەن تاچاک دەبنەوە وخێیان ودەوروبەریان بپارێزن، وکارکانیان بجۆرێک نیە کەبتوانن لەماڵەوە ئەنجامی بدەن. هەموشێپڵکی تازەی کەرەنا یەک شاڵاوی گەورەی تازەی هژار کردن وچالەنجی تەندروستی زیاتر لەگەڵ خێیدا دەهێنیت.
خزمەت گوزاریە گشتیەکانی تر وەک خویندن وئاو کارەبا و سوتەمەنی وەگەڕوبان وخانوبەرە...هتد بەهەمان شێوە وەرانە وکۆتە بەر شاڵاوی پرایقەتایز (تایبەتی) کردن.

بەگومان کەڤید-١٩ وئاکامەکانی بە چەندین ساڵی تر باس دەکرێت وهەشتا بەتەواوی هەمویمان نەزانیوە. ڤاکسینەکان وچارەسەرکانی

کۆڤید چالەنجی تازە لەگەڵ خۆیان دەهێنن هەروەک سەرتاکانی لە ئێستادا دەردەکەوێت بە ناسیۆنالیزمی ڤاکسین وبیرتەسکی وڵاتە گەورەکان ودەست گرتنیان بەسەر ڤاکسینەکاندا لەسەر حسابی هەژارانی دنیا. هەر لەئێستادا سەرهەڵدانی چەندین نەوەی تازەی ئەم ڤایرەس پرسیاری تازەی هێناوەتە ئاراوە وبەگومان لە هەمو قۆناغ وهەڵچون وداچونیکی پاندەمیکەکەدا نایەکسانیەکان زۆقتر دەبنەوە. نایەکسانی وهەژاری بنەمای سەرەکی کەمەگای سەرمایەداریە وئەم سیستەمە خێی دروستکەری نایەکسانیە.
لەوانەیە هەرگیز سەرچاوەی سەرەکی کۆڤیدمان بە نەدۆزرێتەوە ویان نەتوانین بەر بە پاندەمیکی داهاتو بگرین، ئۆگەری پاندەمیکی تروکارەساتی سروشتی تر لە داهاتویەکی نزیکدا هیچ بە دور نازانرێت. بەڵام گەورەترین چالەنج لەبەردەم کەمەگای مرۆیی ئەمڕۆدا کارکردنە بە نەهێشتنی ئەو هەژاری ونایەکسانیەی کە بوە هۆی گیان لەدەست دانی زیاد لە ٢.٣ ملیۆن هاومرۆقمان وداسپانی نەهامەتی وبێئاسودەیی بەسەر داهاتوماندا.

شیرین عبدالله
7.2.2021

پێشبڕکێی پێکوتە بەرەو کوێ؟ … شیرین عبدوڵا

یەک ساڵ پێش ئێستا ئۆگەری سەرهەڵدانی پەتایەکی جیهانی پێشهاتکی دوور و گریمانەیی بوو، ئەمڕۆ بەپێی هەواڵەکان، پەتای کۆڤید-١٩ تا ئێستا زیاد لە ٢٦.٥ ملیۆن تووش بووە و ٨٧١ هەزار کەسی لە سەرتاسەری جیهاندا کوشتوە. ئێستا هەموو جیهان بە پەرشوڵاو چاوەڕوانی دەزینەوەی پێکوتەیەکی کاریگەر دژی ئەم پەتایە. پێکوتەیەکی کاریگەر نەك هەر مەترسی نەخۆشیەکە کەنتڕۆڵ دەکات بەڵکو هیوا بە مرۆڤایەتی دەبەخشێت کە بە بە دەمامک و دورکەوتنەوە پارەزراو بێت و ژیان ئاسایی ببێتەوە.
ئاشکرایە پەیوەستمان بە پێکوتەیەکەوە بەچارەسەری پەتای کۆڤید-١٩ەوە، وە بە ئەم مەبەستە پێشبینکەیەکی گەورە لەنێوان وڵاتە

بەهێزەکان و کۆمپانیا جیهانیەکانی دەرماندا بڵاوبوونەوە.
هێزەگەورەکانی دونیا کە زۆربەی کۆمپانیاکانی دەرمانیان هەیە، گرنگی ئەم پشبڕکێیەمان نیشان دەدەن، قۆلدیمەر پوتین ئەپەراسیۆنەکەی ناو ناوە سپوتنیك ٥، هێزەکانی پشبڕکێی فەزاییەمان بیر دەهێنێتەوە، دۆنالد ترەمپ هەوڵەکانی ئەمریکای ناو ناوە ئەپەراسیۆن وارپ سپیید (وارپ سپیید ١ یەکسانە بە خێرایی تیشك- لەزنجیرە فلیمی ستار تڕەکدا خێرایی کەشتیە فەزاییەکان بە وارپ سپیید ١،٢،٣،.... باسدەکران !).
بە نیسبەت کۆڤید ڤ-١٩ چ ڤایرۆسێکە و چ پەکوتەکەش تازەن و کەس تا ئێستا نازانێت ئاکامی تاقیکردنەوەکان لەسەر بەشەر چیدەبێت.
لەدەیەی ڕابوردودا شەشەکی گەورە لە بواری تەکنەلۆژیای جیناتدا بەدەست هاتوە کە وای کردوە کاری ١٠-٢٠ ساڵی دەزینەوەی پەکوتە کەم کاتەوە بە چەند هێز یان چەند حەفتەیەك. لە حاڵی حازردا زیاد لە ١٧٠ تیمی پزیشکی سەرقاڵی دەزینەوە و دروست کردنی پەکوتەی پەتای کۆڤید١٩ن. زۆربەی ئەم تیمانە پشت بە تەکنەلۆژیای تازەی جینات دەبەستن لەجیاتی پرۆسە کۆنەکان کە ڤایرۆسی مردو یان لاواز کراوی بە زیادکردنی بڕگری لەش بە دژی ڤایرۆسەکە بەکاردەهێنا. تا ئێستا هیچ کام لەم پەکوتانە بە بەکارهێنانی سەرتاسەری پەسەند نەکراوە بڕیار ٩یان گەیشتوە قۆناغی ٣ی تاقی کردنەوە.
ئەم پشبڕکێیە، پەش ئۆوی بە زگار کردنی مرۆڤایەتی و کەم کردنەوەی هێزەی گیان لەدەستدانی خەڵک بە ڤایرۆسەکە بێت، بە مەبەستی دابین کردنی قازانجی زیاتری کارتێلە گەورەکانی دەرمان و کەڵکەی سەرمایەیە، و لە تەوانینەکی بەرتەسکی دەسەاتەکانەوەیە، کە یەکەم کەس پەکوتەی دەزیەوە و تەماری کرد بە بەکارهێنانی سەرتاسەری ناوی، مافی خاوەندارێتی و مۆنۆپۆلی بازرگانی، دەچێتە مێژوەوە و لە هەڵبژاردنەکاندا بگومان دەیباتەوە و هێڵی خێی لەناو هێزەکانی جیهاندا دەسەلمێنێت...هتد.
پشبڕکێ لەم بوارەدا و گوێنەدان بە هاوئاهەنگی نێو دەوڵەتی و بیر تەسکی ناسیۆنالیستی پەکوتە، لە قازانجی هیچ لایەك نیە جگە لە کارتێلە گەورەکانی دەرمان دروست کردن و دەوڵەتە بە هێزەکان و ئەو نایەکسانیەی کۆڤید-١٩ لەسەری گڕشە دەکات چەند قات زیاد دەکات.
ئەو گروپە کەمایەتیانەی زیاترین قوربانیان لە کەوتنەوە بە بۆنەی ڤایرۆسەکەوە چ لەبەری تەندروستی و چ ئابووری و کەمایەتیەوە نەهامەتەکانیان زیاتر و قوڵ تر دەبێتەوە.
ستاندردەکان و لادان لێیان
چەند ستانداردێکی جیهانی دانراوە بە دروست کردنی پەکوتە:

- ٥٠٪ کاریگەر بێت. لانی کەم ٣٠٪.
- توانای دروست کرنی بە ژمارەیەکی زۆر لە ماوەیەکی کەمدا.
- دەبێت بە ستاندردەکی زۆر بەرز لە سەلامەتی دروست بکرێت لەبەر ئەوەی لە ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی تێندروست دەدرێت.
یەکێک لە مەترسیەکانی ئەم پێشبڕکێیە لادانە لەم ستاندردانە کە لەوانەیە ببێتە هۆی ئۆگری دروست کردنی پێکوتەیەکی لاواز و ناکاریگەر یان تێنانێت زیانبەر مەندیش.
بۆگومان پێکوتەیەکی ناکاریگەر پاندەمیکەکە خراپ تر دەکات، نەک هەر بەرگری لەش زیاد ناکات بە نەخۆشیەکە بگرە خۆشخەیالی دەدات بە کەسەکان و دەسەڵاتەکان کە دەبێتە هۆی شلکردنەوەی پەیوەندیەکانی دەست شتن و دورکەوتنەوە و بەکارهێنانی دەست کەش و دەمامك و ...هتد.
ئەمانە هەموی نەك هەر متمانەیی خەڵک بە سیستەمەکان کەم دەکاتەوە بگرە بە زانست و سیستەمی زانستی و دەبێتە هۆی سەرمینەوە لە وەرگرتنی پێکوتەکە و هەروەها بە فیڕۆ بردنی زۆرێک لە ئینەرجی و کەرەستە وەك دەرزی و سرینج و ...هتد بە بیانوی دروست کردن و دابەشکردنی پێکوتە یەکی بە سود. ئەم بەمتمانەییەش دیسان دەبێتە هۆگریەك لە بەردەم کەنتڕۆڵ کردنی قایرۆسەکە. ئەمەش دوبارە دەرد و مەینەتیەکانی هەژار و بە دەرامەتەکانی کەمەگە و توشڕ پەراوێزکراوەکان زیاتر دەکات کە خەیان لە سەرتاوە و تا ئێستا قوربانیانی سەرەکی ئەم پەتایە بون.
لە مەژوی پێکوتەدا چەندین نمونەی کارەسات هەیە کە دەکرێت دەرسی لە وەربگیرێت؛
- لە ١٩٤٢ پێکوتەی نەخشی پەتای زەرد (یەللە فیڤەر) تێکەڵ بوو لەگەڵ قایرۆسی هەوکردنی جگەر (التهابی کەبەدی قایرۆسی) کەدرا بە زیاد لە ٣٠٠ هەزار سەربازی ئەمریکی ونزیکەی ١٥٠یان مردن.
- هەروەها لە ١٩٥٥دا ڤەداوی (کەتتەر) ڤیدا کە دروستکەری پێکوتەی ئیفلیجی منالە (شلل الاطفال) بوو. "تاقیگەی کەتتەر" قایرۆسەکیان بە تەواوی لاواز نەکردبوو، بۆیە بەم پێکوتە خراپە ٤٠ هەزار کەس توشی نەخشی ئیفلیجی منالە بون و ٢٦٠ کەسیان لە دەست و قاچ کەوتن و١٠کەس مردن. ئەمانە لە کتێبی بەناوبانگی ستانلی پلۆتکین دا (پلۆتکینس ڤاکسینس) ئاماژەی پێدراوە.
تێنانێت دوای پەسەندکردنیش پێکوتە هەر دەبێت لە ژیر چاودیریدا بێت، چونکە تاقیکردنەوەکان، مەترسیە

درژخایەنەکان دەستنیشان ناکەن. لە ١٩٩٩دا پەکوتەیەکی دژی تا-ڤایرەس (ڤایرەسیکی سک چونە لەناو منداڵاندا یەکجار بەناو) قەدەغە کرا دوای ئەوەی ژمارەیەك لە منداڵ توشی یەخە گیران بون.

ناسیونالیزمی پەکوتە

بە پێی دەزگا هەواڵیەکان، کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپا لە ٣١ی تەممووزی ئەمساڵدا، لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی پزیشکیدا، گرێبەستیان کرد بۆ دابین کردنی ٣٠٠ ملیۆن ژەم لە پەکوتەی ڤایرەسی کۆرۆنا لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا ناشزانین کە هیچ کام لەم پەکوتانە ئیش دەکات یان نا. وڵاتانی ئەمریکا و بەریتانیاش بەهەمان شێوە چەندەها ملیۆن ژەمی چەند پەکوتەیەکی کۆرۆنایان دابین کردوە لە ئێستاوە. ئەمەش بۆ مەبەستی بوژاندنەوەی ئابوری وڵاتەکە و دروست کردنی متمانەلای دانیشتوانی ووڵاتەکانیان و لەوانەیە بەهیوابن بەمە تا ڕادەیەك کەموکوڕیەکانی سەرەتای پاندەمیکەکە لە بیر خەڵک بەرنەوە.

ناسیونالیزمی پەکوتە نەك هەر لەووی مەراڵیەوە نادروستە، بەڵکو بە پێچەوانەی هەمو گرێبەستە نەودەوڵەتیەکان و مافی مرۆڤیشە.

بە پێی ڕاپۆرتە هەواڵیەکان، لانی کەم لەسەرەتادا، توانای دروست کردنی پەکوتەکە سنوردار دەبێت و لەوانەیە چەند مانگێك یان زیاتر بخایەنیت هەتاکو بەشی زۆربەی وڵاتان دروست دەکرێت. ئەمەش مانای وایە، هیچ پەکوتەیەك لەسەرەتادا دروست دەکرێت دەچێت بۆ ئەو وڵاتانەی پێشوەخت کڕیویانە.

هەروەها ئەو وڵاتانەی سیستەمی تەندروستی گشتی بەهێزیان نیە لە هەمان کاتدا سیستەمی گواستنەوە و خۆزنکردن و دابەش کردنی پێویشان نیە کە ئەمە زیاتر بەردەستبوونی پەکوتەکە دوا دەخات لە کاتێکدا کە ڤایرەسەکە بەردەوامە لە بڵاوبونەوەدا، و دەبێتە هۆی قوڵتر بونەوەی گرفتە تەندروستی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم وڵاتانە.

بە بە هاوئاهەنگی نەودەوڵەتی، پێشبینکەی بەردەوام نرخی پەکوتە و کەلوپەلەکانی بەرز تر ڕادەگرێت، کە ئەمەش دوبارە بە قازانجی کۆمپانیای دەرمانی ووڵاتە بە هێزەکان دەکات.

شاردنەوەی زانیاریەکان وئاکامی تاقیکردنەوەکان

ئاشکرایە چەند سەدە لەمەوبەر و لە کاتی پێتای (تاعونی ڕەش)دا گەیشتنەوەی زانیاری شتێکی ئاسان نەبوە. ئەمە ئەمە

ئەو گرفتەمان نەماوە بەڵام جارێکی تری گرفتمان هەیە، ئەویش ڕێککەوتن و پابەندە بازرگانییەکانن. کەمپانیا گەورەکان پارێزەکی خەیاڵیان لە شاردنەوە و مانەپاڵکردنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان دەستدەکەوێت و لەبەرژەوەندی خەیان و هەنانی قازانجی زیاتر و کڕینی سەرمایەکانیان و بەهێزکردنی پێگەیان لە بازاڕی جیهانیدا.
ئاوگۆڕ پێ نەکردنی زانیارییەکان و بەاونەکردنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان لەکاتێکدا کە قایرۆسەکە لە تەشەنە و بەاوبونەوەدایە دیسان دەبێتە هۆی توشبون و مردنی زیاتری ئەو گروپە کەمایەتیانەی لەسەرتاوە تا ئێستا بونەتە قوربانی و توشی فۆلاکەتی تەندروستی و ئابوری و کەمایەتی بون.

پێتای جیهانی کۆڤید-١٩ هەر وەک پێتاکانی تر لە مێژودا لەسەر نایەکسانی پەرەدەستێنێ و تەشەنە دەکات و سود لە خاڵە لاوازەکانی کەمەگە وەردەگرێت. سیستەمی سەرمایەداری ئەم نایەکسانیانە بەردەوام دروست دەکاتەوە و لەژێر سایەی ئەم سیستەمەدا ئاگەری چەندین پێتا و کارەساتی تری وەک کۆڤید -١٩ و خراپتریش ڕوبەڕوژ لەزیاد بونداید. لەوانەیە پێکوتەی کەرەنا ڕزگارمان بکات لەم پێتایە وەیان لانی کەم ئاکامەکانی لەسەرمرۆڤایەتی کەم بکاتەوە بەڵام ئاسەوارەکانی کۆڤید و تاوانەکانی سیستەمی سەرمایەداری و بەباکی لەبەرامبەر تەندروستی و گوزەرانی ژیانی ئینسانەکاندا بەردەوام دەبێت.
مرۆڤایەتی شایەنی ئەم کارەساتە نیە و دەبێت تەندروستی و ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی واقیعی ژیانی مرۆڤەکان بێت ئامانج بکۆتایی هەنان بە سەرمایەداری ئەنجام دەدریت.
6.9.2020

چاو پێ کەوتن لێگەڵ شیرین عبدوڵڵا

– ژمارە 0ی ڕۆژنامەی ڕووت مەز گردەکی لە گەڵ هەندێک لە شارەزایان دەربارەی پەتای کۆرۆنا و ئاکامە جۆراوجۆرەکانی ساز دا. شیرین عبدوڵڵا تیشکی خستە سەر سیاسەتی تەندروستی و سیستەمی تەندروستی ووڵاتەکان:

بەستەری تەندروستی وتەکنەلۆژیا وسیاسەتی تەندروستی

پرسیار: دۆناڵد ترامپ، دەوڵەتی چینی تاوانبار کرد بە بڵاوکردنەوەی فایرۆسی کۆرۆنا/ سارسی ٢، بڵاوبونەوەی پەتای کۆڤیدی ١٩. چین تەمەتی گوستنەوەی فایرۆسەکەی گەیاندەوە بە تیمە سەربازییەکانی ئەمریکا کە سەردانی شاری وهانیان کردوو لەوە ماونەتەوە.. بەپێی لێکۆڵینەوە زانستیەکان ودکتۆرەکان بڵێت، ڤایرۆسەکە لە بازاڕێکی شەعبی یەوە کە گەشتی شەمشەمە کوێرەی تیا فرۆشراوە لە ناوەڕاستی مانگی ١٢ ەوە، تا ئەوە بوو بەجیهاندا بڵاوبوەوە؟ لە ڕاستیدا ساڵی پار تیمە پزیشکەکانی جین هەر لەهەمان شار لەمانگی ٣ دا ڕاپۆرتێکی زانستیان لە مەترسی بڵاوبونەوەی فایرۆسەکی لەو بابەتەو توشوبنی ئینسانیەتی لەو نەخشیە بڵاوکردبوەوە. ئەستاش هەیە لە ئەرشیفدا ماوە. بەشێکی تر لە دکتۆرەکان لەکۆبونەوەکانی ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی سەر بەنەتەوەیەکگرتوەکان هەشداریان دابوو بە (پەتای ئیکس /ناویان بردبوو) کە بەئاگاری زۆر بڵاودبێتەوە ئاگەر ڕووشونێ پەویستیە تەندروستیەکان نەگیررێتە بەر، تە ئەم سیناریۆیانە چۆن لەدەدیتەوە؟

ش ع : ئەم سیناریۆیانەی ئەمریکا و چین کە هەر یەکەیان تەمەت دەخاتە پاڵ ئەوی تر لە ڕاستیدا ڕاکردنە لە واقیعەتی کەبەیان دروست کردوین وڕام دانەوە بەو پرسیارو نیگەرانیانەی خەڵک بەرامبەر دەسەڵاتکانیان لە ڕوبە ڕوبونەوەی ئەم پەتایەدا وبەشکن لەو مآساتانەی کە 7.3 ملیار بەشەر بە دەستیانەوە ئەنالێنێت. ئایا ڤایرۆسەکە دروست کراوی چینە یان امریکا ئەوە بە ئەمە هیچ لە وە ناگەێت کە وەکو سەربازی بە چەک کتوپر خراوینەتە ڕێزی پشەوەی ڕوبە ڕووبونەوە لەگەل نەخشیەکی کوشندە دا کە زانیاری زەرمان نیە لەسەری وڕوننمایەکانی پەمان دەدرێن ناڕشنو سەر لە شوێنەرن و

خستونیەتە بەردەم مەترسی داهاتویەکی ئابووری تاریک وترسناک. هەر وەک ئەوە ئیشارەتتان پێ دا لایەنە پزیشکیەکان بروایان وایە قایرەسەکە لە پرسەیەکی سروشتیدا دروست بووەڕمارەیەکی زۆر لەپزیشکان وزانایانی تەندروستی گشتی لە ڕۆژی 19.2.2020 لە گۆڤاری لانسیتی بریطانی کە یەکێکە لە گۆڤارە بەناوبانگە پزیشکیەکان نامەیەکی پشتیوانیان بۆاوکردووە بە پزیشکان وزانایانی چین کە تآکید لە سەرچاوەی سروشتی قایرەسەکە دەکەنەوە ونیگەرانیان دەربڕی کە ئەم جۆرە پروپاگەندانە بێجگە لە دروست کرنی ترس وبە متمانەیی دەبنە ڕێگرێک لە بەرامبەر هەوڵە جیهانیەکانمان بۆ کۆنترۆڵ کردنی پەتاکە. ڕاپۆرت وبۆچوونە زانستیەکانیش کە ئەمە دەسەلمێنێت هەیە وبە ئاسانی دەست دەکەوێت. بەڵام هەڵکارەکانی سەر هەڵدانی ئەم قایرەسە وچەندین کارەساتی سروشتی ترچیە ئەمە شوێنی پرسیارە وئێستا ئەوە ئاشکرایە کە تێکدانی بە سنوری ژینگە وسروشت بەڕاوو بازرگانی بە مەبەستی قازانج لە سستەمی سەرمایەداری نیولیبرالیدا بەشێوەیەکی خستەتە ژێر مەترسی توش بون بۆ قایرەسە ئاژەلیەکان کە ئەمە دەلیلی بە بایەخی تەواوی ئەم سستەمایە نەک هەر بۆ ژیانوباش بژێوی دانیشتوانی سەر زەوی بەڵکو بۆ ژینگە وسروشتیش ودرک پێ نەکردنێتی وبەڵکو بۆ باکیشیەتی بۆ زیانەکانی ئەم جۆرە پراتیکانە.
https://www.thelancet.com/journals/lancet/article/PIIS0140-6736(20)30418-9/fulltext

پرسیار: ئایا سیاسەتی تەندروستی جهانی کەمترخەمە؟

ش.ع: لە ٣١ دیسەمبر ٢٠١٩ چین هەوالی "چەند کەیسێکی التهابی قورسی سنگ لە ووهان" ی بۆ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕاگەیاند کە دواتر ناسرا بۆ قایرەسی کۆرۆنای تازە. لە ١١.٣.٢٠٢٠ دا حاڵەتی پاندەمیک- پەتای جیهانی- ڕاگەیاندرا..هەتاکو ئیستا کەزیاتر لە 4 مانگێ زیاد لە 260.000 کەسی کوشتوە و 3.8 ملیون توش بوە.
ئەمە دەکرا وا نەبێت.
بۆ گەمان سیاسەتی تەندروستی وولاتەکان کەم تەرخەمن و دەنگی نارەزایەتی بەرامبەریان لە جیهاندا بەرز بەتەوە.
پێش ئەوەی بەمە سەرچەنێتی مامەڵە کردنی ووهاتەکان لە گەڵ کۆرۆنا ئەمەوێت ڕوونی کەمەوە کە زۆربەی ولاتانی جیهان لە بناغەدا ئامادە نەبون بۆ ئەم ویکەک لە هەڕەشەکانی ئەویە کە سیستەمی تەندروستی وخزمەتگوزاری کەمایەتی گشتیان یەکجار لاواز وبایخ پێ نەدراوە. لەگەڵ ئەوەدا کە سەرەکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی تیدروس غیبریسوس لە کۆنگرەی آستانادا 2018 رای گەیاند کە نیوەی

ئەو 7.3 ملیارەی دانیشتوانی زەوی دەستی ئاناگات بە خزمەت گوزاری تەندروستی بناغەیی لەوانە نەخشی گوازراوە ونەگوازراوەکان وتەندروستی منالان ودایکایەتی ومناڵ بون وتەندروستی جنسی ودەروونی وهتد…نەک هەر ئەمە بەڵکو لەم سالانەی ئابوردودا دەبینین لە زۆر وولاتی دنیادا کە تا رادەیەک ئەم خزمەت گوزاریانەی تیایە بە شێوەیەکی سیستەماتیک وبەردەوام هەرشی کراوەتە سەر ولاواز کراوە بە بەهێز کردنی کەرتی تایبەت وهێنانە ناوەوەی بازاروقازانج وکەم کردنەوەی ڕۆڵ وبەرپرسیەتی دەوڵەت لە دابین کردنی ئەم پێداویستیە سەرەکیانەی کەمالگا. ئەمە وای کردوە کە سیستەمە گشتیەکان زیاتر وزیاتر لاواز بن وتوانای بەرگەگرتنی هیچ جۆرە شۆکێکی لەم بابەتیان نەبێت. زاناو شارەزا تەندروستیەکان زەنگی ئەم مەترسیەیان لە داوە و هاوارەکانیان پشت گوێ خراوە.
بە نمونە لە 2014 دا دوو دکتۆری شارەزا لە تەندروستی کەمەدا لە بریطانیا ئیشارەتیان بەوە دا کە پاندەمیکی داهاتو رووی دا (نەک ئۆگەر) کە لەوانەیە ئنفلوەنزای تێر بێت یان شتێکی کە تەنها چەند هەفتەیەکمان بە دەستەوە دەبێت ئەمە مانای وایە پاندەمیک لە لیستی سەرەوەی مەترسیەکاندا بوە لە ولاتەکەدا وە ئەم دکتۆرانە تیشکیان خستە سەر ئەوەی کە چاکسازیەکانی دەوڵەتی 2012 ی سیستەمی تەندروستی گشتی بریطانیا ئەم مەترسیەی زۆر زیاتر کردوە. سیستەمی تەندروستی بریطانیا بە یەکێک لە سەرکەوتوترین سیستەمەکانی ووڵاتە پێشکەوتوەکاندا ناسراوە کە بە خەڵایەیە بە هەمو دانیشتوانی وڵاتەکە. لە ماوەی٣٠ ساڵی ڕابوردودا حکومەتە جۆراوجۆرەکانی بریطانیا هەرشەکی تووندو بەردەوامیان کردەتە سەر ئەم سیستەمە بە مەبەستی بەبازار کردنی ودەرهێنانی وردە وردەی لەدەست کەرتی گشتی بە کەرتی تایبەت وچنینەوەی قازانج. ئەوە بو چەندین خزمەت گوزاری تەندروستی داخران وە یان کەم کرانەوە وژمارەیەکی زۆر لە کرێکارو کار بە دەستەکانی دەرکراون وئەم هەرشە نەک تەنها کەرتی تەندروستی بەڵکو هەمو خزمەت گوزاریە گشتیەکانی وەکو خوێندن وهاتو چۆ خزمەت گوزاریە کەمەلایەتیەکان و سیستەمی بەنەفیت وخانو بەرە و…هتد گرتەوە بە ئادەیەک کە ڕێژەی هەژاری لە وڵاتەکەدا یەک جار زیادی کردوە وبەتە کەشێیەک بە ڕێکخراوە خێرخوازیەکان کە خەشیان بە هەمان شێوە ئەم پرسەیە گرتونیەتەوە. ئەم واقیعەتانە زۆر بە جوانی لە فلیمی (ئای دانیەل بلەیک) ی دەرهێنەری سۆشیالیست کەن ڕۆچ دا ئاشکرا کراوە.
هاتنی کۆرنا:
کەواتە کەم تەرخەمیەکان لە ئەستادا دەستی پێ نەکردوە ودرێژ خایەنە وئەم سیستەمە خێی بەشکۆ لە کارساتەکە. لە گەل سەر

هەدانی کەرەنادا ئەم کەم تەرخەمیانە یەک جار زەق بونەوە نەک هەر لە بریطانیا بەکو لە زەر لە وولاتانی بە ناو پەش کەوتو.
هەر وەک دەزانن رەکخراوی تەندروستی جیهانی لە 30.1.2020 حالەتی تەندروستی گشتی بە پەلەی راگەیاند لە سەر تا سەری جیهاندا وپەشتر لە 10.1.2020 دا پاکەجکی رەنمایی بە هەمو وولاتەکان راگەیاند بە پەی ئەو زانیاریانەی لەو کاتەدا هەبون لە سەر نەخشیەکە. ئەو پەخنانەی بە گشتی لە وولاتەکان هەیە ئەمانەن:

- دەبینین لەباتی کارکردی هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکا بە لەناو بردنی نەخشیەکە وەاتانی جیهان بەفەردی وتەروانینەکی ناسیونالیستانەی بەر تەسک مامەڵە دەکەن
- پلانەکانیان خاووخلیچکی و بەبایەخی پەوە دیارە بە پشت گوێ خستنی پرەسەی تەست وبە دوادا چونی کەیسەکان وپەیوەندیەکانیان وەانەگرتنی خەرای کەبونەوە گشتیەکان وەک مراسیمی ئاینی ووەرزشی وئاهەنگ و کەڵ وکەبونەوە گەورە کەمەلایەتیەکان ودانە خستنی سنورەکان وکارەنتینە نەکردنی هاتوانی وەاتەکان وکار نەکردنی خەرا بە دابین کردنی پەداویستی خەپاراستن لە ماسک ودەست کەش و ئامرە تەندروستیەکان (کە دەکرا زەربەی وەاتان لە ناو خەدا دروستی بکەن ویان ئەو زەخیرە ئامرانەی لە مەخزەنەکاندا تەرخان کراوە بە سوپا بەکار بهاتایە!). مانگەکانی ٢ و٣ فرسەتەکی یەکجار گرنگ بو کە دەبوا وولاتەکان بەکاریان بهەنایە بە خە ئامادە کردن بە ئەو پەتایەی کە کەڵ بە کەڵژتەشەنەی دەکرد بە بەرچاوماندا.
- بیير نەکردنەوە لە چینە پشت گوێ خراوەکانی کەمەلگە وەک پەناهەندە و زیندانی وبە خانە ولانەکان ودانیشتوانی کەمپەکان وماڵەکانی پەک کەوتەکان…
- ژنان وقوربانیانی توندو تیژی خانەوادەیی لە پلانەکاندا نەبون ئەوەبو دەنگی نارەزایەتی رەکخراوەکانی ژنان لەزەربەی وەاتانەوە بەرز بوەوە بە هەی زیاد بونی توندوتیژی ئەوانەی کە لە کەرەنتینەن لەگەڵ هاوسەرە کانیاندا ودەست رانەگەیشتنیان بە خزمەت گەزاریەکان وقورسی پەیوەندیەکان
- زەربەی وەاتان سیاسەتی بەرگری قطیع (هەردو) یان پیادەکرد کە رەخنەیەکی زەری هاتە سەر لە لایەن شارەزایانی تەندروستی و کەمەڵایەتیەوە کە سیاسەتەکی شیاونیە. هەندەک وەات لەمە پاشکشەیان کرد بەڵام هەشتا سیاسەتەکانیان لە باشترین حالەتدا ناڕەشەن وسەرلەشەوانی دروست کرد لای خەڵک.

- کرێکارانی کار بناغەییەکان وەک: کارەندانی تەندروستی وگواستنەوە ورێگەوبان وپەست وکرێکارانی شارەوانی وئاوانەی لە سوپەرمارکیتەکان ولە ئامادەکرن وپاکێجکردنی خواردن کار دەکەن.. وڕینماییەکانی لەمالەوە مانەوە نایانگرێتەوە. لەبەر ئەوە ئەمانە زیاترین بەشی ئەگەری توشبونیان بە نەخۆشیەکە هەیە. لەگەل ئەمەش دا دەبینین وڵاتەکان کەم تەرخەمیەکی یەک جار زۆریان بەرامبەر ئەم گروپانە کردووە بە تایبەتی لە دابین نەکردنی پێداویستیەکانی خۆ پاراستن لە توش بون بە کۆرۆنا وناسینی ئامۆژگاریەکان ئەوەتا دەبینین ژمارەیەکی بەرچاو لە ستافی تەندروستی ورێگەوبان وکرێکاری تری ئەم کارە بناغەییانە گیانیان لە دەست داوە وگیان لە دەست ئەدەن. ئەمە لە کاتێک دایە کە لە سەر تاسەری جیهاندا کەمیەکی یەکجار زۆر هەیە لە ستافی خزمەت گوزاری بە تایبەتی کۆرتی تەندروستی بە پێی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.
- پاکێجی یارمەتیە ئابوریەکان ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران ناگرێتەوە وئامانە هیچ زەمانەتێکی ئابوریان نیە لە بەر ئەوە لەکاتی توشبونی خۆیان یان ئەندامانی خانەوادەیان بە نەخۆشیەکە بە ئاسانی ناتوانن دەست لە کار هەڵگرن ولە ماڵەوە دانیشن. ئەمە بۆتە ڕێگرێک لەبەردەم کۆنترۆل کردنی بلاو بونەوەی ڤایرەسەکە. ئەمە جگە لەوەی کە ووڵاتانێک وەکو عیراق هیچ یارمەتیەکی ئابوریشی دانەناوە.

پرسیار: تێبینییەکی گرنگت هەیە لەسەر ئەو ڕووشونانەی دەوڵەتان گرتویانەتە بەر بە بەرتەسککردنەوەی پێتاکە؟ ئایا مۆدیلی چینیت پێ سەرکەتوو بوو یان سویدی؟ کۆریات لەگەڵ ئەمریکا پێ چەن بووە؟ ئایا بۆچی ئیتالیا سیستەمی تەندروستیەکەکەی لەتەواوی ئەوروپا پێککەوتەتر بوو؟

ش ع: بەراورد کردنی راستەوخۆی ولاتەکان و تآسیری پێتاکە لەسەریان کارێکی راستەوخۆ ومستقیم نیە وە هەر وڵاتەو سیستەمێکی جیاوازی هەیە بۆ تەمار کردنی کێسەکان. بۆلام چەند نمونەیەکی سەرکەوتو هەیە لە جیهانداکە ئومێد بەخشۆ ونیشان دەدەن کە کارکردنی بۆ پێڵە وهاوئاهەنگ دەتوانێت تارادەیەکی زۆر بەر بە ڤایرەسەکە بگرێت وە لانی کەم لە خراپترین نتیجە بمانپارێزێت بۆ نمونە کۆریای باشوور کە زۆر بە چێی تێست وبە دواداچونی کرد ویان المانیا کە بە پێڵە ڕێژەی تێستیان زیاد کرد و نیوزیلەندە بە هەمان شێوە

ستراتیژی لە ناو بردنی پیادە کرد. بە پێچەوانەی ئەمانەوە دەبینین وولاتانی امریکاوبریطانیا وبرازیل بە نمونە بە جولانەوەی خاوخاو وناڕەشنی وسەر لێشێواوی ئامارگاریەکانیان وەاکشانی پێنجەی تەمەت بە ئەم وئەو وبیرکردنەوەی تەسک لە سنوری جوغرافیای وەاتەکاندا بە مەبەستی ناوخەیی لەباتی هاوئاهەنگی لەسەر ئاستی جیهان بوو هەی ڕژیمێکی یەکجار زۆر لە تووش بوان ومردنیش. ئەم جارە بە بایەخی وکەم تەرخەمیەی وولاتەکان بەتە شوێنی نارەزایەتیەکی بەرفراوانی خەلک وەەی دەولەتەکانی جیهان لە پاراستنی بەرژەوەندی هاوولاتیانیانی خستەتە ژێر پرسیارەوە.

پرسیار: بەدنییایەوە، هەرکەس ولایەن وگروپ وحزبەکی سیاسی جددی پاش کەرنا دەبەت پرۆژەیەکی گرنگی سیاسەتی تەندروستی گشتی لە بەرنامەکەیدا بگونجێنێت؟ ئاوگەەکی گرنگ بەسەرسەرجەم جومگەکانی سیستەمی تەندروستی وەاتدا بەت؟ لە ەوانگەی تە چ بەرنامە وپرۆژە ستاندەردیکی زانستی پیویستە بە کەەگای ئەەە؟

بە رای من ئەم پەتایە دوو کەشەی ئەەەی خستە ووە کە مرۆڤایەتی گەیشتەتە شوێنێک کە چارەسەرکردنیان بەتە پێداویستیەک قابیلی دواکەوتن نیە. یەکەمیان نایەکسانیە ودووەم نەبونی خزمەت گوزاری تەندروستی گشتی بە هەموان وە بە خەەایی.
کەرنا کەشەی ئەو بەشانەی کەەەی زۆق کردەوە کە دەسەەاتداران نایانبیستن ونایابینن ولە پلانە ئابوری وکەمەلایەتی وسیاسیەکانیاندا حیسابیان بە ناکەن. کەرنا هەمو جیهانی بە ئاگاهێنایەوە کە نایەکسانیەکی خیایی دەورو بەری داوین. کەڤید-١٩ چالەنجێکی بایەلەجیە کە جگە لە باری فیزیکی ودەرونی ئاکامەکانی کەمەلایەتی وئابوری ودرۆژ خایەنن. دەتوانم بەەم کە بە لەکەینەوە لە بایەگرافی توشبوەکاندا وئەو گروپانەی کەزیاترین زیانیان پێ گەیشتوە ەەگای چارەسەروبەرگرتن بە پەتا وکارەساتی تری لەم جۆرە مان بە دەردەکەوێت.
ماپەری بی بی سی نیوز ڕۆژی ٨/٥/٢٠٢٠ دەەەت کە دانیشتوانی ناوچە هەژارەکان دووقات ئەگەری مردنیان بە کەرنا هەیە (٥٥/١٠٠٠٠٠)وەک لە ناوچە دەولەمەندەکان (٢٥/١٠٠٠٠٠).
هەچ پرۆژەیەکی تەندروستی گشتی کاتێک دەتوانێت خزمەت بە کەمەلگا بکات کە هەمو توخمەکانی کەەە بە خەەایی وبە بە هیچ جیاوازیەک دەستیان پیا ەابگات.
ئەوەی کە پەویستە هە هەمو وەاتەکاندا سیستەمێکی تەندروستی وچاو

دەری کۆمەڵایەتی (صحە ورعایە اجتماعیە) گشتی یە بە ستاندارد‌کی بەرز لە فەرکردن وراهێنان وئامرازودەزگای کوالیتی بەرز وبە هەل ومەرجی کارکردن وموچەیەکی باش بژیوی شایستە بە هەمو کارمەندان کە بتوانێت خزمەتگوزاریەکان پێشکەش بە کەمەل بکات بە یەکسانی وبە بە جیاوازی وپارێزراو بێت لە دەست تێوەردانی کەرتی تایبەت وبازاڕ وسیاسەتە ئابوریە نیولیبرالیەکان.

شیرین عبدالله
9.5.2020

ئایا دروستە وانەی ئایینی داسەپێنرێت بەسەر سیستەمی خوێندنا … شیرین عەبدوڵا

ئەمە بابەتێکە گفتو گۆی زۆری لەسەر کراوە، هەبەتە لە ئێستا کاتیکي گونجاو تر نیە بۆ کردنەوەی ئەم دایلۆگە لە کاتێکدا کە عیراق لەبەردەم گەڕانکاری ڕیشەییدایە بەتایبەتی لەسەرهەڵدانی خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) وە.
پێش ئەوەی تەنانەت بچینە ناو باسکەوە، هەندێک پرسیارمان بە دەتە پێشەوە:
ئۆگەر بەیاردرا وانەی ئایین بخرێتە سیستەمی خوێندنەوە ئایا کام ئایینە هەڵە دەبژێریت؟ ئایینی زەرینەی دانیشتوانی وڵاتەکە؟ ئەی "کەمایەتیەکان" چی؟
ئۆگەر ئەمە باس لە کەمەڵگایەکی مەدەنی دەکەین کە تیایدا مافی هەمو تاکەکان پارێزراو بێت ئایا هەمو منالان مافی فێر بونی ئایینی فامیلیەکانی خۆیانیان بە شێوەی ڕەسمی لە مەکتەبدا نیە؟ وە ئۆگەر هاتو ئەمەشمان کرد و هەمو ئایینەکانی وڵاتەکەمان خستە ناو سیستەمەکەوە، ئەی ئەوانەی کە بە باوەڕن و بە دینەکان و ئاتایستەکان و بیر ئازادەکان و…؟
ئۆگەر بابەتەکە دەربارەی فێرکردنی ئاینێ وەک باوەڕ و شێوە بیرکردنەوەی کەسەکان ئایا زەروور نیە مشکی منالەکانمان

دەمانەوێت بکەین و هەموو جۆرە باوەڕێکیان پێ بناسێنین و لەوانەش بە دینێکان بە ئاوەزی فکر ڕەشنی و باوەڕ بە خوبونیان تیا بچنین هەتا توانای بیاردانیان هەبێت و لەوانە بیاری هەڵبژاردنی بیر و باوەڕێک کە خۆیان پێیان دروستە دوور لە فشاری کۆمەڵایەتی و پێشداوەری؟
بە بۆای من لایەنە نگاتیڤەکانی داسپاندنی وانەی ئاینی بەسەر سیستمی خوێندندا لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی زیاترە:
یەکێک لەو لێژیکانەی کە دەتوانێ ئاوێنە کە زۆربەی ئاینەکان باس لە خۆشویستی و یارمەتی دانی یەکتری و بەزەیی و هەندە خسڵەتی تری لەو بابەتانە کە گومان لە باشیاندا نیە بە سەر کەسایەتی منال بەتام لە هەمان کاتدا دەبینین هەمان ئەم ئاینانە چیرۆک و وانەی یەکجار دەندانە و سامناک لە تووندوتیژیدا دەگەڕێنەوە کە تا ئێستاش لایەنگرانیان (و بە تایبەتی کە ئاین و سیاسەت تێکەڵ دەبن) پەوپاگەندەی بە دەکەن و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پەیڕەوی دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی سەر لێشاوای لای منداڵان و قورسی تێگەیاندنی مناڵەکان لەبەر ئەو هەموو ناکۆکیانە.
با واز لە کوشتار و تووندوتیژیش بهێنین، ئایا چۆن منداڵێک قەناعەت پە دەکەیت کە دایکی ئەو (کە لە ڕوانگەی منداڵەکەوە گرنگ ترین کەسە لە هەمو جیهاندا) بە نیوە ئینسانێک دەژمێردرێت لە ڕوانگەی ئاینەکەوە؟ وە چۆن تەی دەگەیەنیت کە باوکی ئەو بۆی هەیە بە ئارەزوی خۆی دەست درێژی بکاتە سەر دایکی و سوکایەتی بە خۆی و خانەوادەی بکات و ئەگەر دەنگی ناڕازایەتی هەبڕی ئەوا بە هەزاران شێوە کۆمەڵگا پێش یاسا حوکمی بەسەردا دەدات؟ وە چۆن ئەو ناکۆکیە ڕوون دەکەیتەوە کە هەموو کردەوەکانت لەسەر زەمین بێت نوسراوە، تەنانەت پێش لەدایک بوونیشت، کەچی لەگەڵ ئەمشدا لە "ئەو دنیایەی تردا" بە ئاگری هەتاهەتایی سزا دەدرێت؟ ئەگەر "پەروەردگار" بۆی نوسیویت کەواتە سزای هەتاهەتایی بۆچی؟
ئایا ئەمانە هەموی ناکۆکی نیە کە زەحمەتە هەر کەسێکی پە قەناعەت بکەیت؟
لەڕادەمە سەر پرسیارێکی تر کە بڕوەوومان دەبەتەوە، ئایا لە کام تەمەنەدا ئەم وانەیە دەست پە بکات؟ و ئەمەش خۆی باسێکی قووڵە لێرەدا شونی ئەوەمان نیە. بەڵام ئەوەی کە دەبینرێت زۆربەی لایەنگرانی وتنەوەی وانەی ئاینی لە خوێندنی گشتیدا پێیان باشە لە تەمەنێکی زووەوە دەست پەبکات، و ئەمان زیاتر داوا دەکەن ئاینی تایبەتی خۆیان بووترێتەوە نەک ئاینەکانی تر. ئەمەش پڕپەدانی مەزهەب پەرستی و قووە کردنەوەی تایفە گرایی لە لای منداڵان بە دوای خۆیدا دەهێنێت پێش ئەوەی چاویان بە دنیا بکرێتەوە و بزانن

باسکە چیە.
زۆربەی منداڵ شتێک لە بیروباوەڕ و ئایینی کەسوکاریان (وەیان بە ئایینی) لەمناڵیەوە وەردەگرن و بەو پێیەی کە ئەگەر هەڵگری ئاینێک بیت یان نا کارەکی تایبەتێ بە تاکەکان ومافی ئەوەیان هەیە بە ئازادی وهۆشیارانە بیاری لەسەر بدەن، بە ڕای من منداڵ بە تایبەتی هەتا دوای قۆناغی سەرەتایی خوێندن، بە تەواوی ئامادەیی نیە بۆ تێگەیشتنی و ردەکاری ئاینەکان (و لێگەیشیانا بۆ دین بوون) و چەندەها پرسیاری تر لە سەر بوون و نەبوون. بەڵام لە تەمەنێکی زۆر زووەوە توانای تێگەیشتنی هەوشتە مرۆڤایەتیەکانی وەک خۆشویستی و بەزەیی و یەکسانی و قبوو نەکردنی ستەم و ناعەدالەتی..هتد هەیە لەدەرەوەی قاڵبی ئەم دین و ئەو مەزهەب. لەبەردا ئەوەی کە منداڵ زیاتر توشی سەر لە شێواوی دەکات ئەوەیە کە خانەوادەکان بیروباوەڕی خۆیان دەسەپێنن وەک تەنها ئەوان ڕاستبن و نەفی هەمو بیروباوەڕێکی کە دەکەنەوە. لێگەڕ چاو کردنەوەیدا منداڵەکە بۆی دەردەکەوێت کە لەنەو هاوەڵیانیدا و لەناو کەمەڵگای دەرەوەدا بیروڕای جیاواز هەیە کە لەوانەیە ستاندارد کەمەڵایەتیەکانیان جیاوازیکی ئەو تۆی نەبێت، لەبەردا منداڵ توشی سەر لە شێواوی دەبێت وە لەوانەیە متمانەی بە کەسوکارەکەی خۆی و پرنسیپەکانیان نەمێنێت.
لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئامانج لە فێر کردنی ئاینی لە قوتابخانەدا ئەوە بێت خەسڵەتی مرۆڤایەتی بچەنین و منداڵ لە سەر بیر کردنەوە و پیاچونەوە بە کردەوەی ڕەفتارەکانیاندا و جیا کردنەوەی چاک و خراپ پەروەردە بکەین ئەوا زۆر ئامرازی فێربوون و شێوەی ترهەیە کە یارمەتیمان دەدات ئەم کارەکتەرە باشانە و چەندەها سیفاتی تری وەک ڕێز گرتنی بەرامبەر و بەوا بە خۆ بوون و وەستانەوە بە ڕووی ستەم و ناعەدالەتیەدا.. وە مێژوی نزیک و دوور، و تەنانەت لە ژیانی ڕەفتارەکانی ئێستاماندا کە نزیک ترین نمونە ئەوەیە کە لە مەیدانەکانی ڕاپەڕیندا لە شارەکانی عیراق دەیبینین لە ئۆکتۆبەری (٢٠١٩)وە، پڕ لە چەندین چیرۆک و پاڵەوانەتی واقیعی و ڕاستی و بەرزترین بەها ئینسانیەکان، ئیتر پۆیست ناکات بگەڕێنەوە بۆ ئاینەکان و چیرۆکە خەیاڵیەکان.
جگە لە مانە، فێرز کردنی بیروڕای خۆمان بەسەر منداڵی کۆیان کچ دا بە پێشێل کردنی مافیان دادەنرێت و ڕێگرتنە لە بیرکردنەوەیان و بەیاردان لەسەر باوەڕەکانیان وە ئەمانەش دەبێتە هۆی چەندین کێشەی دەروونی و ئاکامی تر لەسەر شخصیەت و دروست بونیان لە درێژ خایەندا.
لەبەردا بانگەوازێک بە دایک و باوکان و خانەوادەکان کە دوور

بکەونەوە لە داسەپاندنی دابونەریتی مەزهەبی، بەسەر کوان و کچانیاندا بە دروست کردنی نەوێکی بیر فراوان کە توانای بەیاردانی هەبەت دور لە پەشداوەری وبیر تەسکی و تایەفگەرایی کە وەاتەکەمان بە درێژایی ١٧ ساڵ بەدەستیانەوە دەناڵێنێت.
ئەمە لە عیراق دا تا ئێستا برینەکانی جەنگی طائیفیمان تیمار نەبوە و لە کەمەگای ڕۆژهەڵاتی ئەمەدا کە گیردەی ئیسلامی سیاسی و باڵادەستی داب و نەریتی عەشایەری و پیاوسالاریە وە تەنانەت لە زەربەی وەاتانی بەناو "پشکەوتو" دا دەبینین چەن دەسەاتەکان دین بەکاردەهێنن وە سود وەردەگرن لە دووبارە دروست بونەوەی ئەم دابونەریتانە وە لە ڕێگەی ئەموە نەک هەر بە کەیلەبونی نیوەی کەمەگا گارانتی دەکەن بەکو بە ئاسانی ڕەخنەش کاری بە چەندین لە تاوانەکانیان دەکەن و داسەپاندنی قورسترین باری ژیان بەسەر کەمەدا لە ژێر ناوی قەزا و قەدەر و...هتد دا. چەندین جار جیاوازی مەزهەبی و ڕەگەزی و.. بەرز دەکرێتەوە وەک کارتێکی دەستی دەسەات لە هەویاندا بە لە بیر بردنەوەی کێشەکەشی چینایەتی و گەینی بە کێشەکەشی مەزهەبی.
زەر لە دایەلەگ و بە چون هەیە لە سەر هەردولای ئەم بابەتە بەام دین وباوەڕ (یان نەبونی) کاری شەخصی مرۆڤکانە پەویستە ئینسانەکان ئازادی تەواویان هەبەت لە هەبژاردنیدا دوور لە پەشداوەری وهیچ فشارێک چ لە لایەن خانەوادەوە و چ لە دامودەزگاکانی خوێندن یان دەوڵەتەوە. ئەم هەبژاردنە تەنها کاتێک گونجاو دەبەت کە ئینسانەکان تەواوی ووردەکاری ئەو بیروباوەڕە تێبگەن و بتوانن هەیسەنگێنن وە ئەمەش پەویستی بە کامل بونی فیکری کەسەکان هەیە.